تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (6975) پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 | "16" لاپەرە | "500" دینار

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە لووتکەی کۆمکاری عەرەبی لە بەغدا دەکات



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە لووتکەی کۆمکاری عەرەبی لە بەغدا دەکات و دەڵێت، "ئەم لووتکەیە وێستگەیەکی دیپلۆماسی مێژوویی دەبێت بۆ گەڕاندنەوە رۆڵی سەرەکیی عێراق لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست."

لووتکەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی رۆژی 17ی ئایار لە بەغدای پایتەختی عێراق بەڕێوەدەچێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس پێشوازی لە بەڕێوەچوونی لووتکەکە لە بەغدا کرد.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت، "پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ هەوڵەکانی بەڕێز سەرۆکوەزیران، محەمەد شیاع سودانی، دووپاتدەکەینەوە بۆ بەهێزکردنی کاری هاوبەشی عەرەبی، بنیاتنانی هاوبەشی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، و رابەرایەتیکردنی رێگەی کەمکردنەوەی گرژییەکان و یەکپارچەیی هەرێمی لە دڵی بەغدای پایتەختەوە."

## مەسرور بارزانی بۆ یەکێتیی قوتابیان و لاوان:

# لە بڕەودان بە هزری نیشتمانپەروەری بەردەوام بن



پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە، یەڵدا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کورتەیەکی دەربارەی ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان خستەڕوو، کە بڕیارە ئەمڕۆ پێنجشەممە بە ڕێکخراوەکە کرد.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا، مەسرور بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، ئاماژەی بە گرنگیی ڕۆڵ و خەباتی پڕ لەسەروەری هەردوو ڕێکخراوەکە کرد، کە ئێستا بە یەکگرتنەوەیان بەرەو قۆناخێکی نوێ و مێژوویی هەنگاو دەنێن.

هەروەها جێگری سەرۆکی پارتی، کاراتر و چالاکانەتر بەردەوام بن لە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان لە پێناو زیاتر پەرەپێدانی تواناکانیان لە هەموو بوارەکاندا و بەرەودان بە هزری نیشتمانپەروەری و داکۆکی لە قەوارەی دەستووری و دەستکەوتە نیشتمانییەکان.

دەستخۆشی لە مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی لق و ناوەندەکان و کادیرانی هەردوو ڕێکخراوەکە کرد بۆ ئەرک و ماندووبوون و خەبات و کارکردنیان لە پێناو خزمەتکردنی تۆێژی قوتابییان و لاوانی کوردستان، هەروەها ڕایسپاردن کە بە شێوەیەکی

## ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژەی نیشتمانیی (ڕووناکی) تایبەت بە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری پەسەند کرد

# ئەنجوومەنی وەزیران: حکوومەتی فیدراڵ دەبێت وەک قەوارەیەکی دەستووری ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات

دوێنێ چوارشەممە 14ی ئایاری 2025، بە سەرپەرشتیی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوە، گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە (پڕۆژەی ڕووناکی)، بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی کارەبای بیست و چوار کاتژمێری بۆ هاوبەشانی تۆڕەکانی کارەبای نیشتمانی، بە شێوەیەکی فراوان و بە بەردەوامی و کەمکردنەوەی تێچووی بەکارهێنان و ڕێگریکردن لە بەهەدەردان و هاوسەنگی لە دابەشکردن و پاراستنی ژینگە و تەندروستیی گشتی و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە نیشتمانییە، لەلایەن کەرتی گشتی و وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت.

بۆ ئەم بڕگەیەی کارنامەی کۆبوونەوەکە، وێڕای وەزیری کارەبا، میوانداریی هەردوو بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و دابەشکردنی کارەبای هەرێم کرا بوو بۆ خستنەڕووی وردەکاریی پڕۆژەکە و وەڵامدانەوەی پرسیار و سەرنجەکان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)




## ترینت فرانکس، ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ (خەبات):

# ئەگەر کورد لە ناوخۆدا یەکگرتووبن بەدیهێنانی ئاواتەکەیان زۆر نزیکە

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا، ترینت فرانکس سەرمایەدار و ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمەریکا ئاماژەی بۆ گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و تەئکید دەکاتەوە ئەگەر کورد یەکگرتووبن و پشتیوانی یەکتر بن ئەوا بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان زۆر نزیکە. لە دیمانەکەیدا لەگەڵ خەبات ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان و قوربانییەکانی گەلی کوردی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان و دواترینیشیان ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش وەبیرهێنایەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



## ئەندامێکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری:

# دەبێ پێشمەرگە لەو شوێنانە جێگیر بکرێن کە پەکەکە چۆڵیان دەکەن

2

# لە عێراق سێ ملیۆن و 600 هەزار دەنگدەری نوێ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تۆمارکراون

سەرۆکی تیمی ڕاگەیاندنی سەربەکۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، عیماد جەمیل ڕایگەیاند لە چوارچێوەی ئەو ڕێکارە نوێیانەی کە گرتوویانەتەبەر، توانیویانە سێ ملیۆن و 600 هەزار دەنگدەری نوێ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی عێراق، تۆمار بکەن.

عیماد جەمیل، لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا کە ڕێکارەکانیان لە دریژکردنەوەی کاتی دەوامی فەرمی، کارکردن لە ڕۆژانی پشوو، گەڕانی تیمەکانیان لە زانکۆ و دامەزراوەکان و مااڵی هاووڵاتیان، هۆکاربووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و تۆمارکردنی دەنگدەری نوێ. ڕاشیگەیاند لە ڕێگای تیمە گەڕۆکەکانیانەوە، سێ ملیۆن و 600 هەزار دەنگدەری نوێ کە لە لەدایکبووانی 2004 تا 2007 تۆماری بایۆمەتریان بۆ ئەنجامدراوە. هەر لەوبارەیەوە گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، جومانە غەلای ڕایگەیاند، بەپێی فۆرمی خۆڕاکی وەزارتی بازرگانی عێراق کە لە 25ی مانگی ئادارەوە تا 13ی ئەم مانگە، زیاتر یەک ملیۆن کەس کە لە دایکبووی ساڵی 2007 ن، تۆماری خۆیان بۆ دەنگدان نوێکردووەتەوە.



## هزر و هونەر

### ڕۆمانی ئارابخوێن لە نێوان واقیع و فەنتازیادا

7



### ئەکشن.. لە دراماو فیلمی کوردی دا

8



### گوزەرێک بەنێو ئەدەبی ئەوروپیدا.. دۆزینەوەی کولتوور و بابەتگەلی فرەجۆر

9



پێشەوا هەورامانی، گوتەبێژی حکوومەت:

# مەسرور بارزانی سەردانی ئەمەریکا دەکات

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی سەردانی ئەمەریکا دەکات و ژمارەیەک دیداری گرنگی دەبێت.

دوێنێ چوارشەممە 14ـی ئایاری 2025، پێشەوا هەورامانی، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە پرۆژەی ڕووناکی، مووچەی فەرمانبەران، پەیوەندییەکانی هەولێر–بەغدا، سەردانی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئەمەریکا و چەند پرسێکی دیکەی کرد.

پێشەوا هەورامانی لە بەشێکی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا باسی لە پەیوەندییەکانی هەولێر و واشنتن کرد و ڕایگەیاند، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمەریکا دەکات.

بە گوتەی گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەردانەکەیدا، سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی ژمارەیەک کۆبوونەوە و دیداری گرنگ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا دەبێت و دواتر وردەکاریی سەردانەکە ڕادەگەیەنن.

ئەم سەردانە لە کاتێکدایە، ڕۆژی هەینی 11ی نیسانی 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و مارکۆ ڕۆبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە تەلەفۆن قسەیان کرد.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە دابوو، «سەرۆکی حکوومەت و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هاوڕابوون لەسەر پێویستیی و گرنگیی دەستپێکردنەوەی هەنارەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکی».

حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسی لەوەش کردبوو، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، سوپاس و پێزانینی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی کە بووتە پەناگەیەکی ئارام بۆ پاراستنی گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ڕۆڵێکی گرنگیشی لە پاراستنی سەقامگیریی و ئاسایشی ناوچەکەدا هەیە.

دواییین سەردانی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی بۆ ئەمەریکا، بۆ ڕۆژی دووشەممە 26ی شوباتی 2024، دەگەڕێتەوە. لەو سەردانەدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری پێشووی ئەمەریکا کۆبووەوە. لە دیدارەکەدا بلینکن بە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی گوت: «ئەمەریکا هاوبەشییەکیی درێژخایەنی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە و هاوبەشیان لەسەر بنەمای بەهای هاوبەش، بەرژەوەندیی هاوبەش و میژووی پێکەوە قوربانیدانی هاوبەش بنیاتناوە، ئەوە شتێکە ئەمەریکا بە جیددی لێ دەڕوانێت و بۆ خودی خۆشم وەک شتێکی مەزن تەماشای دەکەم».

سه‌گڤان سندی، ئەندامێکی لێژنەی ئاسایش و بەرگری:

# دەبێ پێشمەرگە لەو شوێنانە جێگیر بکرێن کە پەکەکە چۆڵیان دەکەن



لە کاتێکدا کە پارتی کرێکارانی کوردستان بڕیاری چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی داوە، داوا دەکرێت ئەو شوێنانەی پەکەکە لە رابردوو دەستی بەسەردا گرتوون و چۆڵیان دەکات، بە هێزی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە پڕ بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێت هێزی نافەرمی یان حزبی شوێنیان بگرێتەوە.

ڕۆژی دووشەممە 12ی ئایاری 2025، پەکەکە ئەنجامی کۆنگرەی خۆی کە لە ڕۆژانی 5 و 7ی ئەم مانگە بەستوویەتی، ڕاگەیاند و تێیدا ئاشکرای کرد کە بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی داوە. لەمبارەیەوە سەگڤان سندی، ئەندامی لێژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندووە، ئەو ناوچانەی کە پەکەکە دەستی بەسەردا گرتوون لە زنجیرە چیاکانی قەندیل، ناوچەی زۆر ستراتیژی و هەستیارن، پێکهاتوون لە زنجیرە چیای ئێجگار ئاڵۆز کە سنووری دەستکردی هەرسێ دەوڵەتی (عێراق، ئێران و تورکیا) بەیەکەوە دەبەستنەوە، بۆیە هەر گرووپێک کە لەو ناوچانە جێگیر بێت، بە ئاسانی دەتوانێت بگاتە نێو هەریەکێک لەو وڵاتانە، بۆیە لە بەرژەوەندیی هیچ یەکێک لەو وڵاتانە و هەرێمی کوردستانیشدا نییە کە ئەو ناوچانە بۆشایی ئەمنییان تێدا بێت.

سندی ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە: "لە کۆتایی ساڵانی نۆوەدەکاندا بینیمان کە چۆن لایەنە ئیسلامییە تونددڕەوەکان بارودۆخی ئەوکاتی هەرێمی کوردستانیان قۆستەوە و دەستیان بەسەر هەندێک ناوچەی سنووری لە پارێزگای سلێمانیدا گرت، ئەمەش کات و قوربانییەکی ئێجگار زۆری ویست تاوەکوو توانرا ئەو هێزانە لەو ناوچانە وەدەر بنرێن، بۆیە نابێت ئەم هەڵەیەی ئەوکات دووبارە بکرێتەوە."

ئەو پەرلەمانتارە جەختی کردەوە کە ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و باکووری کوردستان زیاتر پێش کەوت و گەیشتە ئەو قۆناغەی کە پەکەکە شوێنەکانی خۆی چۆڵ بکات، ئەوا دەبێت هێزەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لەو شوێنانە جێگیر بکرێن، "بە تایبەتیش لە پارێزگای سلێمانی نابێت ڕێگە بدرێت هێزی حزبی یان نافەرمی ئەو سنوورانە کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەڵکوو دەبێت هێزی هاوبەشی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لەو شوێنانە بن و تەنیا فەرمان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک و لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا ئەو ناوچانە نەکرێنە خاڵێک کە لە داهاتوودا لێیەوە سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکرێت."

محەممەد ئیسماعیل، سەرۆکی ئەنەکەسە:

# لە ماوەی هەفتەیەکدا شاندی هاوبەشی کوردی بۆ دیمەشق پێکدێت

## چەکدانانی پەکەکە کاریگەریی گەورە لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دروست دەکات



سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی لە سووریا (ئەنەکەسە) ئاشکرای کرد، لە ماوەی هەفتەیەکدا لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان شاندی هاوبەش بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دیمەشق پێکدەهێنن و دەڵێت، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و چەکدانانی پەکەکە کاریگەریی گەورە لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دروست دەکات.

محەممەد ئیسماعیل، سەرۆکی ئەنەکەسە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە، کە هیچ کێشەیەک لەبەردەم دروستکردنی شاندی هاوبەشی کوردی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی نوێی سووریا نەماوە گوتوویەتی «بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی باشمان ناوە و لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو شاندە پێکدێت، کاتەکە ئێستا گونجاوە، لە ماوەی هەفتەیەکدا تاوەکو 10 ڕۆژ شاندەکە پێکدەهێنین، تێگەیشتنێکی باشمان لەسەر شاندەکە و ئەندامانی هەیە، هیچ کێشەیەک لەم ڕووەوە نابێت، تەنیا هەندێک شتی تەکنیکی و واژۆکردنی نەخشەڕێگەیەک بۆ چوون بۆ دیمەشق ماوە».

ڕۆژی شەممە 26ی نیسانی 2025 لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان، کۆنفرانسی «یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی کورد» لە ڕۆژئاوای کوردستان بە ئامادەبوونی نزیکەی 400 ئەندام و نوێنەری پارت و لایەنە سیاسییەکان بەڕێوەچوو، تێیدا بڕیاردرا کە شاندێکی هاوبەشی کوردی بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکوومەتی سووریا پێکبهێنرێت.

**لەبارەی پێکهاتەی شاندەکەوە محەممەد ئیسماعیل دەڵێت،** «تێڕوانینی جیاواز هەیە لەبارەی ژمارەی ئەندامانی شاندەکە، هەندێ لایەن پێیان باشە 9 بۆ 10 کەس و هەندێک لایەنی دیکە 7 کەسیان پێباشە، بەڵام ئەوە کێشەیەکی گەورە نییە، هەروەها شاندەکە بە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان دەبێت و چەند لیژنەیەکی پشتیوانیش لە کەسانی پسپۆڕ پێکدێن بۆ ڕاوێژکردن لە کاتی پێویست».

**محەممەد ئیسماعیل، کە هاوکات سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد - سووریایە، دەشڵێت** «تائێستا ئەو تێڕوانینە لای ئێمە دروست نەبووە، کە حکوومەتی نوێی دیمەشق دژی گەلی کورد بێت، هەندێک تێبینی خۆیان لەبارەی ڕێککەوتنی نێوان هەسەدە لەبارەی لایەنی تەکنیکی و سەربازی و ئیداری هەیانبووە و داوە، بەڵام تێڕوانینێکی خراپیان لەسەر کێشە و یەکگرتوویی کورد نەبووە، ئێمەش دەستمان بۆ دانوستان درێژکردووە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی سووریا و بەتایبەت کێشەی کورد، ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن خۆمان ڕانەگەیاندووە و پارێزگاریان لە خاک و گەلی سووریا کردووە».

**هەروەها سەرۆکی ئەنەکەسە لەبارەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و کاریگەری لەسەر دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاندووە** «پرۆسەی ئاشتی کە لە کورستانی تورکیا دەستپێکردووە، کاریگەری خۆی لەسەر هەموو گەلی کورد و بزووتنەوەی سیاسی کوردی هەیە، بەتایبەت کە پەکەکە ڕۆڵ و کاریگەریی هەبووە، ئەمڕۆ کە چەک دابنێت و بە دیالۆگ دانوستاندن بکات، لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تورکیا دایە بە پلە یەک و کاریگەریی بەسەر پارچەکانی دیکە بە تایبەت کوردستانی ڕۆژئاوای دەبێت، بەهۆی ئەو کادیرانەی پەکەکە کە لێرەن و کاتێک لێبوردنی گشتی بیانگرێتەوە، دەتوانن بگەڕێنەوە و چارەسەرێکی سیاسی لێرەش دروست بێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کوردی کوردستانی سووریادایە». هەروەها لەبارەی دانانی حاتم ئەبو شەقرا، فەرماندەی گرووپی چەکداری ناسراو بە (ئەحرار شەرقیە)، وەکو بەرپرسی سەربازی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، **محەممەد ئیسماعیل پەتیدەکاتەوە، کە کێشەی کەسایەتی بێت و گوتی** «ئێمە وەکو بزوتنەوەی سیاسی کوردی لە دژی کەس و لایەنێک نین، داواکاری گەلەکەمان بۆ ئێمە گرنگە، گرنگە مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد بخرێنە نێو دەستووری سووریادا، لە دواڕۆژدا پرسی کەس و ناکۆکییەکان چارەسەردەکرێن، ئێمە پرسە بچووکەکان ناهێنینە پێش، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە سووریایەکی ناناوەندی و فەرهزبی و فەرە ئایینییە، کە شوێنی هەر کەسێکی تێدا بێت، بەتایبەت جێگەی گەلی کورد».

**سەرۆکی ئەنەکەسە ئەوەشی گوتووە** «ئێمە لە ڕۆژئاوای کوردستان بە تەنیا نین، هەموو لایەنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار و کاریگەر لە سووریا پشتگیری لە مافەکانمان دەکەن، ئەگەر ئێمە دەستی دیالۆگ و هاوکاری درێژ بکەین و پارێزگاری لە یەکگرتوویی گەلی سووریا بکەین، ڕووسیا و ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی عەرەبی وەکو سعوودیە و ئوردن و میسر و ئیمارات لە دژی هەڵوێست و چارەسەرکردنی پرسی کوردن نابن، ئێستا ڕێگە بۆ ئێمە کراوەیە و دەرفەتێکی زێڕین هەیە، کە نوێنەرایەتی گەلەکەمان بکەین بێ هیچ ناکۆکییەک».

لەندەن دووەمین کۆنفرانسی زمانی کوردی بەڕێوەچوو

# د. فەریاد فازیڵ: نەخشەی 10 ساڵیمان هەبێت ئینجا دەتوانین بڵێین پەروەردەیەکی سەرکەوتوومان هەبووە





**خەبات- ساسان دەروێش**

ڕێکخراوی کانگا لە ماوەی بیست ساڵی دامەزراندنیاندا هەمیشە لە گەشەکردن و زیاتر پیشەیی بوون و توانیویانە ببنە پردێکی نێوان مندالّی کورد و وڵاتی دایکیان لە ڕێگەی پەروەردە و پێگەیاندن و ناساندنی کولتوور و فەرهەنگی کوردستان پێیان بەسەرپەرشتی خاتوو شەوبۆ محەمەد بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کانگا و عەدنان شاسوار جێگری ڕێکخراوەکە و هاوکارانیان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە بۆ زمانی کوردی.

ڕێکخراوی کانگا لە تێپەڕبوونی 20 ساڵ بەسەر خزمەتکردنی مندالّی کورد لە تاراوگە هاوکات بۆ ساڵی دووهەم هەڵسا بە ڕێکخستنی کۆنفرانسی زمانی دایک لە شاری لەندەنی بەریتانیا، دەربارەی دروستنووسی زمانی کوردی بەبەشداری ژمارەیەک لە ئەکادیمست و شارەزا و پسپۆڕ لە زمانی کوردی، کە بەشێکیان لە دەرەوەی بەریتانیا و هەرێمی کوردستان ئامادەبوون بە ئامانجی تاوتوێکردنی چۆنیەتی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایک لەنێو کوردستانییان و دیاسۆرا. لە کۆنفرانسەکەدا پڕۆفیسۆر د. فەریاد فازیل، پڕۆفیسۆر د. هۆگر مەحموود فەرەج، کاک ڕەوا هەژار، پڕۆفیسۆر د. عەبدولوهاب خالید، پڕۆفیسۆر د. شیلان عومەر، د. بێهرووز چەمەن ئارا، هەروەها مامۆستا خەلیل شەریف بە توێژینەوە و بابەتی بەپێزی ئەکادیمی و زمانەوانی بەشداریان کرد و ئاستەنگییەکان و هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە بردنی زمانی دایک لە کوردستان و دیاسۆرا و ڕۆڵی ڕێکخراوی کانگا لە پاراستنی زمانی دایک لە کۆنفرانسەکەدا باس کرا.

دروستنووسینی کوردییان خستەڕوو. د. فەریاد فازیڵ وەک بەشداربووی کۆنفرانسەکە و پێشکەشکردنی بابەتێکی گرنگ دەربارەی زمانی کوردی قسەی بۆ خەبات کرد و گوتی: ئەم جۆرە کۆنفرانسانە بۆ کۆمەڵگەی کورد زۆر گرنگە کە بتوانن تیایدا تاوتوێی چۆنیەتی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی تیایدا بکرێت، ئەمە بۆ جاری دووهەمە لە لەندەن ئەنجام دەدرێت کە تیایدا کۆمەڵێک لە شارەزا و زانایانی کورد لەبواری زمانی کوردی کۆدەکاتەوە لە کۆمەڵێک باسی گرنگ دەدوێین بەتایبەتی ئێمە پڕۆگرامێکمان داناوە لە دروستنووسیی زمانی کوردی لە یەکنووسی، ڕێکنووسی و دارشتنی دەستوورێکی یەکگرتووی زمانی کوردی ئەم دەنگەی خۆمان دەگەیەنین، بۆ یەکەم جارە لە تاراوگە ئەوە ڕادەگەیەنین کە (ئەلف و بێ) ی کوردییەی کە ئێمە کردوومانە بە (ئەلف و بێ) یەکی سەردەمییانە، تکایە بۆ فێرکردنی منداڵی کوردە کە چۆن فێری نووسینی ئەلف و بێ ببێت نەک کتێب بێت. لێرەدا بە تیپی لاتینیش بۆ ئەو منداڵانەی کە لە ئەوروپادا گەورە دەبن پێشکەشی دەکەین، هەروەها د. فەریاد فازیڵ گوتیشی: ئەم ساڵ بەشداربووم لەوەی باسی زمانی کورد چییە؟ و چیان کردووە بۆ زمانەکەمان و چی پێویستە بیکەین کەوا ئێستا ئێمە داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین چۆن بە کردار دەست پێبکەین ئەو بەرنامانە چین کە دابڕێژرێن، هیچ بەرنامەیەکی پەروەردەی ناتوانرێت لە ماوەی ساڵێک یان دووساڵ ئەنجامی هەبێت، بەڵکوو بەرنامەی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی منداڵی کورد لەنێو هەرێمی کوردستان بێت یاخود تاراوگە نەخشەی دە ساڵیان هەبێت ئینجا دەتوانین بڵێین پەروەردەیەکی سەرکەوتوومان هەبووە بۆ زمانەکەمان و پارێزگاریکردن لێی.

www.xebat.net
پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 ژمارە(6975)

### بە سەرپەرشتیی مەسرور بارزانی، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە:

# حکوومەتی فیدرالْ دەبێت وەک قەوارەیەکی دەستووری ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات

## ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژەی نیشتمانیی (ڕووناکی) تایبەت بە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری پەسەند کرد

## لێرە بە دواوە بڕی بەکارهێنانی کارەبا لەژێر کۆنترۆڵی هاوواڵتییان دەبێت و بەپێی بەکارهێنان پارە دەدەن



دوێنێ چوارشەممە 14ی ئایاری 2025، بە سەرپەرشتیی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوە، گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە (پڕۆژەی ڕووناکی)، بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی کارەبای بیست و چوار کاتژمێری بۆ هاوبەشانی تۆڕەکانی کارەبای نیشتمانی، بە شێوەیەکی فراوان و بە بەردەوامی و کەمکردنەوەی تێچووی بەکارهێنان و ڕێگریکردن لە بەهەدەردان و هاوسەنگی لە دابەشکردن و پاراستنی ژینگە و تەندروستیی گشتی و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژە نیشتمانییە، لەلایەن کەرتی گشتی و وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت.

بۆ ئەم بڕگەیەی کارنامەی کۆبوونەوەکە، وێڕای وەزیری کارەبا، میواندارِیی هەردوو بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و دابەشکردنی کارەبای هەرێم کرا بوو بۆ خستنەڕووی وردەکاریی پڕۆژەکە و وەڵامدانەوەی پرسیار و سەرنجەکان.

سەرۆکوەزیران لە سەرەتادا، ئاماژەی بە گرنگیی ئەم پڕۆژەیە کرد و ئاماژەی دا بەوەی کە ئەم پڕۆژەیە، بڕگەیەکی پەسەندکراوی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە مانگی تەمووزی 2019 پەسەند کرا و لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە متمانە بە کابینەکە درا.

سەرۆکوەزیران، ئەم پڕۆژەیەی بە یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناوبرد، کە داوا و خواستی چەندین ساڵەی هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان بووە و مافێکی ڕەوا و سەرەتایی هاونیشتمانیانیش بوو کە بکرێتە ئەرکی لەپێشینەی ئەم کابینەیە بۆ ڕێکخستنەوە و ڕیفۆرمیی جیددی لە کارەبادا.

سەرۆکوەزیران دووپاتیشی کردەوە کە دابینکردنی کارەبای 24 کاتژمێری، پڕۆژەیەکی نیشتیمانییە کە خاوەندارێتی بۆ وەزارەتی کارەبایە و بە هێزی کاری خۆماڵی کەرتی گشتی جێبەجێ دەکرێت و چەندین قازانج و سوودی گشتی هەیە لە ڕووی ژینگەیی و تەندروستی، هەروەها خەرجییەکەشی بۆ زۆرینەی خەڵک کەمترە لەو پارەیەی کە هاوواڵتییان بە موەلیدە و پارەی کارەبای نیشتمانی پێکەوە، دەیدەن.

سەرۆکوەزیران داواشی لە هاوواڵتییان کرد کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و بەپێی پێویستیی خۆیان کارەبا بەکاربهێنن و بەفیڕۆی نەدەن، بەو پێیەی بڕی بەکارهێنانی کارەبا، لێرە بە دواوە لەژێر کۆنترۆڵی هاوواڵتییان دەبێت و بەپێی بەکارهێنان پارە دەدەن، ئەمەش لەکۆتاییدا هاوکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کارەبا و بەکارهێنانەوەی داهاتی بەدەستهاتوو لە پاڵپشتیی زیاتری هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتیمانی و سەرخستنی پڕۆژەکە و فراوانکردنی، کە وا بڕیارە تا کۆتایی ساڵی 2026 ، تەواوی هاوبەشانی هەرێمی کوردستان سوودمەند بن لە خزمەتگوزاریی کارەبای بەردەوامی بیست و چوار کاتژمێری.

پاشان کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا، ڕاپۆرتێکی بەرفراوان و بە داتا و زانیاریی وردی پێشکەش کرد و باسی لە وردەکارییەکانی پڕۆژەکە و قازانجەکانی بۆ هاوواڵتییان کرد، هەروەها ئاماژەی بەو چاکسازییانە کرد کە لە قۆناخی ئەزموونیی پڕۆژەکە ئەنجام درا، بە ئاراستەی کەمکردنەوەی نرخی تێچووی کڕینی کارەبا لەلایەن هاوواڵتییان و پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ ئاسانکاری، لەپێناوی خۆگونجاندنی هاوواڵتییان لەگەڵ پڕۆژەکەدا.

دواتر ڕەشنووسی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران سەبارەت بە پڕۆژەی کارەبای بیست و چوار کاتژمێری (پڕۆژەی ڕووناکی) و وردەکارییەکانی بۆ ئەنجوومەن خرایەڕوو بە مەبەستی گفتوگۆ و بڕیاردان.

لە بڕگەی دووەمدا، گفتوگۆ لەبارەی ڕاسپاردنی وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کرا بۆ هاوئاهەنگی و هاریکاریی دەستەی هاوبەشی وردبینی هەردوو دیوانی چاودێریی داراییی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، کە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕاپۆرتی هاوبەشن لەسەر وردبینیی داراییی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسای بودجەی گشتیی فیدراڵ بۆ ساڵەکانی 2023، 2024، 2025.

ئەنجوومەنی وەزیران وێڕای جەختکردنەوە لە بەردەوامبوونی هاریکاری و هاوئاهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، لە هەمانکاتدا دووپاتی کردەوە کە دەبێت حکوومەتی فیدراڵ وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ و قەوارەیەکی دەستووری ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات و ڕێز لە مافە یاسایی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت و بەشەبودجەی هەرێم وشایستە داراییەکانی لە بودجەی گشتیی فیدراڵ بێ کێشە دابین بکات، بە تایبەتیش کە هەرێمی کوردستان سەرجەم داواکارییە تەکنیکی و ژمێریاری و یاساییەکانی حکوومەتی فیدراڵی سەبارەت بە لیستی مووچە و خانەنشینی و تەرازووی پێداچوونەوە و دابینکردنی ژمارەی کەسیی بێهاوتا بۆ سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم لە سەرجەم کەرتە جیاوازەکانی خزمەتی وەزیفی جێبەجێ کردووە و هیچ کەموکوڕییەکی تەکنیکی لەم ڕووەوە نەماوە، تا بکرێتە بەهانە بۆ ڕاگرتنی خەرجکردنی شایستە داراییەکانی مووچەخۆرانی هەرێم کە مافێکی یاساییی ڕەوای مووچەخۆرانە و دادگای باڵای فیدراڵیش بە ئاشکرا جەختی لەم مافە کردووەتەوە.

لە دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژەبڕیارەکەی بە کۆی دەنگ پەسەند کرد و وەزارەتی کارەبای ڕاسپارد بۆ دەرکردنی ڕێنماییی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕیارەکە کە هەر بەگوێرەی بڕیارەکە، لیژنەیەکی باڵا لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە سەرپەرشتیی سەرۆکوەزیران و بەشداریی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان پێکهات، بۆ بەدواداچوون و هەڵسانگاندنی بەرەوپێشچوونەکانی پڕۆژەکە و سەرخستنی بە ئاراستەی خزمەتکردنی هاوواڵتییان و ڕەچاوکردنی بارودۆخیان بە تایبەتیش کەمدەرامەتان.

---

### ترینت فرانکس، ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ (خەبات):

# ئەگەر کورد لە ناوخۆدا یەکگرتووبن بەدیهێنانی ئاواتەکەیان زۆر نزیکە



**خەبات – مەریوان نەقشبەندی**

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا، ترینت فرانکس سەرمایەدار و ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمەریکا ئاماژەی بۆ گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و تەئکید دەکاتەوە ئەگەر کورد یەکگرتووبن و پشتیوانی یەکتر بن ئەوا بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان زۆر نزیکە.

ترینت فرانکس کە لەدایکبووی ساڵی 1957 و لەنێوان ساڵەکانی 2013 تا 2017 لەسەر ویلایەتی ئەریزۆنا ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا و جێگری سەرۆکی لیژنەی بەرگریی ستراتیژی بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، لە دیمانەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان و قوربانییەکانی گەلی کوردی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان و دواترینیشیان ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش وەبیرهێنایەوە و گوتی: هەموو جیهان پێویستە پشتیوانی گەلی کورد و گەیشتن بەئامانجەکانی بێت چونکە کورد جگە لەوەی لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی داعشی کردوە «لەسەر ئاستی ئاشتی و ئاوەدانی و مامەڵە لەگەڵ کەمینەکان و ئازادییە گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ نموونەی مرۆڤایەتی بوون و هاوبەش و هاوپەیمانێکی گرنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مرۆڤدۆستانی جیهان بوون».

ترینت فرانکس کە ئەندامی پارتی کۆماری ئەمەریکا و کەسایەتییەکی نزیک لەدۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکایە، لە کۆتایی دیمانەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من بەبێ دوودڵی لە سەروبەندی ڕیفراندۆمی ساڵی 2017ی باشووری کوردستان پشتیوانی خۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی و ئەوکات لە دیدارم لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی لە واشنتن ئەو پشتیوانییەم دووپات کردەوە و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ترم لە کۆنگرێسی ئەمەریکا بەشداری ڕاگەیاندنی ئەم پشتیوانییەی گەلی کوردمان بۆ میدیاکان کرد. بۆیە ئێستاش هەمان پشتیوانیم بۆ گەلی کورد ماوە و دڵنیام ئەگەر کورد لەناوخۆیاندا یەکگرتووبن و نەکەونە ژێر گوشاری وڵاتانی نەیاری گەلی کورد ئەوا گەیشتن بە ئامانجەکانیان زۆر نزیکترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا.

---

## د. سالار عوسمان پێشوازی لە نوێنەری پارتی لە یۆنان دەکات



ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ـی ئایاری ٢٠٢٥ د. سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پ.د.ک، پێشوازیی کرد لە د. سەربەست زاخۆیی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی یۆنان و شاندی یاوەری کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان دەستەی بەڕێوەبردنی سەنتەری کوردی-یۆنانی.

لەمیانی دیدارەکەدا، میکانیزمەکانی پەرەپێدانی گوتاری میدیایی و ئاراستەکردنی بۆ خزمەتکردنیی پرسە مرۆییەکان و بەشداریکردن لە چەسپاندنی بەهاکانی پێکەوەژیان و ئاشتی تاوتوێ کران.

د.سالار عوسمان، جەختی لە ڕۆڵی سەرەکی ڕاگەیاندن کردەوە لە بنیاتنانی هۆشیاری کۆمەڵگە و چەسپاندنی ناسنامەی کوردی، جەختی لەسەر پێویستی هاوسەنگبوون لەگەڵ پێشهاتە جیهانییە میدیاییەکان و بەکارهێنانی کەردەستەی سەردەمیانە کردەوە کە ڕەنگدانەوەی زمانی ئەو سەردەمە بن.

لای خۆیەوە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە یۆنان، ئاماژەی بە گرنگی پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەگەڵ میدیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کردەوە، بە ئامانجی یەکخستنی گوتاری میدیایی و کاریگەرکردنی لە خزمەتکردنی بەها نەتەوەیی و نیشتیمانی و مرۆییەکان کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

جێگەی ئاماژەیە سەنتەری کوردی-یۆنانی لە چەندین بواری جیاجیای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و کەلتووریدا کاردەکات، لە ڕێگەی ڕادیۆ و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریدا خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەکەن و لە هەوڵی فراوانکردن و پتەوکردنی زیاتریدان.

### وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن:

# 20 ڕێکخراوی عەرەبی بەشداری لوتکەی بەغدا دەکەن

## هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ئاشتی بۆ تورکیا و ناوچەکە



وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاند کە بڕیاری پەکەکە بۆ خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکدانان، دەبێتە مایەی بەدهێنانی ئاشتی بۆ تورکیا و ناوچەکە.

فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق ئەوەشی ڕاگەیاند: لوتکەی بەغدا کاریگەری چۆنایەتی دەبێت و گفتوگۆکانیش واقیعی دەبن، ڕاشیگەیاند: لە داهاتوودا هاوکاری لە نێوان بەغداد و ئەنقەرە دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بڕیارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەبارەی چەکدانانیان لە ناوچەکە. گوتیشی «بەغدا بە شانازییەوە پێشوازی لە بڕاعەرەبەکانی دەکات کە لەگەڵ مێژووە کۆنەکەیدا دەگونجێت، لیژنەی ئامادەکاری بۆ لوتکەی عەرەبی لە بەغداش کارێکی زۆری ئەنجامداوە و بەشداری سەرکردە و بەرپرسانی عەرەب لەو هەلومەرجە گرنگەی ئێستادا، خواستی ئەوان بووە بۆ یەکخستنی پێگەی عەرەبی کە خزمەت بە ئومەتی عەرەبی و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی بکات». وەزیری دەرەوەی عێراق ئەوەشی خستەڕوو: بیست ڕێکخراوی عەرەبی بەشداری ئەم لوتکەیە دەکەن، جگە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانە ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی و میوانی فەخری سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا. جگە لەوە نزیکەی 300 ڕۆژنامەنوس لە دامەزراوە عێراقییەکان و 200 ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتییەوە ئامادەی لوتکەکەن. فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق ئاشکراشی کرد: 1000 ڤیزەمان دابینکراوە بۆ ئەوانەی بەشداری لوتکەکە دەکەن، هەر لەو بارەیەوەش 16 کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای کارگێڕی بۆ لوتکەی عەرەبی لە بەغدا ئەنجامدراوە.هەر لە کۆنگرەکەدا فوئاد حوسێن ڕاشیگەیاند: ڕاگەیاندنی هەڵگرتنی سزاکان لەسەر گەلی سووریا هەنگاوێکی گرنگە و ئەوەی لە ڕیاز ڕوویدا لە بەغداش ڕوودەدات و قۆناغێکی تەواوکەرە.



## شاندێکی فەرهەنگی - ئەدەبیی ڕۆژهەڵات، سوپاس و پێزانین پێشکەشی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دەکەن

ڕۆژی چوارشەممە 14ـی ئایاری 2025 وەفدی فەرهەنگی- ئەدەبی ڕۆژهەڵات، کە پێکهاتوون لە ژمارەیەک نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و بەهرەمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوپاس و پێزانینیان پێشکەشی د. هەماهەنگیی پێویست و پاڵپشتیان لە کاتی یادکردنەوەی بلیمەتی بواری وێژە و زمانی کوردی (مامۆستا هێمن موکریانی).

ئەم پۆلە لە ڕۆشنبیران لە شارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ڕۆژی ١٧ـی نیسانی ٢٠٢٥ بەمەبەستی بەشداریان لە کۆڕیادی ٣٩یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی (مامۆستا هێمن موکریانی) لە شاری هەولێر بوون و لەمیانی سەردانەکەیان بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەسەرکردەوە.

### د. سامان شاڵی تایبەت بۆ (خەبات):

# تەرەمپ لە هەموو کۆبوونەوەکاندا دەڵێت بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەپارێزین

## تەرەمپ چەند داواکارییەکی گرنگی هەبووە لە ئەلشەرع وەکو چوونە ناو ڕێککەوتنی ئیبراهمی و دەرکردنی هێزە چەکدارە تووندڕەوەکان

**خەبات - پەری محەمەد**

شارەزایەك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، باس لە گرنگیی هاتنی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە هاتنی دۆناڵد تەرەمپ، بۆ ناوچەکە جیا لە پرسی سیاسی، پرسی (ئابووری و دیپلۆماسی و ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە) باس کراوە، ئەمەش لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.



د. سامان شاڵی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند «هاتنی دۆناڵد تەرەمپ، بۆ ئەم ناوچەیە زۆر پرسی تێدایە وەکو (ئابووری، سیاسی، ئاشتی و دیپلۆماسی)، لە بواری ئاشتیش، ئەمەریکا هەموو جارێك بەرژەوەندیی خۆی لەپێش هەموو شتێک دادەنێت، لای ئەوان بەرژەوەندیی ئەمەریکا پێویستە پارێزراو بێت.

شاڵی، قسەی جیاوازی لەبارەی پەیوەندی ئەمەریکا و ئیسرائیل هەیە و دەڵێ: پەیوەندیی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە ئێستادا لە سارد بوون دایە، چونکە ئیسرائیل ڕێگەی تووندوتیژی گرتووەتەبەر، ئەمەریکاش هەوڵی ئاشتی دەدات ئەوەش پێچەوانەی یەکن لە ئاستی ئاسایشی هەردوو وڵات.

شاڵی ئەوەشی خستە ڕوو: بەبێ ئەوەی لایەنی سێیەم بێتە ناوەوە، تەرەمپ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حوسییەکان و حەماس و ئێران دانیشتنی کردووە، باسی چەکی ناوەکی کراوە کە داواکاری ئیسرائیل ئەوەیە نەمێنێت، هەرچەندە ئەمەریکاش ڕەچاوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل کردووە، تەرەمپ لەهەموو کۆبوونەوەکاندا دەڵێت: (ئیسرائیل یاریدەدەری یەکەمی ئەمەریکایە و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەپارێزێت). ناوبراو ڕاشیگەیاند: لە درێژەی سەردانەکەی تەرەمپ، سەردانی تورکیا دەکات بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەمەش بە مەبەستی وەستاندنی شەڕ. چونکە تەرەمپ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی ڕوون و دیارە، لەو هەوڵانەی مەبەستیەتی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەست بهێنێت.

لەبارەی بینینی ئەحمەد شەرع، سەرۆکی ڕاگوزەری سووریا و داواکارییەکانی تەرەمپ، سامان شاڵی، ئەوەی خستە ڕوو: دیداری شەرع و تەرەمپ، لەسەر داواکاری چەند سەرکردەیەك بووە و تەرەمپ چەند داواکارییەکی گرنگی هەبوو وەکو: چوونە ناو ڕێککەوتنی ئیبراهمی و دەرکردنی هێزە چەکدارەکان و پاراستنی یەکپارچەیی سووریا و دەرکردنی فەڵەستینییەکان لە سووریا و کوتاییهێنان بە داعش.

هەروەها لەبارەی بواری ئابووریی سەردانەکەی تەرەمپ، د. سامان شاڵی بۆ خەبات ڕایگەیاند: تەرەمپ لەم گەشتەیدا بۆ (سعوودیە و ئیمارات و قەتەر) شاندێکی گەورەی ئابووری لەگەڵ بوو کە ئەوان زۆرترین سەرمایەیان هەیە، و هەوڵدانەکانی تەرەمپ بۆ ئەوەیە لە چوار مانگی داهاتوودا سەرمایەی (یەک ملیارد دۆلار) بەدەست بهێنێت، ئەوەش پاڵپشتییەکی گەورەی ئابووریە بۆ هەردوولا.

# قەتەر و بۆیینگ ڕێککەوتننامەیەکیان بە بەهای 200 ملیار دۆلار بۆ فڕۆشتنی 160 فڕۆکە واژوو کرد

## دۆناڵد تەرەمپ: ئەوە گەورەترین ڕێککەوتننامەیە لە مێژووی (بۆیینگ)دا



سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند، کۆمپانیای Boeingی ئەمەریکایی ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ فڕۆشتنی 160 فڕۆکە بە بەهای 200 ملیار دۆلار لەگەڵ قەتەر واژوو کردووە.

دوێنێ چوارشەممە دۆناڵد تەرەمپ لە وێستگەیەکی دیکەی سەردانەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتە قەتەر و لە فڕۆکەخانەی ئەو وڵاتە لە لایەن میری قەتەر شێخ تەمیم بن حەمەد ئاڵ سانی پێشوازی لێکرا. لە میانی دیدارەکانی تەرەمپ، هاوکارییەکانی نێوان قەتەر و ئەمەریکا لە بواڕەکانی بەرگریی و ئاسمانی ڕێککەوتننامەیەک واژوو کرا.

دوای ڕێوڕەسمی واژووکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان قەتەر و ئەمەریکا، تەمیم بن حەمەد ئاڵ سانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ ڕای گشتی ڕایگەیاند، «لەگەڵ سەرۆک تەرەمپ نزیک بە دوو کاتژمێر گفتوگۆیەکی باشمان هەبوو. لە گفتوگۆکانماندا پەیوەندی نێوان دوو وڵات و هەروەها پرسەکانی ناوچەکە و زۆر بابەتی دیکەمان باس کرد. بە واژوو کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و قەتەر دەچێتە قۆناغێکی نوێوە. زۆر سوپاسی سەرۆک تەرەمپ دەکەم بۆ واژووکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە».

لە بەرامبەردا سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد تەرەمپ وێرای ئاماژەکردن بە دیدار لەگەڵ ئاڵ سانی، گوتی، «باسمان لە پرسی ڕووسیا و ئۆکراینا و زۆر بابەتی دیکە کردووە و هەروەها ئەو دۆخە نالەبارەی ئێرانمان باس کرد. پێم وایە ئەوانە ئاکامێکی باشیان دەبێت. بە شێوەیەک دەبێ دەرئەنجامێکی باشیان هەبێت. ئێوە زۆر بەسوودن». لە میانی دیداری نێوان هەردوو سەرکردە، کۆمپانیای فڕۆکەوانی قەتەر و کۆمپانیای بۆیینگی ئەمەریکایی ڕێککەوتننامەیەکیان بە بەهای 200 ملیار دۆلار واژوو کرد.

لەم بارەیەوە سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند، کۆمپانیای Boeing ی ئەمەریکایی ڕێککەوتننامەیەکی بۆ فڕۆشتنی 160 فڕۆکە بە بەهای 200 ملیار دۆلار لەگەڵ قەتەر واژوو کردووە و گوتیشی، «ئەوە گەورەترین ڕێککەوتننامەیە لە مێژووی بۆیینگ»دا».

## شارەزایەکی ئابووریی هۆشداری دەدات پێویستە عێراق دۆخی دارایی خۆی بە گۆڕەی ڕەوشە گۆڕاوە نوێیەکان بگونجێنێت



شارەزایەکی بواری ئابووری هۆشداری دەدات و دەڵێت، حکوومەتی عێراقی فیدراڵ پێویستە بەگوێرەی ئەو ڕەوشە نوێیەی کەهاتۆتە ئاراوە خۆی بگونجێنێت و فشار بخاتە سەر خەرجییە گشتییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ داهاتی گشتیدا بگونجێت. هەروەها لە بارەی سەردانەکەی تەرەمپ بۆ سعودیەو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی نەبیل مەرسوومی، شارەزای عێراقی بواری ئابووری وماموستای زانکۆ، لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە فەیسبووك نووسیویەتی: «تەرەمپ چاوی کراوەیە بۆ پارە و نەوت». دەشڵێت «هاوکات لەگەڵ ڕێککەوتنی وەبەرهێنانی 600 ملیار دۆلار کە زۆربەیان لە سندووقی وەبەرهێنانی گشتیی سعودیەوە دێت، ئۆپێک پڵەس لەژێر فشار و کاریگەرییەکی ئاشکرای سعوودیە، ستراتیژی خۆی لە ڕاگرتنی نرخەکان لە ئاستێکی دیاریکراودا گۆڕی بۆ بەدەستهێنانی پشکی بازاڕ، کە بەشێکیان لەدەستچووبوو بۆ بەرهەمهێنەرانی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک پلەس».

مەرسومی هەروەها نووسیویەتی: «هەر بۆیە بەتایبەتی سعوودیە دەستی بە سیاسەتی ئازادکردنی بەرهەمهێنانی ئۆپێک لە سنووردارکردنی خۆبەخشانە و ناچار لەڕێگەی زیادکردنی گەورەی مانگانە کە دەگاتە 411 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە مانگی ئایاری ڕابردووەوە دەستیپێکرد». ناوبراو باس لەوەش دەکات، ئەمەش بەو مانایەیە دێت کە ئۆپێک پڵەس لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا نزیکەی پێنج ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەم زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی خوازراو بۆ ئۆپێک و ئەمەریکا، کە پێدەچێت لە نێوان 60 بۆ 69 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بێت».

مەرسومی دەڵێت ، ئەم پرۆسەیە هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سعوودیە کە ئابووریەکەی هەمەچەشنتر بووە، بەتایبەتی کە ساڵانە کاڵای نانەوتی بە بەهای زیاتر لە 83 ملیار دۆلاری ئەمریکی هەناردە دەکات».

# هەڵەبجە... بۆ یەکەمین جار سەنتەری دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی مەمک کرایەوە



**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی- هەڵەبجە:**

د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی و د. رەهێل فەرەیدون بریکاری وەزارەت و د. ئازاد مستەفا بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە، لە مەراسیمێکدا بۆ یەکەمین جار سەنتەری نەخۆشییەکانی مەمک بۆ زوو دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و شێرپەنجەی مەمک لە پارێزگای هەڵەبجە لەسەر بودجەی سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە کرایەوە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وەزیری تەندروستی گرنگی ئەم پڕۆژە ستراتیجیەی ڕاگەیاند لەپێناو زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و شێرپەنجەی مەمک لە ئافرەتان و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی شێرپەنجەی مەمک لەنێو ئافرەتان. دواتر سوپاس و دەستخۆشیی لە سندوقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە کرد بۆ دابینکردن و تەرخانکردنی بوودجەی ئەم پڕۆژەیە و جەختیکردەوە کە هەوڵەکان بەردەوامە بۆ هەمان پڕۆژە لە زۆربەی قەزاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان.

## ناوی 33 هەزار پێشمەرگە و فەرمانبەر بۆ وەرگرتنی زەوی دەگەڕێتەوە

بەرپرسی وردبینی لە ناوی فەرمانبەران بۆ وەرگرتنی زەوی ئاشکرای کرد، ناوی زیاتر لە 33 هەزار پێشمەرگە و فەرمانبەر و خانەنشین بۆ وەرگرتنی زەوی دەگەڕێتەوە.

سەربەست مەولوود، سەرپەرشتیاری پڕۆسەی دابەشکردنی زەوی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لە ئێستادا ناوی زیاتر لە 10 هەزار و 300 کەس لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو لیستە پەسەند دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت و دواتر ڕەوانەی شارەوانییەکان دەکرێت بۆ تیروپشک و جێبەجێکردن.

بەرپرسەکەی وەزارەتی شارەوانی دەشڵێت: لیستێکی دیکەش کە پێکهاتووە لەناوی 23 هەزار خانەنشین و فەرمانبەر، ئەویش لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانە و چاوەڕێی پەسەندکردنیان دەکەین بۆ ئەوەی لە بڕیاری حکوومەت بۆ وەرگرتنی زەوی سوودمەند بن.

سەربەست مەولوود، سەرپەرشتیاری پڕۆسەی دابەشکردنی زەوی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، لیستێکی نوێ لەبەردەستە وەزارەت سەرقاڵی وردبینییە و کەی کۆتایی بە پڕۆسەی وردبینی هات، ڕەوانەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین بۆ پەسەندکردن.

## پێشمەرگەی دێرین سامان فائق سالح ناسراو بە ڕێباز کۆچی دوایی کرد



**خەبات – ساسان دەروێش:**

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، دوێنێ چوارشەممە 14ی ئایاری 2025، پێشمەرگەی دێرین و هاوبیر سامان فائق سالح، ناسراو بە ڕێباز، لە دوای ملمالانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی لە شاری سلێمانی دڵە گەورەکەی بە جەڵتە لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لێکردین، کە دڵەکەی پڕبوو لە خۆشەویستی بۆ کوردایەتی و بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان. کاکە ڕێباز هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە کە قوتابی ئامادەیی بوو بەدەم هاواری نیشتیمانی داگیرکراو، لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار کاری دەکرد لە بزووتنەوەی کوردایەتی و دواتر چەکی شەرەفمەندی لە چیاکانی کوردستان کردە شان لەناو پاسۆك لەگەڵ دوژمن و نەیارەکانی کوردستان دەجەنگا، لە دوای کۆنگرەی یانزەی پارتی و حزبی یەکگرتن بەرپرسیاریەتی بەرزی لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرت، گەنجێکی خواناس و ڕۆشنبیر بوو هەموو تەمەنی لاوێتی بەخشی بە کورد و کوردستان.

کاکە ڕێباز خوشکەزای شەهید محەمەد دەروێش نادرە و لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەری شاری سلێمانی بە بیری کوردایەتی پەروەردە و گۆش کراوە، خاوەنی پێنج خوشك و برایە.

## کشتوکاڵی هەولێر چەند ڕێنماییەک بۆ دروێنەی گەنم و جۆ دەردەکات

دوێنێ چوارشەممە 14ی ئایاری 2025 لە ڕاگەیندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی هەولێر، لە حەوت ڕێنمایی گرنگدا داوا لە جووتیاران دەکات، لە کاتی دروێنە کردندا، خۆیان لە کارەساتی نەخوازراو بپارێزن و پابەندیی ڕێنماییەکان بن، ئەوەش دەقی ڕاگەیەنراوەکەیە:

لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و خۆپاراستن لە کارەساتی نەخوازراو، بەر لە پرۆسەی دروێنەکردن، داوا لە جوتیاران دەکەین پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

یەکەم: پێویستە ئامێری ئاگرکوژێنەوە لەنێو دەڕاسەکاندا هەبێت.

دووەم: لە کاتی شکانی دەراسە هەر ئامێرێك نابێت بە هیچ شێوەیەك کرداری لەحیمکردن لە ناو کێڵگەی گەنم و جۆ ئەنجام بدرێت .

سێیەم: پێویستە شوفێرانی دەڕاسە ئاگاداری هێڵەکانی کارەبای ناو کێڵگەکانیان بن.

چوارەم: چاککردنی ڕێگەی نێوان توخوبەکان و ڕێگەی چوون بۆ سەر زەویەکان، بۆ گەیشتنی تیمەکانی بەرگریی شارستانی.

پێنجەم: پێویستە هەر دەڕاسەیەك بە بەردەوامی تانکەرێك ئاوی بە پڕی لەگەڵدا بێت، لە کاتی ئیشکردندا و ترومپای ئاوی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداندا هەر ئاگرێك، بتوانن بە زووترین کات کۆنترۆڵی بکات.

شەشەم: شوفێری دەڕاسەکان خۆیان بە دووربگرن لە جگەرە کێشان ئەگەر کێشای نابێت پاشماوەکەی فڕێی بداتە ناو کێڵگەکان.

حەوتەم: هەبوونی ژمارەی تەلەفۆنی بنکەکانی بەرگری شارستانی و تەلەفۆنە پێویستەکانی تر.

تەلەفۆنی بەرگریی شارستانی 115 و 125.

تەلەفۆنی فریاگوزاریی ئیسعاف 122.

## چاندنی گەنمەشامی لە هەولێر و دهۆک قەدەخەکرا



بە بڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ، چاندنی گەنمەشامی لە هەولێر و دهۆك قەدەخەکرا. لایەنی پەیوەندیدار دەڵێن، بڕیارەکە بەهۆی کەمبارانیی ئەم ساڵەوە دراوە و مەبەست لێی پاراستنی ئاوی سەرزەوییە.

دوێنێ چوارشەممە، 14ی ئایار، سەمیر مەحمود، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی کشتوکاڵی لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: بەهۆی دیاردەی کەمبارانی کە ئەم ساڵ بەهۆی تێکچوونی کەشوهەوا لە ناوچەکەمان ڕوویداوە، ئەمڕۆ بڕیاردرا چاندنی گەنمەشامی لە سنووری پارێزگای هەولێر قەدەخە بکەین.

سەمیر مەحمود دەشڵێت: بڕیارەکە ئەو بەرهەمانەی گەنمەشامی دەگرێتەوە کە بە ئاوی ژێرزەوی ئاو دەدرێن، بەڵام ئەوانەی بە ئاوی سەرزەوی، وەك ئاوی ڕووبار، کانی و بەنداوەکان ئاو دەدرێن، ئاساییە و ڕێگەپێدراوە.

سەمیر مەحمود ئاماژەی بەوەش کرد: ئەمساڵ لە سەنتەری شاری هەولێر بەراورد بە پار، 150 میلیمەتر کەمتر باران باریوە، لە دەشتاییەکانیشدا زۆر کەمتر بوو لە پار، بۆیە پێویستە ئاوی ژێرزەوی بپارێزین.

هاوکات موسلیح حەسەن، جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی دهۆك گوتی: لە سنووری دهۆکیش چاندنی گەنمەشامی قەدەخەکراوە.

بڕیارەکە لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەرچووە و مەبەست لێی پاراستنی ئاوی ژێرزەوییە، چونکە گەنمەشامی بڕە ئاوی زۆری پێویستە تاوەکو پێدەگات.

بڕیارەکە سلێمانی و هەڵەبجە ناگرێتەوە. جووتیار خالید، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی بە ڕووداوی ڕاگەیاند: هیچ بڕیارێکی لەوشێوەیەمان پێنەگەیشتووە بۆ ڕێگریی لە چاندنی گەنمەشامی لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجە بەهۆی کەمبارانییەوە.

## پرسەنامە

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێزان لە خانەوادەی حوسێن حاجی ئەحمەد**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دڵسۆزی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری گەرمیان (حوسێن ئەحمەد مەحمود) ناسراو بە (حوسێن حاجی ئەحمەد)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمی هەموو لایەکین.

لە خودای گەورە داواکارین دڵنەواییتان پێببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوو (حوسێن ئەحمەد مەحمود) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

* * *

**بەڕێز حاجی جەمیل حاجی کەریم**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ڕەعنا حاجی کەریم نوری چەمەك) خوشکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین دڵنەواییتان پێببەخشێت و گیانی خوشکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.

* * *

**بەڕێزان لە خانەوادەی خاتوو سارا محەمەد فەتاح**

دڵگرانین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (سارا محەمەد فەتاح) دایکی بەڕێزان (بروسك و ڕێبوار ). سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و دۆستانتان دەکەین، هاوبەشی خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو خاتوو (سارا محەمەد فەتاح) بەر دلۆڤانی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات، دڵنەوایی بە خانەوادەکەتان ببەخشێت.

**إنا لله وإنا اليه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

## تیمەکانی شوێنەواری هەولێر:

## لە گردێکی شوێنەواریدا ژمارەیەک گۆزەی مێژوویی دۆزیوەتەوە



تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر ڕایانگەیاندووە، لە گردێکی شوێنەواریدا ژمارەیەك گۆزەی مێژوویی دۆزیوەتەوە.

دوێنێ چوارشەممە، 14ی ئایاری 2025، نادر بابەکر، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر، بە ماڵپەڕی کوردستان24ی ڕاگەیاند: کنە و پشکنین لە گرد لەشکری لە هەولێر بەردەوامە، لەکاتی هەڵکۆڵین ژمارەیەك گۆزە دۆزراونەتەوە کە تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر ڕایانگەیاندووە، لە گردێکی شوێنەواریدا ژمارەیەك گۆزەی مێژوویی دۆزیوەتەوە.

ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە سەردەمانێکی کۆن مرۆڤ لەم ناوچەیە ژیاوە.

نادر بابەکر، گوتیشی: ئەو گۆزانەی دۆزراونەوە زۆر بەنرخن و گومان دەکرێت لەکاتی هەڵکۆڵیندا چەندین شوێنەواری دیکەمان بۆ دەربکەوێت، وەك، ژوور و خانووبەرە.

سەبارەت بابەتێ تایا خوینبەربوونێ ژی جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ خواست ب هوشیاری سەردەمی دگەل بەرهنگاریا مەترسیا بەلاڤبونا وێ بهێتە کرن و پشتەڤانیا ئیدرا پاریزگەهێ بو لایەنێن لسەر خەت دووپاتکرن و خواست هەمی لایەك هوشداریان و ڕێنمایان بدەنە وەلاتیان پاش کوربەندەکێ زانستی هاتە پێشکێشکرن و بیارە لدووماهیا سمیناڕێ و کوربەندی چەند ڕێنماییێن گشتی بهێنە دەرکرن و بەلافکرن.

ئەوقافێ سمیناڕەك لژێر دروشمێ (سەردەریکرن دگەل نەخوشیا تایا خوینبەربوونێ بەرەف ئێك ساخلەمیێ تێروانینێن ڤێتەرنەری و پزیشکی) هاتەگێران.

ماجد سەید سالح جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ دەستخوشی ل ڕێکخەرێن سمیناڕێ کر و دا دیارکرن کو بابەتێ ساخلەمیێ ئێك ژ گرنگترین بابەتانە و حکومەتا هەرێما کوردستانێ گرنگیەکا زور پێ ددەت.

## لدوور سەردەریکرنا دگەل نەخوشیا تایا خوینبەربوونێ سمیناڕەك هاتەگێران



**خەبات- دهوك:**


دوهی 14ی گوڵانا 2025ێ ب ئامادەبونا ماجد سەید سالح جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ و د. داود سلێمان سەروکێ زانکویا دهوك و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پاریزگەهێ، کۆلیژا پزیشکی یا ڤێتەرنەری ب هەفکاری دگەل کولیژا پزیشکی یا زانکویا دهوك و ساخلەمیا پاریزگەهێ و ڤێتەرنەریا پاریزگەهێ و سەندیکا پزیشکێن ڤێتەرنەریا کوردستانێ و سەندیکا نوژداران و

## بەر لە ٢٧ ساڵ شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، ڕابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان وەسفی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی کردووە:

# مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی بەرز و لە خانەوادەیەکی موسڵمان و ڕێبەری شۆڕشێکی مەزن بووە



زانیار سەردار قرگەیی



## "بەهەشتی (مەلا مستەفا) توانی یەکڕیزی و هاوکاریی زانیانی ئایینی بۆ شۆڕشی کورد زامن بکات و بیهێنێتە دی"

شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، یان مامۆستا مەلا عوسمانی هەڵەبجە، کەسایەتییەکی بەڕێز و ناسراوی بواری ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زانایەکی پایەبەرزی ئایینی و کەسێکی شارەزا بوو. ڕابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بوو. لە ساڵی 1922 لە گوندی (پریس) سەر بە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە، ساڵانێکی دوور و درێژ چەندین وێستگەی گرنگ لە ژیانیدا هەبووە، بۆ نموونە، زیندانیکردن و دوورخستنەوەی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناوچەکە بۆ ناسرپە، لە ساڵی 1959 بە هاوەڵیی مەلا ساڵحی گەورە، باوکی نووسەری بە ئەزموون (حەکیم مەلا ساڵح)، بۆ یەکەمجار چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەنابی (مەلا مستەفا بارزانی) هەبووە.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1970، بە پرۆژەی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان بەشداریی شۆڕشی کوردی کردووە، پاشان لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ساڵی 1974 لە هەمان ساڵدا، وەك شاندی کوردی بە هاوەڵیی چەند زانایەکی کوردستان دەچێتە (جەددە) و چاوی دەکەوێت بە شا فەیسەڵ کوڕی عەبدولعەزیز، ساڵی 1976 خۆی و تەواوی بنەماڵەکەیان دەستبەسەر دەکرێن و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك ڕەوانەی سەماوە دەکرێن.

شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دۆستایەتییەکی پتەو و بەتینی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و خانەوادەکەیدا هەبووە. چەند جار جەنابی مستەفا بارزانی بینیوە و سەردانی کردووە، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئایینیی کورددا نوێنەرایەتیی بارزانییان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات، بارزانی مستەفایش ڕێزێکی تایبەتی هەبووە بۆی.

مامۆستا مەلا عوسمان زۆر هەواداری هەبووە و کەسایەتییەکی خۆشەویستی جەماوەر بووە و بە پیاوچاك و خەمخۆری ئایین و نەتەوە و کوردستان ناسراوە و خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە لێیان ڕوانیوە. لە ساڵی 1987 دامەزراندنی (بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان)ی ڕاگەیاندووە، لە 1987 بۆ 1997 ماوەی (10) ساڵ ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کورستانی عێراق کردووە. لە 12/5/1999، لە تەمەنی (77) ساڵیدا بە ڕەحمەتی خودا چووە.

شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، ئەو زاتە بەر لە کۆچی دوایی و لە ڕێکەوتی 5/8/1998دا وتارێکی گەلێك گرنگ و بەنرخی سەبارەت بە مستەفا بارزانی نووسیوە، وتارەکەی بە زمانی عەرەبییە و بەناوی: (الملا مصطفى البارزاني شخصية بارزة من اسرة اسلامية اصبح قائد الثورة القومية الكبيرة)، لە کتێبی (مصطفى البارزاني- يبقى في ذاكرة التأريخ دوما)، لە کتێبی کە لە ئامادەکردنی، (سەعد عەمەوەند)ییە. ئەم کتێبە لە ساڵی 2012 لە وڵاتی تورکیا لە چاپخانەی (مەرجان) چاپ کراوە.

وتارەکەی مامۆستا مەلا عوسمان، باس لە گەلێ ڕووداوی مێژوویی مستەفا بارزانی دەکات و چەند یادەوەرییەکی گرنگیش لەخۆ دەگرێت. لە هەمان کاتدا باسێکی تایبەت بە بارزانییەکان دەکات، لە ڕووی ئایینزایی و نەتەوەپەروەری و شۆڕشگێڕی و کورپەروەرییەوە. هەروەها وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی پلار لەو سیمبولی نەتەوەییە دەگرن، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك نهێنی لەم وتارەدا ئاشکرا دەکات، ئێمەیش لەبەر نرخ و سەنگ و گرنگیی بابەتەکە، بەپێویستمان زانی کە ئەم وتارە بە زمانی کوردی و لێرەدا بڵاوی بکەینەوە.

**شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، دەنووسێت:**

"لە گۆڕەپانی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و دەستدانە شۆڕش و بەربەرەکانێیەکی نیشتمانی، ڕاستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە، کە دامەزرێنەری ئەو شۆڕش و بەرەنگاربوونەوانە کەسانێك بوون لە دەرچووانی قوتابخانە و حوجرەکانی ناو مزگەوتەکانی کوردستان، یان یەکێك بوون لە ئەندامانی خانەوادەیەکی موسڵمانی کوردەواری.

ئەوەتا شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەممەد و شێخەکانی بارزان، کە دیارترینیان (مەلا مستەفا بارزانی)یە. لە واقیعیشدا هەر یەك لەم بەڕێزانە، ناو و ناوبانگێکی (شێخ) یان (مەلا)یان هەبووە و وەك کەسایەتییەکی موسڵمان، میللەتەکەیان حیسابی بۆ کردوون، هەر لەم ڕووەشەوە شوێنیان کەوتوون، میللەتەکەش زۆربەی هەرە زۆریان بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە تێیان ڕوانیون، هەرچەندە ئەو شۆڕشانەش ناتوانرێ گشتیان بە شۆڕشی ئیسلامی ناو ببرێن، یان سەرکردەکانیان ئیسلامی بووبن، بەڵام لە هەمان کاتدا دژ بە ئیسلام و موسڵمان نەبوون، بەڵکوو هۆکارێکی یارمەدەر بوون بۆ پاڵپشتی و هاریکاریکردنی هەر زانایەکی موسڵمان، کە ڕاستیێژیی دروشمی بووبێ و لە مەتەرێزی مزگەوت و زانستە ئیسلامییەکانەوە دەستبەکار بووبێ و بەگوێرەی شەرع بەرگری لە گەل و نیشتمانە ئازیزەکەی خۆی کردبێ.

ئا لێرەوە قسەمان وا لەسەر مەلا مستەفا بارزانی (خوالێی خۆش بێ) کە بەپێی ئەو پەیوەندییە بەتینەی لەنێوانماندا بوو، بیرەوەریی گرنگمان پێکەوە هەیە، بۆ ئەوە دەشێن ئاماژەیان پێ بدرێ، لەپاڵ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانییەوە، کە دەشێ هەندێ لەو هەڵوێست و بیرەوەرییانە بگێڕینەوە."

لە دریژەی بابەتەکەیدا، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دەڵێت: "لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندیی زانایانی موسڵمانی عێراق، بەهۆی چالاکیی ئیسلامیی سیاسییەوە، (حزبی ئیسلامی) لە عێراقدا دامەزرا، پەیوەندیی تووندوتوڵیشمان وەك زانایانی کورد بە زانایانی عێراقەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتەوتر دەبوو، لەنێو ئەوانەدا (شێخ ئەمجەد زەهاوی) و (شێخ محەممەد مەحمود ئەلسەواف) و (شێخ عەبدولعەزیز ئەلبەدری) خوا لێیان خۆش بێ و گەلێکی دی لەو زانا لێهاتووانەی عێراق، کە ڕێز و سۆزێکی تایبەتیان بەرانبەر کورد هەبوو و لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لایەنگریی کوردیان دەکرد، بەتایبەت کە باس دەهاتە سەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد.

هەروا لە نێوەندەکانی (شیعە)یشدا، گەلێ لە زاناکانیان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ زانایانی کورد پەیدا کردبوو، ئەوەش لە سنووری کاری موسڵمانانەیان لە حزبی ئیسلامیدا لە عێراق، لە زۆر بۆنەدا سۆزی وێژدانیی خۆیان بەرانبەر ئازارەکانی کورد پیشان دەدا، دیارترین ئەمانە (شێخی خاڵسی) و (سەیید موحسین ئەلحەکیم)، کە من و مامۆستا (مەلا ساڵح عەبدولکەریم)ی ئامۆزام زۆر جار چاومان بەوانە دەکەوت و یەکترمان بەسەر دەکردەوە، جا لە ئەنجامی ئەو چالاکییە ئیسلامییانەی کە ئێمە وەك زانایانی کورد لەناو چوارچێوەی (حزبی ئیسلامیی عێراق) ئەنجامیان دەدا، بەر لە ئاشکرابوونی ئەم حزبە و دوای داخستنی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، دۆزی کورد لەلایەن زانایان و ناودارانی و کەسایەتییە ئایینییەکانی عێراقی ئەو سەردەمە، پاڵپشتی و لایەنگرییەکی بۆ پەیدا بوو، خۆ ئەگەر ئەو کارە بەردەوام بوایە، ئەوا کێشە و دۆزەکە هێندە ئاڵۆز نەدەبووەوە، بەشێوەیەکی باش و لە بەرژەوەندیی هەموو لایەك چارەسەر دەکرا و گەورەترین ئاستەنگیش لەسەر ڕێی چارەسەرکردنە ئیسلامییانەکەدا ئەوەبوو، کە هەندێ لە چەپڕەو و لاوەکییەکان خۆیان هاوێشتە ناو ڕیزەکانی کوردایەتییەوە، بۆیە دووراودوور شۆڕشەکەی کورد وا دەینواند کە ڕووەو مارکسییەت و چەپڕەوی دەچێت، ئەمەیش هۆکارێکی دیار و ئاشکرا بوو کە دۆزەکە لە (برایەتیی موسڵمانانەوە) دابڕێ و لە سۆز و هاوکاریی هەمیشەیی ئیسلامی ئاوەتە بێت، بەشێوەیەك، کە هێزە نەتەوەییەکانی ناو عێراق بیانووبان بۆ لێدانی شۆڕشی کورد دەهێنایەوە، تا کوردستان زیاتر بە گۆشەگیری و تەنیایی بهێڵنەوە. ڕاستییەکەی تەوژمی چەپڕەوی، سەرەڕای ئەو زیانەی کە باسمان کرد، هیچ خزمەتێکی بە دۆزی کورد نەگەیاندووە، دەوڵەتانی بەرەی سۆشیالیست و کۆمۆنیست، کە وەك نموونەی ئازادی و پێشکەوتن وێردی سەر زمانیان بوو، ئەوانە گشت میللەتی کوردیان بە بۆڕییەك نەوت دەگۆڕییەوە، یان بە هەر بەرژەوەندییەکی دیکە، کە بۆیان دەستی بدایە و بە حکوومەتەکەی بەغدایەوە بیبەستنایەوە، لە کاتی شەڕیشدا چەك و تەقەمەنیی بەرەی سۆشیالیست و شیوعییەت ڕۆڵەکانی کوردی دروێنە دەکرد و لە ناوی دەبردن، ئەم کوردستانە جوانەی دەسووتاند و کاولی دەکرد. ئەمەشی بە بریارێکی ئەو (بەرە نیشتمانییە)ی، کە بەشێکی زۆری چەپەکانی عێراقی تێدا بەشدار بوون. بۆیە تەنیا بوونی مەلا مستەفا بارزانی وەك موسڵمانێکی کورد، ئەو هیوایەی لە دڵدا هێشتەوە و ئەو باوەڕەی دەسەلماند، کە شۆڕشەکەی کورد چەپڕەو نییە و پاڵپشتیی زانایانی ئایینیی کورد و ناوداراکانی کورد بۆ مەلا مستەفا بارزانی بەڵگە بوون بۆ پابەندبوونی ئەم میللەتە موسڵمانە بە ئایینەکەیەوە و ئەو ڕاستییەشی دەچەسپاند، کە هەردەم سەرکردە و ڕابەرانی نەتەوەی کورد یان زانای موسڵمان بوون، یان لە بنەماڵە و خانەوادەی ئایینی بوون».

مامۆستا عوسمان دەشڵێت: "بە بۆچوون و فیکری من، خوا لێی خۆش بێ (مەلا مستەفا) توانی یەکڕیزی و هاوکاریی زانایانی ئایینی بۆ شۆڕش زامن بکات و بیهێنێتە دی، ئەویش بەو نییەتە پاك و تێگەیشتنە ڕاستەیەوە، کە یەك لە خەسڵەتەکانی ئەو پیاوە بوو، ئەمەیش وەك ئەرکێکی شەرعی لەپێناو خزمەتکردن بوو بەم میللەتە موسڵمانە.

پەیوەندیم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە خوا لێی خۆش بێ مەلا مستەفا لە ڕووسیا گەڕایەوە بۆ کوردستان، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی لە کۆشکی (نووری سەعید)دا جێگیر بوو، من و کاکە مەلا ساڵحی ئامۆزام چووین بۆ دیداری و بەخێرهاتنەوەی، هەر ئەو کاتەش هەندێ لە زانایانی بادینان لەو مەجلیسەدا بوون، ئەوان ئاگاداری ئەو نووسینانە بوون، کە ئێمە لە ڕۆژنامەکانی (الحیاد، الفیحاء، الجهاد) و لە گۆڤاری (لواء الاخوه الاسلامیه) و لە چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەی ئیسلامیدا دەمانبووسین. جا لە دووڕوەوە باش دەیانناسین، بۆیە باسی ڕۆڵ و بۆچوونی ئێمەیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی کرد، ئەویش زۆر بە شادییەوە داوای لێ کردین، کە جارێکی دیکە با بە نهێنی هەر لەم شوێنە چاومان بە یەکتر بکەوێتەوە، بارزانی بە دووڕودرێژی هاتە سەر باسی سەختی و دژواری و نارەحەتیی ژیانیان لە ڕووسیا، ئینجا داوای لە هەر دوو لامان کرد کە پێکەوە هاوکار بین بۆ خزمەتی گەلی کورد، بە ڕادەیەك هەندێ (پەڕلە)شمان لەنێوان یەکتردا دانا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نامە و ڕاسپاردە و پەیوەندی.

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، بارزانی داوای کرد کە هیچ نەبێ مانگێ جارێك یەکتر ببینین، بۆ بەدواداچوونی ئەم دانیشتنەی یەکەمجارمان و زیاتر چەسپاندنی یارمەتیدان لەنێوانماندا. ئەوەی دەشێ بگوترێ لەم دانیشتنەشدا، بەڕێز (مەلا ساڵحی بارزانی)ش ئامادە بوو، پاشان بە نهێنی جارێکی دی چاومان بەیەك کەوتەوە، کە ئەوەی لێ هاتەدی بتوانین گشت هەوڵ و کۆششێکمان لەپێناو بەڕژەوەندیی گەل و پاراستنی بوون و باوەڕ و ڕەوشتی گەلی کورددا بێت.

بەشداریی زانایانی کوردستان لە ئاراستەکردنی شەرعی و هزری خەڵکی، تا ببنە سەرچاوەی فەتوا و داوەریەکی شەرعی، دیارە ئەمەیش ڕوویەکی جوان و شایستەی شۆڕش و جوواڵنەوەی کورد لە لای دنیای ئیسلامی پیشان دەدات. لە ساڵی 1970 و دوای ئاگربەست و خۆئامادەکردن بۆ وتووێژکردن لەگەڵ حکوومەت، چوومە سەردانی مەلا مستەفا بارزانی، پێشتر پرۆژەیەکی باشم ئامادە کردبوو، بۆ ڕێکخستنی زانایانی ئایینیی ئیسلام لە کوردستاندا، واشم چاوەڕوان دەکرد، کە بارزانی باشترین پاڵپشتم بێت. دوای پێشکەشکردنی پرۆژەکە، **گورج ڕەشنووسەکەی لێ وەرگرتم و گوتی:** (ئا ئەمە بوو، کە من دەمویست.. ڕاستییەکەی دەبێ زانایانی ئایینی ڕۆڵێکی ئاوهایان ببێ، نەك تەنیا بەشداری، دەبێ لەسەرەوە بن و فەرمان بدەن). هەروا ئامادەیی خۆیشی دەربڕی بۆ هەر پشتگیری و یارمەتییەك. بۆیە چالاکی و کارکردنی ئەو قۆناغە باشترین ڕووی هەبوو و هەستی پێ دەکرا، ئەو پرۆژە کارایەش ڕێگەیەك بوو بۆ ڕێککەستنی زانایانی کوردی موسڵمان، لەژێر ناوی (یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان)دا و بەم جۆرە بوو:

1- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، یەك بەش و یەك حزبە، بانگەشە بۆ بزووتنەوەیەکی دیکە یا حزبێکی دی، زیان دەگەیەنێ بە هەر کام لەم دوو لایەنە.

2- کەسایەتیی مەلا مستەفا، سەرەڕای ئەوەی سەرکردە و پێشەوایەکی لێهاتوو و سەرکەوتووە، پیاوێکی ئایینیشە و شانازیی بە ئیسلامەوە دەکات.

بە ڕای من لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەی کورددا، سەرکردەی شۆڕش نەك هەر لاریی نەبوو لە یاساکانی ئیسلام، بەڵکوو یارمەتیی چەسپاندنیشیانی دەدا، بەزیادیشەوە و بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو، بەپێی بار و زرووفی کوردستان، وەك شتێکی ئاسایی، بەوپێیەی کە زۆربەی کورد موسڵمانن.

3- زۆرجار لە مەلا مستەفام دەبیست، ئەو لە کاتی دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ کورد، هەوڵ دەدات کە قانوونی ئیسلام تیایدا بەرپا بێت، ئەمەش لە نییەتپاکی و چاکیی خۆیەوە بوو.

کەواتە (یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان) باشترین بازنەیەکی کارکردن بوو بۆ ئەو قۆناغە و بۆ ئەو چالاکییە ئیسلامییانەی دەکران، ڕاستییەکەشی زۆر کاری چاکی کرد و بەرهەمی بەسوودی هەبوو، دیارترینیان:

1- ئاماژەدان بە ڕووکاری یەکگرتن و پشتگرتنی ناو ڕیزەکانی کورد و پاراستنی ڕووی خاوێنی کورد و پاراستنی ناسنامەی گەلی کورد، وەك گەلێکی موسڵمان.

2- دانانی دادگە ئیسلامییەکان، کە زۆر کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر دەکرد.

3- ڕێگرتن لە هەندێ زیادەڕۆیی و پەرگیری لە لایەن هەندێ بەرپرسانی ناو شۆڕشەوە و نەهێشتنی هەندێکی دیکەیان لە دیاردە و کاری نامۆ و ناشەرعی.

مەلا مستەفا بارزانی پاڵپشتییەکی توند و چاکی ئەو کۆمەڵە زانایەی دەکرد، ئەوانەی ئەو یەکێتیی ئایینییانەیان بەڕێوە دەبرد، هەتا لەو مەسەلانەشدا کە لەسەر حزب و شەخسی خۆیشی حسێب دەکران. کاریگەری و پەیوەندیی دێرینم لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفا بارزانیدا بەردەوام پتەوتر دەبوو، خۆ کاتێکیش وتووێژی نێوان شۆڕش و حکوومەت بە بنبەست گەیشت و ڕووخا و شەڕ دەستیپێکردەوە، گشت زانایانی ئایینی لە شۆڕشەکەدا بەشدار بووین و چووینە شاخەکانی کوردستان.

ساڵی 1974 من و هەندێ لە زانایانی دی، بە نوێنەرایەتیی گەلی کورد و بەڕێز مەلا مستەفا چووینە (ڕیاز)، پایتەختی وڵاتی عەرەبی سعوودی، بە هاوکاریی زانای پایەبەرز (محەممەد مەحمود ئەلسەواف) چاومان بە خاوەن شکۆ (مەلیك فەیسەڵ) خوا لێی خۆش بێ، مەلیکی وڵاتی عەرەبی سعوودی کەوت. بە دووڕودرێژی باسی کێشە و مەسەلەی گەلی موسڵمانی کوردمان بۆ کرد، ئەو تەنگوچەڵەمانەی بۆی دروست دەکەن و شۆڕشی ئەم گەلە موسڵمانەیش. هەروا لە بارەی ئیسلام و ڕێزگرتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ ئەم ئایینە و زانایانی ئایینەکە، پاڵپشتیی بۆیان و چەسپاندنی شەرعی ئیسلام لە کوردستاندا.

چاوپێکەوتنەکە و ئەو باسانەی خرانەڕوو هێندە کاریگەر بوون، بە ڕادەیەك کە مەلیك فەیسەڵ دەستی کرد هەڵمەتێکی دیپلۆماتیی عەرەبی تا ئاشتی و ئاسوودەیی بگەڕێنێتەوە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتەکەی عێراق و قایلکردنی حکوومەتی عێراق تا دان بنێ بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا و زامنکردنی ئەو ڕێککەوتنەی دەکرێ. پاشان مەلیك فەیسەڵ، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ڕاسپارد، کە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بە هاوکاریی لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆماری میسرِدا، بەڵام ئەم تەقەللایانە بەهۆی ناپاکیی حوکمی ئێران سەریان نەگرت، کاتێ لەپشتەوە خەنجەرێکی ژەهراوی سرەوانده شۆڕشەکەمان، بەڵکوو سرەوانديیە گشت موسڵمانان.

ڕا و بۆچوونم بەرانبەر بە مستەفا بارزانی خوا لێی خۆش بێ، بەم شێوەیەیە:

خوا لێی خۆشبێ مەلا مستەفا بارزانی، پیاوێکی ئایینی (مەلا) بوو، کەسێکی هەڵکەوتوو و دیاری ناو بنەماڵە و خانەوادەیەکی موسڵمان بوو. بووە سەرکردەی شۆڕشێکی نەتەوەیی، بەهۆی توانا و لێهاتوویی شەخسیی خۆیەوە، هەرکاتیش پێویست بوایە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانان پیشان دەدا و دەری دەبڕی، بۆیە لە مەسەلەی ئیسلامدا هەڵوێستی نازیانە و بوێرانەی هەبوو. لە جەنگی عەرەب- ئیسرائیلدا جوانترین هەڵوێستی دژ بە ئیسرائیل و پاڵپشتیکردنی لە موسڵمانان و عەرەب نواند، ئەوەش بە شەڕوەستاندن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، ئەمە لەکاتێکدا ئیسرائیل خواخوای ئەوەی بوو سوپای عێراق سەرقاڵ بکرێ و نەپرژێتە سەر بەشداریی لە شەڕەکەدا، هەروا هەلیش ڕەخسابوو بۆ بارزانی، کە لەو تەنگانەیەدا تۆڵە لە سەرکردە ملهوڕەکانی عێراق بکاتەوە، بەڵام وا دیاربوو کە هەڵوێست و ئایین و ویژدانی ئیسلامییانەی ڕێگەی ئەو کارەی نەدەدا و شەڕەکەی لە لایەن خۆیەوە ڕاگرت، تا سوپای عێراق بچێ بۆ شەڕی ئیسرائیل."

لەکۆتایی وتارەکەیدا سەبارەت بە سەرۆك مستەفا بارزانی، مامۆستا شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دەنووسێت: "ئاواتەخوازم بەهەشتی بەرین جێگەی بێت."

**تێبینی:**

* شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، کەسایەتییەکی ئیسلامیی گەورە و ناسراوە، ڕابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بووە، لە ڕۆژی 12/5/1999 کۆچی دوایی کرد و چووە بەر ڕەحمەتی خوا.

* دەقی ئەم وتارە لە کتێبی (مصطفى البارزاني- يبقى في ذاكرة التأريخ دوما)، المعد: سعد سعاد يونس الهموند. وەرگیراوە، ئێمەیش لەبەر گرنگی و پر بایەخیی، بە باشمان زانی بە زمانی کوردی و لێرەدا بڵاوی بکەینەوە.

خەبات
پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 ژمارە(6975)
www.xebat.net
ژمارە: (214)
هزر و هونەر



# ڕۆمانی ئارابخوێن

## لە نێوان واقیع و فەنتازیادا

**کە خوێنەر ڕووداوێکی فەنتازی دەبینێت، هەست بکات فەنتازیایە و کە ڕووداوێکی واقیعیش دەبینێت، هەست بکات واقیعییە، ئەمەش دەرەنجامی دریژکردنەوەی بێ سنووری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە**



سەدیق سەعید ڕواندزی

بگێڕەوەی هەموشتزان لە ڕۆماندا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و لە گۆشەنیگای یەکەمەوە، کە تیایدا لە نێو کۆی ئەو ڕووداوانە دایە. بگێڕەوە بە تایبەتیش بەکەسی یەکەمی تاک لە تێکستی درێژدا، ڕەنگە بکەوێتەوە هەڵەوە، چونکە کاتێ گێڕانەوە فۆرمی جیاوازی ڕووداو وەردەگرێت، ئەوا بگێڕەوەی هەموشتزان، ناتوانێت تەنها پشت بە گێڕانەوەی خۆی وەک بکەرێک لە نێو ڕووداوەکاندا ببەستێت، بەو مانایەی مرۆڤ پەیوەندی تەنها بەو هەڵومەرجە و سەردەم و ڕۆژگارە هەیە کە تیایدا دەژیت و ناتوانێت بگێڕەوەی سەردەمێک بێت کە تیایدا نەژیاوە. لەو کاتەدا گۆشەنیگای گێڕانەوە، لە تاکڕەهەندییەوە دەگۆڕێت بۆ فرە ڕەهەندی بە مەبەستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بگێڕەوەی هەموشتزان، لە بەشێکی دیمەن و ڕووداوەکاندا، دەبێ بگەڕێتەوە سەر گێڕەڕەوەی دیکە، تاکو پەیوەندییەکی مێژوویی، شوێن و ڕووداو، کەسایەتییەکان، لەنێوان ڕووداوەکان دروست بکات.

لە ڕۆمانی ئارابخوێندا، ئاسۆ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە، مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی شاری کەرکوک دەگێڕێتەوە، لە سۆنگەی ئەو هەموو ڕووداوانەی لەو شارەدا ڕوویانداوە، وەک بگێڕەوەیەکی سەرەکی دەردەکەوێت و هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم شارە هەر لەو سەردەمەی کەرکوک ناوی ئارابخا بووە، تا زەمەنی ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەر دەمێنێتەوە. ئیدی لە پەراوێزی ئەو هەموو ڕووداوانەوە، ئاسۆ ڕۆڵێکی سەرەکی و هەموشتزان دەگێڕێت. ئەم کارەکتەرە، لە نێوان واقیع و فەنتازیادا، دەگەڕێتەوە سەر ڕووداوەکان. گەرچی ڕەهەندێکی فەنتازی بە ڕووداوەکان دەدات، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی بەشێکی زۆری ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانیش بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ڕۆڵ دەبینن بۆ نموونە وەک:_ (جیهاد دڵپاک، جان دەمۆ، سەرگۆن پۆلس، جەلیل قەیسی، ئازاد سوبحی ) و چەندانی تر، ئەوا جۆرێک لە فۆرمی واقیعییوون بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە، چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت لە فەنتازیادا، هیچ بنەمایەکی واقیعی، واقیعیانەی خۆی نامێنێت، بەڵکو سروشتێکی سەرووی واقیع وەردەگرێت. بۆیەشە لە و ڕۆمانەدا، ڕووداوەکان بە هەردوو دیوی واقیع و فەنتازیا، هێنندە بە ناو یەکتری دادەچن، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆمانووس نەتوانێت هاوسەنگییەک لە نێوان هەردوو توخمەکە دروست بکات و ڕووداوەکان کە دەگێڕدرێنەوە، فۆرمێکی فەنتازی وەربگرن. بۆ نمونە: ئەو کاتەی ئاسۆ بە خەیاڵ کەرکوکی نێستا جێدێڵێت و دەگەڕێتەوە ئارابخای کۆن دەڵێت:_ (خۆ من لە کەرکوکی سەدەی بیست و یەک نیم لە ئارابخام . ل 67) لێرەدا، ئاسۆ بە خەیاڵ گەڕاوەتەوە ئارابخای کۆن و کەرکوکی ئەم سەدەیەی جێهێشتووە. بێگومان لێرەدا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ئەو گەڕانەوەیە، هەرتەنها گەڕانەوەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو بەرکەوتەییشە، بەو مانایەی مرۆڤ کاتێ دەگەڕێتەوە زەمەنێک لە ڕابردوو، ئەوا ئەدگارەکانی ئەو ڕۆژگارەش، دەبنە بەشێک لە بوونی و دەبێ ڕووداو و دیمەن و دیاردەکان، گوزارشت لە خودی ڕۆژگارەکە خۆی بکەن، دەنای گێڕانەوەی ئەو ڕۆژگارە، بە تێڕوانین و ڕووداوەکانی ئێستا، گێڕەڕەوە دەخاتە هەڵەوە. ئاسۆ دوای ئەوەی خۆی لە ئارابخای کۆن دەبینێتەوە، با بزانین چۆن وەسفی ئەو شارە لەو کاتەدا دەکات، بۆیە ئاسۆ و لە وەسفی ئەو شوێن و زەمەنە دەڵێت:_(خەڵکەکەی سادەو ساکارن، ئەمە چییە لە بەریان دایە؟ لە دشداشە دەچێ و دشداشە نییە؟ پارچە کوتاێکی سپیان بەستووە بە سەریانەوە لە جەمەدانی ناچێ و مشکیش نییە، سەر پێڵاوەکانیان چوپی ڕەشەو بنەکەی تەختەدارە . ل 69) بێگومان گەر لەسەر ئەو ئایکۆنانە بوەستین کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دراوە، ئەوا دەردەکەوێت کە ئاسۆ، ڕاستە بە خەیاڵیش ڕۆمانەکە هەر لە شاری ئارابخادایە، لە نێو کەسانێکە (ئەگەر بە خەیاڵیش بێت) کەس ناناسێت، کەچی باسی (کەباب) دەکات ! وەک ئەوەی لە ئێستای کەرکوک دابێت! هەر ئەم تێکەڵییە لە نێوان واقیع و فەنتازیادا، پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەرە و هەڵەیەکی دیکەی زەقتر دەبات کاتێ باسی (کەبابی نەجەو لەفەی ڕۆستی دەدە دەکات !ل 69) کە ئەمەش دەریدەخات، ئاسۆ ڕاستە بە خەیاڵ لە ئارابخایە، بەڵام نەک نەیتوانیوە گوزارشت لەو سەردەم و قۆناغە بکات، بەڵکو کەوتۆتە هەڵەی زەقی لەو شێوەشەوە، چونکە کەباب و لەفەی ڕۆست، بەرهەمی کەرکوکی ژیانی سەردەمی ئارابخا نین، بەڵکو ئامادەو دەرکەوتنە بۆ کەرکوکی سەدی بیست و یەک، کە ئاسۆ گوایا جێی هێشتووە. هەڵبەتە، ئاسۆ هێشتا هەر لە ئارابخایە، لەنێو کەسانێکە شێوە جنۆکەو کەس ناناسێت، چونکە ئەوان نایبینن، کەچی کاتێ سەر بەژووریەک دەکات و ژنێکی جوان و لەشو لار گۆشتن دەبینێت، ئەوەی بیر دەچێتەوە کە ئەوان نایبینن، بەڵکو بەشێوەیەکی دیکە دەدوێت و دەڵێت:_( چیبکەم، شۆڕەژن و چوارپەلی شکاندوم، بڵا بچمە پێشێ، خۆ نامبینێ، ئەگەر لەچاوەکانی ئەوەوە بینرابام ئێستا کردبووی بە قیژە قیژ .ل 70) دیار لێرانەدا، لە ئارابخای کۆندا، مرۆڤەکانی نێو شارەکە، کارەکتەری ڕۆمانەکە نابینن، وەک ئەوەی لەو وەسفەدا، کە بۆ ژنێک دەیکات، ئاسۆ باسی دەکات، کەچی دواتر لە درێژەی وەسف و گێڕانەوەکاندا، هەر لە میانەی دیتنی ژنەکە دەڵێت:_( بۆ نان هاتم پەنیرم دەستکەوت، ئەوە بۆ هەستایە سەرپێ؟ لەوەدەچێ هەستی پێکردبم، وا لە ژوورەکە چووە دەرێ بەرە و حەوشەکە ڕۆیشت، لەوانەیە پیاوەکەیم بۆ بانگ بکا . ل 70) هەڵبەتە، کارەکتەرەکە خۆی لە سەرەتاوە باس لەوە دەکات کە نایبینن، لە زمانی ئەو ناگەن، بۆیە ژنەکە بەهەمان شێوەی ئەو خەڵکە هەست بە بوونی ئەو ناکات، کەچی ڕۆمانووس باس لەوە دەکات، کە ژنەکە دەچێت، میردەکەی بانگ دەکات، چونکە ئەو نیازێکی خراپی هەیە و سەیری دەکات. بێگومان لە نێوان فەنتازیاو واقیعدا، جیاوازیەکی گەورە هەیە، فەنتازیا، ڕووداوێک تیایدا ڕووددات، کە لەدەرەوەی مەنتق و ئەقڵە و لە سەرووی واقیعە، بۆیە ئەوەی لە واقیعدا بوونی نەبێت، لە نێو فەنتازیادا جێگەی دەبێتەوە، لێرەوەش کاتێ ئێمە باسی دۆخێکی فەنتازی لە ڕۆماندا دەکەین، دەبێ بنەما و توخمەکانێ نێو ژینگە خەیاڵییەکە ڕەنگدانەوەی فەنتازیا بن، لەو سۆنگەیەوە ئەو گێڕانەوەی ئاسۆ بۆ ئارابخای کۆن و جێهێشتنی کەرکوکی سەدەی بیست و یەک، پەیوەندی بە فەنتازیاوە نییە، بەڵکو مۆرکێکی واقیعیانەی هەیە (جیاوازی لە نێوان گێڕانەوەی ئاسایی واقیعی و نێوان ڕووداوی سەیر و غەریبدا ئەوەیە، کە لەیەکەمیان ئەو شتە ڕووددات کە بەشێوەیەکی ئاسایی شیاوی ئەوەیە لە هەموو وەختێکدا لە ژیانماندا ڕووبدات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا شتێک ڕووەدات کە ناکرێت لە ژیانمان ڕووبدات ) (2) لێرەوەش ڕووداوی نێو شارە خەیاڵییەکە، کە ئارابخای کۆنە، ناچێتە نێو فەنتازیاوە، چونکە کەباب، لەفەی ڕۆست، دشداشە و مشکی و جامانە، لەو ئایکۆنانەن کە لە زەمینەی واقیعدا هەن. بەواقیعییوونیان، فەنتازییوونی ڕووداوەکان بەتاڵ دەکەنەوە، بە تایبەتیش لەو ڕۆمانەدا کە فۆرمێکی گێڕانەوەی مێژوویی بە سەر ڕووداوەکاندا زاڵە، ئەویش لە ڕێگەی ئاسۆی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە کە بگێڕەوەی هەموشتزانە. هەڵبەتە پاڵەوانی ڕۆمان، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ژیاریان بە ژینگە و شوێنی ژیان هەیە و هیچ پاڵەوانێک و بگێڕەوەیەک، پاڵەوان و بگێڕەوەی ڕووداوەکانی هەموو سەردەمەکان نین، کەچی ئاسۆ لەو ڕۆمانەدا ئەو ڕۆڵە دەبینێت، وێرای ئەمەش، هەیسەم زوباح کە یەکێکە لە جەلادەکانی بەعس لە شاری کەرکوک و بەردەوام ئازار و ئەشکەنجەی کەرکوکییەکان دەدات، هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکان، هەر لە سەردەمی سەرەتای هەشتاکانەوە، تا ئازادکردنی کەرکوک و دواتر ڕووخانی ڕژێمی بەعس، تا عاتنی داعش واتا بە درێژایی چەندین دەیە لە نێو ڕووداوەکان دەمێنێتەوە، کە نازانین چۆن لەو هەموو ماوە درێژەدا، هەیسەم شتێکی لێ نەهات؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئاسۆ، کە لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا منداڵ بووە، وەک ئەوەی خۆی دەڵێت پاسیکەلەم لە کاتی کۆچڕەوەکە لە ماڵ بەجێیا، کەچی پێ بەپێ لەگەڵ ژیانی هەیسەم دەڕواو ورد و درشتی ژیانی خەڵکی کەرکوکمان، تەنانەت لە ڕۆژگاری حەڕەس قەومییەکانەوە بۆ باس دەکات، کە ئەمەش بنەمایەکی هەڵەیە لە گێڕانەوەدا، چونکە مرۆڤ دەتوانێت تەنها ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە کە خۆی لە نێوی دابووەو بۆ ڕووداوەکانی زەمەنی ڕابردوو، دەبێ بگەڕێتەوە سەر بگێڕەوەی دیکە، نەک خۆی گێڕەڕەوەی هەموو ڕووداوەکان بێت، وەک ئەوەی لەو ڕۆمانەدا ئاسۆ ئەو ڕۆڵە دەبینێت، کە ئەگەر پەیوەندی بە فەنتازیاشەوە هەبێت نەگونجاوە.( فەنتازیا، بە جۆرێک لە فەوزا دادەنرێت، کە لە ئەنجامی شێواندنی سیستەمی ئاشناداا، شتێکی نا ئاشنا دەچێتە جیهانە واقیعیەکەوە، یاسا واقیعی و سروشتیەکە بە هۆی دەسەڵاتە سەروو سروشتیەکەوە دەکەوێتە بەر پرسیار ) (3) سروشتی ئەو ڕووداوانەش بە تایبەتی لە ئارابخای کۆن، ڕووداوگەلێک نین نا ئاشنا، بەڵکو لە واقیعدا بوونیان هەیە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە، وەک بگێڕەوەی ڕووداوەکان تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەمێنێتەوە، کە کۆتایی ڕووداوەکان، لە ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەر دایە. لە فۆرمێکی گشتیدا، ئارابخوێن، بە تایبەتیش لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەوە، فۆرمێکی مێژوویی و واقیعی وەردەگرێت، بە پێچەوانەوە کە سەرەتاکەی جۆرێک لە بەرجەستەکردنی فەنتازیایە، بەڵام لە نێوان ئەو دوو بنەما هونەرییە لە ژانڕی ڕۆماندا، ڕۆمانووس نەیتوانیوە هاوسەنگییەک ڕابگرێت، بە جۆرێک کە خوێنەر ڕووداوێکی فەنتازی دەبینێت، هەست بکات فەنتازیایە و کە ڕووداوێکی واقیعییە، ئەمەش دەرەنجامی دریژکردنەوەی بێ سنووری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، کە جۆرێک لە دریژدادڕیشی دروست کردووە کە بۆتە هۆی چەندین ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا وەک شەڕی ئێران و عێراق، پێشمەرگە و بەعس، کۆچڕەوەکە، هاتنی داعش، بوونی مامە ڕیشە لە شارەکە، گرتن و ئەشکەنجەدانی کوردەکان لە شارەکە دووبارە ببنەوە. بێگومان ئەستەمە ڕۆمانێک لە یەک کاتدا، واقیعی و مێژوویی و فەنتازیش بێت، دەشێ هەڵگری هەندێک ڕەگەزی فەنتازی بێت، بەڵام بونیادی هونەری ڕۆمان، بە جۆرێک نیوەی واقیعی بێت و نیوەشی فەنتازیا، سەرەنجام جۆرێک لە تێکەڵی لە ڕووداو و دیمەنەکان لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕۆمانە، لە ڕووی زمانەوانیشەوە، چونکە بە ڕێنووسی ڕۆژهەڵات نووسراوە، چەندین خەوشی زمانەوانی گەورەی تێدایە، بێگومان ڕۆژهەڵاتییەکان گرنگی زۆر بە زمان دەدەن، بەڵام گەر بکەوێتە سەر بەراوردی نووسین و ڕێنووس، ئەوا زمانی کوردانی باشوور، پەنجا ساڵ لە پێش ئەوانەوەیە. لە زمانی کوردیدا، بونیادی گرامەری جێگیر هەیە و ڕێسای زمانەوانییە و ناتوانرێت، زمان بخرێتە دەرەوەی ئەو ڕێسایەوە، کەچی لە ئارابخادا، ڕەچاوی ئەو لایەنانە نەکراوە بۆنموونە ئامرازی (تر)ی بەراورد، دەبێ بلکێنرێت بە وشەوە کەچی لەو ڕۆمانەدا بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی ئەوە نەکراوە وەک _ (باش تر، جوان تر، خراپ تر، کەم تر، خۆش تر، نوێ ترین، بچووک ترین، منداڵ تر) هەروەها لە دانانی پاشگری (دا) ش، ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە لە کام شوێن وشەیەک پێویست دەکات، ئەم ئامرازەی پێوە بلکێنرێت، لە کام وشە نا، تەنانەت ڕەچاوی پێکهاتەی ڕستە لە ڕووی بکەرو کارەوە نەکراوە ڕستە هەیە کاری تێدایە، بێ ئەوەی بکەری تێدا بێت وەک :_( وەکو ئەوەی کرێ دوکان کۆبکاتەوە . ل 11) ئەوەی پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ ڕۆمانەکە کردووە، واتێگەیشتووە (ئەوە) کە هاوەڵناوی نیشانەیە، جێناوی کەسی سێیەمی تاکە و ڕۆڵی بکەر دەبینێت، لە کاتێکدا لە ڕووی زمانەوانییەوە دەبێ بنووسرێت: _( وەک ئەوەی کرێی دوکان کۆبکاتەوە) کە لێرەدا (ی) کە جێناوی لکاوە، بۆ ئەوی بکەر نادیار دەگەڕێتەوە، یاخود لە ڕستەی (ئەگەرچی مەرگی عەباس عەزابی زۆردا . ل12) لێرەدا، مەبەست ئەوەیە کە مردنی عەباس، ئازاری زۆری هاوڕێکەی داوە، کەچی لە ڕستەکەدا ( عەزابی زۆردا) بەو مانایە دێت کە مەرگی عەباس، بووە سەرچاوەی ئازارێکی گشتی کە ئەمەش هەڵەیە دەبوو بنووسرێت:_( ئەگەرچی مەرگی عەباس عەزابی زۆری دا ) ئەمانە و چەندین نموونەی دیکەی زمانەوانی، کە بە داخەوە بە هۆی نەشارەزایی، زمانەوانی ڕۆمانەکە کە پێداچوونەوەی بە زمان و ڕێنووسی ڕۆمانەکە کردووە، لە ڕۆمانەکەدا هەن. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە دریژکردنەوەی ڕووداو لەو ڕۆمانەدا، بە تایبەتیش لە سەر زاری بگێڕەوەی هەموشتزان، جۆرێک لە دریژدادڕیی دروست کردووە، کە ئەمەش وایکردووە ڕۆمانەکە پتر فۆرمێکی مێژوویانەی واقیعی وەربگرێت، نەک فەنتازی، بە تایبەتیش لە پەراوێزی گێڕانەوەی ئەو هەموو ڕووداو سیاسی و مێژوویانەی لە شارەکەدا ڕوویانداوە کە نە تەمەن و قۆناغی ژیانی ئاسۆ، لە ڕووی زەمەنی و مێژوویییەوە هاوگونجاوە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، نە پێویستیش بەوەهەموو ڕووداو سیاسیانە دەکات، چونکە دەبێ بزانین، ئارابخا کە بە مانای کەرکوکی کۆن دێت، دەبێ ڕووداوەکان گەر واقیعیان فەنتازیش بن، دەڵاڵەت لەو شارە لە ڕووی مێژوویییەوە بکەن، بە جۆرێک کە خوێنەر هەست بکات ئەو لە نێو ئارابخایە، نەک کەرکوکی سەرەدەمی ئەنتەرنێت و کەباب و فەیسبووک و لەفەی ڕۆست ! کە دەرکەوتەی ژیانی پۆست مۆدێرنەو ڕۆژگاری بە ئامێربوونی مرۆڤ سڕینەوەی مێژوو، هەموو بەهاو ئاکارە مرۆییە جوانەکانن!

*** سەرچاوەو پەراوێز:**

1 - ئارابخوێن، ڕۆمان، محمود نەجمەددین، بڵاوکراوەی چاپەمەنی خانی _ 2024
2 - کلیلدان، فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی و عەلی تاهیر بەرزنجی، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، زنجیرە 1182، سالی چاپ _2024، ل 378 .
3 - کلیلدان، فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی و عەلی تاهیر بەرزنجی، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، زنجیرە 1182، سالی چاپ _2024، ل 378.




کاروان کەریمخان

## پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر

پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، کە ساڵانە بەڕێوە دەچێت، یەکێکە لە ڕووداوە فەرهەنگییە گرینگەکانی هەرێمی کوردستان کە دەتوانێ گۆڕانکاریی ئەرێنیی زیاتری لێبکەوێتەوە.
لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر چەندین لایەنی ئەرێنی دەبینرێن و هەندێک کێماسیش هەن کە دەکرێ ساڵ بە ساڵ چارە بکرێن. یەکێک لە میکانیزمەکانی بەختوکردن و بەهێزکردنی پێشانگەی کتێب لە هەولێر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بتوانێ لەو پێشانگەیانەدا فێلووشیپ (Fellowship)، واتە بەرنامەیەک بۆ گۆڕینەوەی فەرهەنگی، تۆڕسازی، کڕین و فرۆشتن و هاوکاریی نێودەوڵەتی لە پێشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوەی، هەبێت.
فێلووشیپ بەرنامەیەکە کە تێیدا چاپگەران، وەرگێڕکاران، ئاژانسەکانی ئەدەبی و چالاکانی چاپەمەنی لە وڵاتانی دیکە بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی چاپگەرانی ناوخۆ ببینن و لەبارەی کڕین و فرۆشتن و ماف و تێچووی وەرگێڕان (کۆپی ڕایت) گفتوگۆ و تاوتوێی هاوکاریی نێودەوڵەتی بکەن و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆی بە جیهان بناسێنێت.
هەروەها دانانی سایتی تایبەت بە پێشانگەی کتێب لە هەولێر و بەڕێوەبردنی فێلووشیپ بۆ کۆکردنەوەی ئەدیب و نووسەرانی کورد لە هەموو جیهاندا، بانگهێشتی چاپگەرانی دەرەوە، وەرگێڕکارانی بیانی، دانانی فێرگەی وەرگێڕان، بانگکردنی ئاژانسەکانی ئەدەبی و چالاکانی چاپەمەنیی لە وڵاتانی دیکە و دیدار لەگەڵ چاپەمەنییەکانی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ لەبارەی کڕین و فرۆشتن و ماف و تێچووی وەرگێڕان، هاوکاریی نێودەوڵەتی و ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد، کارێکی لەپێشینەیە.
بەو کارە هاوکاریی ئەدەبی و فەرهەنگی لەگەڵ پارچەکان بەهێزتر دەکرێت. پردی پەیوەندیی ئەدەبی و فەرهەنگی لەگەڵ وڵاتان دادەنرێت. لە ڕێگەی فێلووشیپ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد پتر بە جیهان دەناسێندرێت. بەو نیگایەی کە پارەیەکی زۆر بۆ چاپی کتێب دەچێتە دەرەوە چونکە لە وڵاتێکی دیکەدا هەرزانترە، گرینگی بە پیشەسازیی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان دەدرێت و سەرمایەی دەرەکی و ناوخۆیی بۆ ڕادەکێشرێت. بە تایبەتی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتە ناوەندێک بۆ ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی دیکەدا هەلی چاپ کردنی کتێبیان نیە ئەو کارە گرینگیی خۆی هەیە.
ئەمەش کارێکە کە دەتوانرێ بکرێ؛ بە تایبەتی بە هۆی هەبوونی کەسانی شارەزای سیاسەتی فەرهەنگی و بەڕێوەبەرانی پسپۆڕ لە واری فەرهەنگ و هەبوونی زانکۆ بیانییەکان لە کوردستان ئەو کارە ئاسانتر جێبەجێ دەکرێت.

# ئەکشن..
# لە دراماو فیلمی کوردی دا



حەیدەر عەبدولڕەحمان





## وشەی ئەکشن (action):

ئەو وشەیەیە کە دەرهێنەرەکان لەکاتی تۆمارکردنی وێنە وەک ئاماژەیەک بۆ دەست پێکردنی تۆمار کردن لەگۆڕەپانی وێنەگرتن و و لەتەک لوکێشنی دیمەنەکان بەدەنگێکی بەرز بەسەر هونەرکارەکان و ئەکتەرەکان بەکاری دێنن وشەی ئەکشنە.

ئەکشن-لە ڕەسەندا وشەیەکی ئینگلیزیە بەواتای جوولە کردن، ئاگا لێبوون، دەست پێکردن بەکارێك دێت، کە لە ڕێی دەنگ و ئاماژە پێکردن، گوزارشتی لێ دەکرێت، لەفیزیکیشدا بەمانای گۆڕین لەشوێن و دەست پێکردنی کارە، بەرەو ئاراستەو ئامانجێکی دیاری کراو، ئەکشن لەدراماو سینەماشدا بەمانای ئەو دیمەنانە دێن، کە بەدیمەنی توندو تیژی و ڕاوەدوونان، کوشتن و برین، تەقەو تەقاندنەوە، بزووتنەوەی پاڵەوان بازی ناسراون.

ئەم پێناسە بۆ ئەو فیلم و ئەو زنجیرە تەلەزیۆنیانە دەگوترا کە لەسەدەی بیستەم بەرهەم هاتوون، بەڵام دواتر ئەو شوناسە بۆ ئەکشن گۆڕا و ئەو فیلم و زنجیرانەی گرتە خۆی کە لە هۆلیوودی نوێ بەرهەم هاتوون، کۆمەڵێ ئەکتەری گەورەی بواری ئەکشن پێی ناسراون. لەئاسیادا جۆرە ئەکشنێکی تایبەتی باوە کە پشت بەهونەری کوشتار بەشیرو خەنجەرو ڕم و کەرەستە سەرەتاییەکانی دیکەی شەڕ بەکار هاتوون، بەتایبەت بۆ فیلمە مێژوویی و ئاینییەکان.

دواتر ئەو کەرەستانەی شەڕ لەگەڵ پێشکەوتنی زەمەن گۆڕان، بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم.

## کوردو ئەکشن:

کۆمەڵگای کوردی لە ڕێ ی مێژوویەکی خوێناوی، هەموو ژیانی لەئەکشندا بەسەر بردووەو زۆرێك لەمێژووی نەتەوەکەی بەشەڕو شۆڕو تراژیدیای گەورەو بەسەرهاتی جەرگ بڕ بەسەر بردووە، لەو تراژیدیانەی لە کەم لە فیلم و دراما ئەکشنە جیهانیەکاندا وێنەیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕەزووی بینینی دراماو فیلمی ئەکشن دەکات، بەتایبەت ئەو دراماو فیلمانەی سەربوردەی خەبات و بە فۆرمێکی سەرنج ڕاکێش قارەمانیەتی کورد دەگێڕنەوە..

بەڵام ئەگەر ئەکشن وەك زانست و دوورو نزیکی لە کورد سەیر بکرێت، ئەوە بێ شك ئەکشن هونەرێکی زەبەلاحەو پێویستی بەتەکنیك و تەکنەلۆژیایەکی زۆرو پسپۆری کارامە هەیە بۆ بەرجەستە کردنی .

ئێمەی کورد لەسەرەتای دەست پێکین و ئەوەش هەمانە بە توانای خۆمان نیەو بەشی هەرە زۆری بە پشت بەستن بەتواناو دەسەڵاتی دەرەوەی هەرێم بوونە.

ئەو دەرهێنەرانەش کە لەو بوارەدا کار دەکەن هاو شێوەی جوان بامەڕنی، جەلیل زەنگەنە، حەسەن عەلی خان، میهران شیری، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و ناتوانن ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕبکەونەوە، کە لەو بوارەدا هەستی پێ دەکرێت .

## ئەکشن لە دراماو سینەمای کوردی دا:

ئەکشن لە دراماو سینەمای کوردی دا بەدەگمەنە و تەمەنیشی بەقەد تەمەنی دراماو دروست کردنی فیلمی کوردی کورترە.

بۆیە زۆربەمان هاوکوف لەگەڵ بەرهەمە ئەکشنییە کوردییەکان ژیاوین و ئەوە دەزانین کە بۆ کورد ئەکشن جۆرە دراماکی نوێ یە، لەکاتێکا بۆ هونەری گەلان خەریکە دەبێتە کەلەپوور.

## بنەماکانی ئەکشن لەدراما کوردییەکاندا:

ئەکشن وەك شوناس دەبێ بڵێین جۆرێکە لەدرامای تەلەفزیۆنی،کە پشت بەو دیمەنە توندو تیژو سەرنج ڕاکێشانە دەبەستێت کە ڕوو بەڕوو بوونەوەی تاك تاکە یا بەکۆمەڵ، ڕاوە دوو نان و جەنگ و بۆردومان و خوێن ڕشتن و ململانێی شەڕو خیری، تێدا ئەنجام دەدرێت،بە فۆرمێك پاڵەوانیەتی، یا هێزێکی خەیاڵی بزوێنەری هەبێت .

لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی کوردی دا پتر کار لەسەر ئەکشنی، مێژوویی، سەربازی و جەنگ، ئایینی و ئایدۆلۆژی، نەتەوەیی، پۆلیسی دەکرێت .

ئەو دیمەنانەن کە پشت بە جوڵانەوەی سەرنج ڕاکێش دەبەستێت،

وەك ڕوو بەڕوو بوونەوەی جەستەیی، ڕاوەدوونان، تەقاندنەوە، ململانێی خێرو شەڕ، کە هەر هەموو ئەمانە، بە شێوازێکی خێرا بەبەر چاودا ڕەت دەبن.

تێبیدا ئەو کاراکتەرانە دەبنە کرۆکی ڕووداوەکان، وەك پاڵەوانێك یا ئەفسانەیەك نیشان دەدرێن، لەو دیمەنانەدا بەگرێ چنی ساده دروست دەکرێن کە بینەر بەپەرۆشەوە بە دوای چارەسەر کردنیاندا دەگەڕێت.

لەڕووی تەکنیکەوە:

وێڕای ئەو سەرەتا ساوایەی لە بواری سەرهەڵدانی زنجیرە درامای ئەکشنی کوردیدا سەر هەڵدەدەن، لە ڕووی بەکارهێنانی کامێرای نوێ و مۆنتاژی پێشکەوتوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئاوانەشدا کیشەو ئاریشای هونەری زۆر هەن لە کاری درامیدا.

بەتایبەت کێشەی کادیرو دەرهێنەری پسپۆر، لەوانەی لە بواری دیزاینی دیمەنی ئەکشن دا خاوەن ئەزموونن، بە تایبەت لەهونەری کوشتارو کارلێکە دەنگییەکان، تەقاندنەوە و شتی تر.

لە ڕووی هونەرییەوە :

لاوازی دەبیندرێت لەنووسینی سیناریۆ، کێشەی کەمی گرێ چنینیان تێدایە، هەست بەدووبارە کردنەوەی بیرۆکەی دیمەن هەیە، کەمی کاری درامایی لەڕووداوەکاندا.

## نواندن :

وێڕای بوونی توانای باشی نواندن بەگشتی،بەڵام بەشی زۆری ئەکتەرەکانی ئێمە شارەزاییان نیە لە بواری نواندن بۆ ئەکشن، هەروا نواندن بۆ ئەکشن پێویستی بەتوانای جەستەیی بەهێز هەیە، هەر بۆیەش (حەسەن عەلی خان ) بۆ بەشی دووەمی زنجیرە درامای ئەکشن بایەخی زۆری بە هندرێن عەبدولڕەحمان دا.

ئەکتەرانی ئێمە لە ئەکشندا کەم ئەزموونن، بۆیە پێویستیان بە کاتێکی زۆری ڕاهێنان هەیە، بە تایبەت لەڕووی جەستەیی و لەڕووی بەکارهێنانی چەك، یان ئەسپ سواری.

گرنگە دەرهێنەر هەوڵی ئەوە بدات ئەکتەری خۆماڵی بۆ درامای ئەکشن بەکار بێنێ بۆ ڕهاتن لە فۆرمی ئەکشن، ئەمە دەبێتە بونیاتێك بۆ ئایندەی درامای کوردی.

بەڵام هەندێ ئەکتەر بەر لەوە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندییە گشتیەکەو هەوڵ دەدەن ئەکتەری ناسراوی تر بەکار بێنن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ناوداریەتی بۆ دراماکان و قۆ رخ کردنی ناو.

بۆیە تۆ وەك بینەر کاتێ دەبینی دەرهێنەر زۆرتر بایەخی بە هێنانە پێشەوەی ئەکتەری فارسی دەدات، بیرت بۆ ئەوە دەچێ کە بەچاوێکی نزمتر تەماشای ئەکتەرانی خۆمان بکەیت،

بەڵام ئەم حاڵەتە لای هەموو دەرهێنەرەکان وەك یەك نیە، هەر بۆ نمونە دەرهێنەرێکی وەك جەلیل زەنگەنەو جوان بامەڕنی هیچ ئەکتەرێکی غەیرە کوردییان بەشداری پێ نەکردووە، بەڵام ئەم حاڵەتە لای (حەسەن عەلی) شتێکی تر، دراماکانی پڕن لە ئەکتەری ئینگلیزو تورك و فارس و عەرەب.

ئەمەش لەئەنجامدا بۆ بەرژەوەندی درامای کوردی هەڵناکەوێتەوە.

بەڵام دەرهێنەرێکی وەك حەسەن عەلیش پاساوی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەکتەری غەیرە کورد و لەوانەیە پێت بڵێ خۆ هەر ئێمەی کورد نین ئەکتەری بیانی بۆ بەرهەمەکانی خۆمان موتوربە دەکەین، ئەوەتا مستەفا عەقادیش ئەنتۆنی کوینی ئەمریکی هێناوە، ئەمریکی و فەڕەنسیەکانیش عومەرشەریفیان بۆ ڕۆڵی لۆرانسی عەرەبی هێناوە.

لە نواندندا ڕەگەز هێڵی سووری نیە بۆ بەشداری کردن، بەڵکو تواناو لێوەشاوەیی و ناوداریەتی ڕۆڵ دەبینێ لە دیاری کردنی ئەکتەرەکان، بەپێی بەرژەوەندی گشتی بەرهەمەکە، بەڵام چونکە ئێمەی کورد توانایەکی سنوور دارو نا سەقامگیری دارایی و هونەری سنووردارمان هەیە،لەزۆر حاڵەتدا دەکەوینە بازنەیەکی تایبەتی.

## قەیرانی تیمی پسپۆر:

لەکاتی خۆ ئامادە کردن بۆ کۆ کردنەوەی ئەنجامەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ گرفت دەبینەوە، لەوانە:

گرفتی پەیدا کردنی دیزاینی شەڕەکان، لە ڕووی سەربازی، بەکارهێنانی چەك .

دەکرێ ئامرازە پێشکەوتووەکان ئامادە بکرێن، بەڵام وەك پێویست ناخرێنە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەهۆی:

کاتی زۆر بۆ ڕاهێنانی ئەکتەرەکان

دابین کردنی دەرهێنەری پسپۆر لە بواری ئەکشن دا.

دابین کردنی ئەو سینارستانەی شارەزای نووسینی فۆرمی درامای ئەکشنن، لەسەرووی هەموویانەوە پشتگیری دارایی و بەرهەهێنانێکی نەخشە بۆ کێشراو

## دەرهێنەری ئەکشن:

بەگشتی ئەو درامایانەی کە ئەکشنیان تیایە، پێویستیان بە جۆرێك لە شارەزایی و پسپۆری هەیەو هەموو دەرهێنەرێك ناتوانێت کار لە ئەکشن بکات، بەڵام :

1 - دەتوانێت لەو دیمەنانەی پێویستن،پەنا بۆ کەسانی پسپۆر بەرێت، بە تایبەت لەدیمەنی شەڕو شۆڕو بەرەنگار بوونەوەی شەڕی دەستەو یەخەو، شەڕی سەربازی و تەقینەوەو بەکارهێنانی بارووت و ئەسپ سواری و پاڵەوان بازی، بەکارهێنانی چەك و جۆرەکانی دیکەی ئەکشن.

2 - دەبێت ئەو دەرهێنەرەی کار لەفیلم و درامای ئەکشن دەکات، شارەزاییەکی زۆری هەبێت لە بواری تەکنیکی و هونەری وێنە گرتن و مۆنتاژ و ووناکی و هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی درامای بە هاوسەنگی تەوەرەکان بەڕێوە ببات.

3 - توانای پێشڕەوی کردنی تیمە هونەریەکانی هەبێت بەیەکەوە.

## یەکەم فیلمی ئەکشنی کوردی:

- فیلمی (گردی پیبرۆز ) ی دەرهێنەر (جوان بامەرنی) بەیەکەم فیلمی پرۆفیشتالی ئەکشن دادەندرێت لەمێژووی سینەمای کوردی دا، بەو پێیەی یەکەم ئەزموونی سینەمایی پێکهێنا کە سروشتی کردار و گێرانەوەی نەتەوەیی تێکەڵ یەکترکرد، تابلۆیەکی هونەری پێشکەش کرد کە خەباتی پێشمەرگە لە دژی هێزی داگیرکەر بەرجەستە بکات.لە نواندنی جیهاد دڵپاك، حەمە عەلی خان، عەبدولی حەمە جوان .

فیلمەکە ئەگەرچی بەکوالیتێکی نزم وتوانایەکی کەم بەرهەم هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ ئاماژەی گرنگی لەکۆمەڵگای کوردی ئاما ژە پێدا لەوانە:

1 - خەباتی ئافرەتی کورد

بەرجەستەی خەباتی ئافرەتی کورد دەکات، لەبەرەکانی شەڕدا شانبەشانی برا پێشمەرگەکانیان.

2 - ئاڵای کوردستانی یەکگرتوو:

فیلمەکە ناوازەیە بەوەی دروشمی کوردستانی گەورە بەرز دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لایەنگری هیچ ئایدۆلۆژیایەکی حزبی و ڕێکخراوێکی سیاسی دیاری کراوی حزبی بکات.

ئەو بەرهەمە نوێنەرایەتی بانگەوازێکی تەواوی ناسیۆنالیستی دەکرد،کە هاوتەریب بێت لەگەڵ خەونەکانی ئازادی و سەربەخۆیی، بەپێچەوانەی هەندێك زنجیرەی هاوچەرخی کوردی .

3 - گەشەسەندنی تەکنەلۆژی و دابەزینی ناوەڕۆك:

هەرچەندە بەرهەمە مۆدێرنەکان تەکنیکی پێشکەوتووی وێنەگرتن و دەرهێنانیان تێدایە، بەڵام زۆرجار بەدەست کەمی ناوەڕۆکێکی تونەوە دەناڵێنن، بیرۆکەی ڕووکەش دووبارە بەکاردێننەوە، یان لە پەیامە نیشتمانپەروەرییەکانیان بەتاڵ دەبنەوە.

4 - ڕۆحی نمایش لەڕابردووەوە:

ئەکتەرەکانی ڕابردوو بە جۆش و خرۆشێکی گەورە تایبەتمەند بوون کە لە باوەڕێکی قوڵ بەدۆزی نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەم باوەڕە لە ئەدای ڕاستگۆیانە و کاریگەرەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو.

-5 مۆزاڵ و تێچوون:

بەرهەمەکانی پێشوو بەسەرچاوەیەکی سنووردار بەرهەم دەهێنران، بەڵام هێزیان لەمۆزاڵێکی بەرزدا بوو، بەو پێیەی هەموو کارمەندەکان باوەڕیان بەگرنگی پەیامەکە هەبوو.

ئەمڕۆ سەرەڕای خەرجکردنی بودجەیەکی زۆر، لاوازی تەکنیکی زاڵە بەهۆی خراپی دامەزراندنی کارمەند و نەبوونی ئامانجێکی بنەڕەتی.

## فیلمی (خولە پیزە)

لە نووسین و سیناریۆو دەرهێنانی (جەلیل زەنگەنە) ساڵی 1999 بەرهەم هاتووە. فیلمێکی دیکەی ئەکشن بوو.

لەنواندنی:مستەفا ئەحمەد، ژیان ئیبراهیم خەیات، عەلی نوری،سمکۆ عەزیز..

## یەکەم دراماى ئەکشن

دراماى (گەردەلوول) سیناریۆو دەرهێنانى (جەلیل زەنگەنە) بە یەکەم ئەزموونى دراماى ئەکشنى کوردى دا دەندرێت، و لەساڵانى 2005 2013 سێ وەرزە.

وەرزى یەکەم و دووەمى 50 ئەلقە بوو، وەرزى سێیەمى 60 ئەلقە.

## زنجیرە دراماى کەرکووك 4

نووسین و سیناریۆى سعود ئەحمەد

لەدەرهێنانى دەرهێنەر ناسر حەسەن

بەرهەمى ساڵى 2010 ى وەزارەتى ڕۆشنبیرى و لاوانى حکومەتى هەرێمى کوردستانە

ئەکشنە

لە چواربەش پێکهاتووە، هەر بەشەو30 ئەلقەیە.

نواندنى: جیهاد دڵپاك، ئازاد جەلال، دایکى ئاریان، سەوسەن عەلى، قاسم عەبدولستار، سعود ئەحمەد،

## زنجیرە دراماى ڕأبوون

نووسینى: هاوڕێ قادر ڕەشید

دەرهێنانى نەجم هۆگر

دراماىەکى کۆمەڵایەتى، سیاسى، ئەکشنە

باس لەمیحنەتیەکانى پێش ڕاپەڕین دەکات

نواندنى: عەلى کەریم، دایکى ئاریان، دلێر مستەفا،حیکمەت هندى، کەژاڵ عەبدوڵڵا، مەریوان ئیبراهیم، شاناز محەمەد.

## دراماى گورگەکان

سیناریۆ و دەرهێنانى میهران شیرى

زنجیرەیەکى چوار وەرزى 30 ئەلقەیى

پۆلیسى، تاوان، ئەکشنە

بەرهەمى ساڵى 2021 ى کۆمپانیاى سام پرۆدکشن

میهران شیرى، یونس حەمە کاکە، ژینۆ سەرتیپ، محەمەد شێروانى، بەکر مەعروف، بەکر مستەفا، سەنگەر خورشید...

## زنجیرە دراماى (ئادیابین)

سیناریۆو دەرهێنانى (حەسەن عەلى خان) دوو وەرزە هەر وەرزێکى 30 ئەلقەیە.

بەرهەمى ساڵى 2025 ى کوردستان تیڤى یە.

نواندنى: هندرێن عەبدولڕەحمان، شوکرووڵڵا شێخانى، ئالان هادى، خەرمان هیرانى، تەلار هیرانى

هەوڵێکى نوێ یە بۆ پەرە پێدانى دراماى ئەکشنى کوردى.

بەگشتى ناوەڕۆك و پەیامى ئەو بابەتانەى دراماى ئەکشنى لێ دروست دەکرێت لە دراماى کوردى دا، بابەتى قارەمانیەتى پێشمەرگەو مقاومەتى پێشمەرگەیە دژى دوژمنانى کوردو هەندێ بەرهەمى دیکەى پۆلیسیە بە شێوەیەکى تەقلیدى لاواز.

لەڕووى هونەرییەوە ئەکشنى کوردى ریتمێکى خێراو مۆنتاژێکى واقعى ئاوێزان بەگرافیکە.

## کێشەکانى بەردەم ئەکشن

دراماى ئەکشن وەك دراماىەکى ئاسایى نیە وتێچووى بەرهەمهێنانى زۆرە، بۆیە دراماى ئەکشن هەمیشە ڕوو بە ڕووى کێشەى دارایى دەبێتەوە، کە ڕەنگە دەسەڵاتى بەرهەمهێنانى کاتى بێت و نەتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە کۆمپانیا بازرگانیەکان خۆیان بە دوور دەگرن لە بەرهەمهێنانى دا، مەگەر تەنها حزبەکان نەبن کە بۆ تۆمارکردنى مێژووە سەروەریەکانى خۆیان لێ دەدەن، ئەوەتا دراماىەکى وەك گەردەللول کە سپۆنسەرە حزبییەکەى پشتگیرى دارایى لێ بڕى، لە بەشى سێیەمدا وەستا، کەچى زنجیرە دراماى ئادیابین بۆ یەکەم جار لە مێژووى دراماى کوردى دا لەوەرزى دووەمیدا ملیۆنێك دۆلارى تێپەڕاند.

ئادیابیت سەلماندى کە ئەگەرپشتگیرى دارایى هەبێت هیچ شتێ مەحاڵ نیەو بەپشت بەستن بەتوانستى دەرەکى دەتواندرێ بە پێى ویستى خۆمان دراما بەرهەم بێنین، بەڵام ڕووى دووەمى لایەنە نەرێنیەکان لەوەدا کۆ دەبنەوە، ئەگەر تەنها پشت بە کادیرى دەرەکى ببەستین و تواناکانى خۆمان فەرامۆش بکەین، ئەوە لەچەند جەمسەرەوە زەرەر دەکەین:

1 - پشتگیرى حزبى لەهەموو کاتێکدا زامن نیە، ڕەنگە هەر کاتێك ئایدۆلۆژى و سیاسى دراماکان بگۆڕدرێت، بەرهەمەکانیش بە نیوە چڵى بەجێ دەمێنن وەك زنجیرە دراماى گەردەلوولى جەلیل زەنگەنە، بۆیە دەبێت بیر لە دەروازەى دیکەى ئەلتەرناتیف بکەینەوەو گوتارى دراماکان بگۆڕین لەگوتارێکى تەسکى حزبییەوە، بۆ گوتارَکى نیشتمانى و نەتەوەیى.

دەسەڵات بدەینە سیناریۆ نووس و دەرهێنەرەکان کە لەژێر ڕکێفى بەرهەهێنەرە حزبییەکان دەربێن و بە تێڕوانین و ئەزموونى ئازادو سەر بەخۆى خۆیان کار بکەن،

کەرتى تایبەتى بڕوا پێ بێنن کەبەرهەمهێنانى بەرهەمى نایاب زەرەرو زیانێکى دارایى نابێت، ئەگەرنا هەموو هیلاکى و ماندوو بوونەکانمان بە هەدەر دەچن.

2 - پێویستە لە بڕى کادیرى ئامادەکراوى هونەرى بیانى، هەوڵى دروست کردنى کادیرى ئەلتەرناتیقى کورد بدەین، بۆ ئە وەى بۆ سبەینێ هەریەکێ لەوان ببێتە خشتێك بۆ بونیاتى ئایندەى دراماى کوردى، بە تایبەت لە ڕووى وێنەگرتن، موزیك، ڕووناکى، گرافیك...

3 - ڕأهاتن لەسەر فۆرمى هێنانى دەستەى ئامادەکراوى هونەرى لە بیانیەکان، کێشە پیشەییە کەلەکەبووەکە زێتر دەکات و دەرفەتى ڕاهاتن لەدەست دەدات و ماوەى بە دەست هێنانى سەربەخۆیى دراما دوورتر دەکاتەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 ژمارە(6975)
خەبات

## گوزەرێك بەنێو ئەدەبی ئەورووپیدا..

# دۆزینەوەی کولتوور و بابەتگەلی فرەجۆر



بەهادین جەلال مستەفا

ئەدەبی ئەورووپی بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلەپووری کولتووری ئەم کیشوەرە، کە وەک بەرجەستەبوونی بیرۆکە، مانا و بابەتە جۆراوجۆرەکانە، کە بە درێژایی سەردەمەکاندا دروست بوون. ئەدەبی ئەورووپی لە قۆناغە مێژوویییە جیاوازەکاندا سەریهەڵداوە لەوەتەی ئەدەبی کلاسیکی لە یۆنان و ڕۆماوە، بە ناو سەدەکانی ناوەڕاستدا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە سەردەمی ڕێنیسانس و سەردەمە نوێ و هاوچەرخەکان، هەر یەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و، ڕۆڵێکی گرنگی لە دارشتنی کولتووری ئەورووپیدا گێڕاوە.

لە سەردەمەکانی کلاسیکیدا، ئەدەب بە شێوەی داستان و شیعری پاڵەوانێتی دەرکەوتووە، کە نووسەرانی وەک هۆمیرۆس لە یۆنان و ڤێرجیل لە ڕۆما بەرهەمی نەمرانەیان نووسیوە، باسی ئازایەتی و چارەنووسیان دەکرد. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەدەب کاریگەریی بیروباوەڕە ئایینییەکانی لەسەر بووە، کە تێیدا دەقە ئایینییەکان بەسەر ڕووداوە ئەدەبییەکاندا زاڵ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، شیعر و ئەفسانە میللییەکان وەک شێوازی نوێ دەرکەوتوون، کە تیشکیان خستووەتە سەر ژیانی خەڵک و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

### ئەدەبی کۆن و ناوەڕاست

ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی بە بەشێکی بنچینەیی کەلەپووری ئەدەبیی ئەورووپی دادەنرێن و، ئەو کاریگەرییە قوواڵە دەردەخەن کە ئەم کولتوورانە لە بواری ئەدەبی و فیکرییەکاندا هەیانبووە. لە سەردەمی کلاسیکیدا، بەرهەمی نەمر داهێنران کە بە باشترین بەرهەمەکانی ئەدەبی مرۆڤایەتی دادەنرێن. دیارترین شاعیرانی ئەدەبی یۆنانی هۆمیرۆسە، کە «ئیلیادە» و «ئۆدیسە»ی نووسیوە؛ ئەم دوو داستانە دەوڵەمەندن بە وردەکارییەکانی ژیان و شەڕە داستانئامێزەکان کە ڕەنگدانەوەی کولتوورو بەهاکانی یۆنانیی کۆن بوون. ئەدەبی ڕۆمانی لە ڕێگەی کۆمەڵێک نووسەرەوە دەرکەوت، کە ڕەهەندی نوێیان بۆ ئەدەب زیاد کرد. ڤێرجیل، نووسەری شیعرە داستانئامێزەکان، بە یەکێک لە دیارترینی ئەم کەسایەتییانە دادەنرێت، کە ئینیادەی پێشکەش کرد؛ ئەم بەرهەمە دەرخەری هەوڵەکانی ڕۆمانییە دێرینەکانە لە وەرگرتنی نەریتە کولتوورییەکانی یۆنان، لە هەمان کاتدا ناسنامەی ڕۆمانی دادەڕێژێت.

لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەدەب پەرەی سەند بۆ ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەرکەوتن کە باسیان لە بابەتە ڕۆحی و ئایینییەکان دەکرد، نموونەی وەک شاعیر دانتی(1) لە کتێبەکەیدا «کۆمیدیای خواوەند» بەدەرکەوت، کە لە ڕێگەی ئەوەوە تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی ناز و نیعمەت (خۆشی) و ئازار (سزا) دەربڕی.

### کاریگەریی سەردەمی ڕێنیسانس

سەردەمی ڕێنیسانس یەکێکە لە گرنگترین قۆناغە مێژوویییەکانی کە ئەورووپا بەخۆیەوە بینیوە، کە لە سەدەی چواردەیەمەوە تا سەدەی حەڤدەیەم دریژەی کێشاوە. ئەم سەردەمە بە بووژانەوەی کولتووری هونەرەکان و ئەدەب ناسرابوو، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە پێکهێنانی ناسنامەی کولتووریی ئەورووپای نوێدا. چەندین نووسەر و فەیلەسووف بەشداربیان لە پەرەپێدانی بیرۆکە نوێیەکاندا کرد، بەرهەمەکانی نووسەری ئیتاڵی «دانتی ئالیگێری» بە یەکێک لە بەناوبانگترین نموونەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی سەردەمی ڕێنیسانس دادەنرێت. دانتێ لە بەرهەمەکەیدا «کۆمیدیای خواوەند»، تێڕوانینی خۆی بۆ ژیانی دوای مردن (ئاخیرەت) خستووەتە ڕوو و، شیکارییەکی قوواڵی ژیانی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی پێشکەش کردووە.

ڕێنیسانس تەنیا قۆناغێکی گەشەسەندنی هونەری نەبوو، بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخانی چارەنووسساز بوو لە مێژووی ئەورووپادا. ئەم سەردەمە کاریگەرییەکی دێرخایەنی لەسەر ئەدەب و فەلسەفە بەجێهێشت.

ئەدەب لە هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا ئەورووپا لە ماوەی سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە کایەی ئەدەبیدا بەخۆیەوە بینی، کاتێک شێوازگەلی نوێی ئەدەبی دەرکەوتن کە فرەچەشنی و قوواڵییان پێوە دیاربوون. دیارترین ئەو ڕۆمانnووسانەی کە بەشداربیان لەم گۆڕانکارییەدا کرد، لە سەدەی حەڤدەیەمدا ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزیی کلاسیک لە لووتکەدا بوون، چونکە نووسەرانی وەک مۆلییێر و دێکارت داهێنانیان کرد لە پێشکەشکردنی ئەو شانۆنامە و فەلسەفانەی کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییان ماوە. مۆلییێر(2) ڕەهەندێکی نوێی لە گاڵتەجاڕی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی خستە سەر شانۆنامەکانی، ئەمەش وای لێکرد ببێتە یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی ئەدەبی فەرەنسی.

### ئەدەبی ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم

ئەدەبی ڕۆمانسیزم بە یەکێک لە دیارترین بزووتنەوە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوت، وەک کاردانەوەیەکی سروشتی دژی ئەو عەقڵانییەتەی کە بەسەر سەردەمانی پێشوودا زاڵ بوو. ئەم جۆرە ئەدەبە ڕەنگدانەوەی هەستەکانی وەک خودئاگایی و بەرزڕاگرتنی سروشت و گرنگیدان بە خەیاڵ بوو، هەروەها مەیلی بۆ داهێنان و تاکگەرایی دەردەبڕی. دیارترین نووسەرانی ئەم بزووتنەوەیە شاعیری ئینگلیزی ویلیام وۆردزوۆرس بوو، کە خۆیندنەوەگەلێکی نوێی پێشکەش بە سروشتی مرۆڤ کرد، بە جۆرێک کە دەرئەنجامی هەستە تایبەتەکانی خۆی کردە خاڵی دەستپێکی بەرهەمەکانی. هەروەها شاعیری ئەڵمانی گۆتە دەرکەوت، کە بە بەرهەمە سۆزدارییەکانی ناسراوە کە باس لە مللانێکانی خود و بوون دەکەن.

بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بزووتنەوەی ئەدەبی ڕیالیزم وەک وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەدەبی ڕۆمانسیزم دەرکەوت(3)، بە جەختکردنەوە لەسەر ژیانی ڕۆژانە و پێشکەشکردنی وێناکردنی وردی کۆمەڵگە. ئەمەش لە ڕێگەی باسکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە هەژاری و مللانێ کۆمەڵایەتییەکان و ئازارچەشتن، نووسەرەکانی ڕیالیزم وەک گۆستاڤ فلۆبێر و هێنری جەیمس توانییان تێڕوانینی قووڵ دەربارەی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیان، پێشکەش بکەن.

### ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ

ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ لە ئەورووپادا بەشێکی سەرنجڕاکێش و پڕجۆشی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییانە پێکدەهێنێت، کە کێشوەرەکە بە درێژایی دەیان ساڵ بەخۆیەوە بینیوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا سەدەی بیست و یەک، ڕووداو سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک جەنگەکانی جیهان، شۆڕشەکان و تەنانەت بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکان، کاریگەریی قووڵیان لەسەر نووسینی ئەدەبی داناوە. ئەدەبی ئەزموونگەری وەک شێوازێکی نوێ بۆ دەربڕینی بیرۆکە نەریتییەکان دەرکەوت، کاتێک نووسەران دەستیان دایە یاریکردن بە شێوە و ناوەڕۆک بۆ دۆزینەوەی سنوورە نوێیەکانی هونەری ئەدەبی. نووسەرانی وەک جەیمس جۆیس و ڤێرجینیا وۆڵف بەرەنگاریی یاسا باوەکان و گێڕانەوەی نەریتی بوونەوە.

### ئەدەبی ئەورووپی لە سەردەمانی ئێستادا

لەم ساڵانەی دواییدا ئەدەبی ئەورووپی گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە زیاتر کارلێککار بووە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و تەکنەلۆجییانەی کە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان پێیدا تێدەپەڕن.

ئەم گۆڕانکارییانە نووسەرە ئەورووپییەکانی ناچار کرد پێداچوونەوە بە شێواز و بابەتەکانیاندا بکەن، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی شێوازی نوێی نووسین وەک ئەدەبی دیجیتاڵی. ئەدەبی دیجیتاڵی بە سەکۆیەکی سەرنجڕاکێش دادەنرێت بۆ نووسەران و هونەرمەندان، کە تێیدا دەتوانن بیرۆکەکان بدۆزنەوە و بەرهەمی ئەدەبی بهێننە ئاراوە کە سنوورە نەریتییەکانی کتێبی چاپکراو تێدەپەڕێنن(4).

ئەدەبی دیجیتاڵی چەندین شێواز لەخۆدەگرێت، وەک ڕۆمانی کارلێککار و بلۆگ و پۆدکاست، کە تێیدا نووسەر ڕاستەوخۆ کارلێک لەگەڵ جەماوەر دەکات. هەروەها ئەم شێوازە نوێیانە دەرفەت دەدەنە نووسەران بۆ گەڕان بەدوای بابەتە هاوچەرخەکاندا، وەک ناسنامە و فرەکولتووری و ژینگە و تەکنەلۆجیا، ئەمەش یارمەتیدەرە لە پتەوکردنی فرەچەشنیی کولتووری لە ئەدەبی ئەورووپیدا.

### وەرگێڕان و کاریگەرییەکانی ئەدەبی ئەورووپی

وەرگێڕان بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان دادەنرێن کە هۆکارە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەبی ئەورووپی لە نێو کولتوورە جیاوازەکاندا. پرۆسەی وەرگێڕان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە، گرنگترینیان پاراستنی ڕۆحی ڕەسەنی دەقە ئەدەبییەکان و گۆڕینیانە بۆ زمانێکی نوێ، بەبێ لەدەستدانی مانا بنەڕەتییەکانیان. ئەمەش پێویستی بە توانای تێگەیشتن لەو کولتوورانە هەیە کە پەیوەستن بە دەقەکانەوە و بەکارهێنانی شێوازی ئەدەبی کە لەگەڵ زمانی ئامانجدا (زمانی دووەم) بگونجێت.

هەروەها وەرگێڕانەکان دەرفەتێکن بۆ ناساندنی خوێنەران بەو بیروڕا و شێوازە ئەدەبییە جیاوازانەی کە تایبەتمەندیی ئەدەبی ئەورووپین. ئەوان دەرگاکان بە ڕووی کولتووری ڕۆژئاواییدا دەکەنەوە و ڕێگە دەدەن بە مۆرکی ئەدەبیی ئەورووپی، کە بە زمانێکی نوێ گوزارشت لە خۆی بکات. ئەم پرۆسەیە هاندەرە بۆ دروستکردنی پردی دیالۆگی کولتووری و پتەوکردنی لێکتێگەیشتن لەنێوان گەلاندا. هەروەها خوێنەر ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، چونکە کاردانەوەی خوێنەران بەرامبەر بە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان جیاوازە، کە دەکرێت بە ڕۆحێکی گومانەوە یان بە پێشوازییەوە دەقەکان وەربگرن. خوێندنەوەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو مانا ڕووکەشی و هێما کولتووریانەی کە لەوانەیە لە کاتی پرۆسەی وەرگێڕاندا ون بن.

### هەڵسەنگاندنی ئەدەبی ئەورووپی و کاریگەریی جیهانی.

ئەدەبی ئەورووپی بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی کولتووری جیهانی دادەنرێت، چونکە بۆ چەندین سەدەیە بەشداری دەکات لە دارشتنی دیمەنی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی. کاریگەریی ئەدەبی ئەورووپی تەنیا تایبەت نییە بە وڵاتانی کیشوەرەکە، بەڵکو پەل دەکێشێت بۆ ئەوەی کولتوورەکانی دیکەیش بگرێتەوە، کە لە نووسیندا پێشکەش دەکات. لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییە ئەورووپییەکانەوە دەتوانین تێبگەین کە چۆن ئەم بەرهەمانە دەربڕی هیوا و ترسەکانی گەلەکانیانن، ئەمەش وایان لێدەکات وەک ئاوێنەیەک بن کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمانە بن. گرنگترین بەشدارییەکانی ئەدەبی ئەورووپی لە جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، لە ڕۆمان و شیعرەوە تا دەگاتە شانۆ. بۆ نموونە، بەرهەمەکانی شکسپیر وێستگەیەکی گرنگی هونەری شانۆگەری پێکدەهێنن، چونکە چیرۆکەکانیان سنوورە کولتوورییەکانیان تێپەڕاندووە و باسیان لە بابەتی مرۆیی فرەچەشن کردووە، کە ئەمەش بە درێژایی زەمەن کاریگەریی لەسەر نووسەران و بیرمەندان داناوە لە شوێنە جیاوازەکاندا.

هەروەها کاریگەریی ئەدەبی ئەورووپی لە ئەدەبی ئەفریقی و ئاسیادا دەبینین، کە تێیدا لایەنە دیاریکراوەکانی نووسینە ئەورووپییەکان وەرگیراون و دووبارە داڕێژراونەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ چوارچێوە کولتووریە ناوخۆییەکاندا بگونجێن.

**(1) دانتی ئەلیگێری (فلۆرەنسا 1265 - ڕاڤینا 1321) هەمیشە بە دانتی ناسراوە، شاعیرێکی ئیتاڵییە.**


**(2) مۆلییێر(1622 – 1673) پیسکەی تەڕپیر بەناوبانگترین شانۆیەتی.**

**(3) الواقعیه وتیاراتها فی الآداب السردیه الأوربیه : د. رشید بو شعیر، چ: یەکەم، 1996.**

**(4) مفهوم الادب الرقمی ویلیاته. الدکتور بوهنی مصطفی- منتوری**



دانتی ئەلیگێری




هۆمیرۆس

# ڕۆمانی (یارمەتی)

## سەکۆیەکی دیکەی دەنگی ڕەشپێستان بەپێنووسی سپیپێستان

ئاکۆ عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی پێشتر 60 خانەی چاپ ڕازی نەبوون بۆ بڵاوکردنەوە، ساڵی 2009 (کاترین ستۆکێت) توانی یەکەم ڕۆمانی بەناوی (یارمەتی The Help) بلاوبکاتەوە کە ئەوسا ئەو بەرهەمە بەهۆی وێناکردنی ڕاشکاوانەی پرسی نایەکسانی ڕەگەزی، دەنگدانەوەی و مشتومڕ و گفتوگۆی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. تا ئێستاش بۆ 43 زمان وەرگێڕدراوە و 15 ملیۆن دانەشی لێ فرۆشراوە، بۆ زیاتر لەدوو ساڵیش لەپێشەنگی لیستی پرفرۆشەکانی نیویۆرک تایمز دا بووە. ئەمەو ساڵی 2011 ناوەرۆکەکەی کرا بەفیلم کە تیت تایلۆر دەریهێنا و جێسیکا شاستاین و ڤیۆلا دەیڤیس و برایس دالاس هۆراد و ئەلیسۆن جانی، ڕۆڵی سەرەکییان تێیدا گێڕاوە. فیلمەکەش کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار کرابوو.




ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەشاری میسیسیپی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە. لێرەدا ڕۆمانnووس دەمانباتە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ لەمێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو وڵاتە کە ئەوسا هەڵاواردنی ڕەگەزی لە لوتکەدا بوو. تێیدا نووسەر هەوڵیداوە جیهانێکی جیاواز بۆ سێ ژنی ناوازە دروست بکات، کە دەیانەوێت هەنگاوبنێن بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لەشارەکەیان و لەشێوازی سەیرکردنی ئەمریکییە ئەفریقییەکان. زیاتریش ناوەرۆکەکەی تایبەتە بەئازارەکانی دوو ژنی ڕەشپێست بەناوەکانی ئایبیلین و مینی (ئەوانەی کە ڕەسەن ئەفریقین و لەناو ماڵی سپیپێستەکانی ئەمەریکا کاردەکەن). هەروەها ئازارەکانی ژنێکی گەنجی سپیپێست بە ناوی (سکیتەر) کە بەهۆی ئەو جیاکاری و ڕەگەزپەرستییەی بینیویەتی، تەواو ترساوە.

سکیتەر دوای تەواوکردنی کۆلێژ، دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و خەون بەوە دەبینێ وەک ڕۆژنامەنووس کار بکات. بۆ ژمارەیەک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە دەنووسێت، تاوەکو سەرنوسەرێك داوای لێدەکات یارمەتی بدات لە نووسینی پرۆژەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە داوا لەژنانی سپیپێست دەکات حەمام بۆ «کەسانی ڕەنگاوڕەنگ» زیاد بکەن، وەک خۆی ناوی دەبات، لەحەوشەی ماڵەکانیدا بۆ ئەوەی خێزانە سپیپێستەکان تووشی نەخۆشی نەبن. لێرەدا سکیتەر ئارامی نامێنێ و بیر لەو کێشە سەختە دەکاتەوە. ئینجا لەپێوەندییەکانی دوو ژنی ڕەشپێستی کارەکەری ناو ماڵەکانی سپیپێستەکان بڕیار دەدات کتێبێک لەبارەیانەوە بنووسێ کە تێیدا سەرگوزەشتەی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری دەکات و چیرۆکە ترسناکەکانی ئەو جۆرە مرۆڤانەش دەخاتەڕوو، بەو هیوایەی کارەکەی ببێت بە هەنگاوێك بۆ باشترکردنی ژیانیان و بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانی ڕەشپێستەکان.

خاتوو کاترین ستۆکێت بەشێك لە ئیلهامی ئەو ڕۆمانەی بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژنێکی ڕەشپێست بە ناوی (دیمیتری مەکلۆرن) دەگەڕێنتەوە کە لەو کاتەی هەرزەکار بوو، ئەویان کە وەک خزمەتکار بۆ خێزانەکەی کاری دەکرد گیانی لەدەستدا. بەو کارەشی ستۆکێت هاوشێوەی نادین گۆردیمێر وەك ژنێکی سپی پێست بەدەنگی ژنێکی ڕەشپێست قسەی کردووە، بڕیاریشە ڕۆمانی دووەمی بەناونیشانی (یانەی کارەسات) بڵاوبکاتەوە کە ئەوەشیان لەبازنەی نەژادی دەخولێتەوە و ژیانی کرێکارانی ناو ماڵی ڕەشپێستەکانی باشووری نیشان دەدا و بۆ ویلایەتی میسیسیپی لەساڵی 1933 دەگەڕێتەوە.

# لە بەرزایی شووراکانەوە

ئا: پەری


ئەم رۆمانە ساڵی 2013 لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. چاپی دووهەم: دەزگای ڕەهەند، 2022.

سەرجەمی ڕۆمانەکە لەسەر هاودژی ئەقڵ و شێتی بونیادنراوە، کێ زەکییەی کوشت؟ کێن ئەوانەی بەردەوام دەستدرێژییان بەسەرێدا دەکرد؟ کێ تاوانباری ڕاستەقینەیە؟ کۆمەڵ؟ یان شێتی؟ یاخود ئەقڵ؟ ئەوەی بیەوێت لەو جیهانە تێبگات ناچارە بچێتەوە ئەودیو شووراکان و لە نزیکەوە بۆ وەڵام بگەڕێت. وڵامێک کە مەترسی ئەوەی هەیە خودی خوێنەر بەرپرسیار بکات بەرانبەری! بە بێدەنگیی خۆی لە ئاست کوشتنی مرۆڤێک کە بە شێت دانداوە، واتە جیاوازە، کەمینەیە. شێت لە هەموو جیهاندا بەخراپیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، دەست درێژیی بەسەردا دەکرێت، چونکە بێ دەسەڵاتە و کەس لەسەری نایەتە وەڵام، کاتێکیش شێتەکە ژنێکە، کێشەکە گەورەتەرە، لەبەرئەوەی سکپڕبوونی لەدوایە. ئەوەش دۆخی زەکییەیە.

(کێ زەکیەی کوشت؟ کێ لە نێوەندی کلاوەیەک لاشەکەی فرێی دا؟ زەکیە لە منداڵیەوە حوکمی کچێکی شێتی بەسەردا ڕاوەتەوە، فڕێدراوەتە بەر دەرگای ماڵی میم خونچەی مامان. ئەم دەیگرێتە خۆی و وەک کچی خۆی پەروەردەی دەکات تا دەگاتە تەمەنی سیانزە ساڵ. بە بالغبوونی ژمارەیەک پیاو پێی فێر دەبن و بەردەوام دەست درێژیی لێ دەکەن. وای لێدێت هەموو ساڵێک منداڵی دەبێت و کەس نازانێت کێ ئەوەی کردووە. میم خونچە پەیانێکی نهێنی لەگەڵ مامۆستا وەردی دەبەستێت. ئەم هەتا ماوەیەک دەتوانێت زەکیەی بۆ بپارێزێت. بەڵام، ڕۆژێکیان زەکیە بە کوژراویی دەدۆزنەوە. لەوێوە سەرجەمی ڕۆمانەکە گەمەیەکی ئاڵۆز دەخاتە بەرچاو خوێنەر، لە نێوان ڕەوشت و کۆمەڵ و ئەقڵ و شێتی. مامۆستا وەردی لە خەفەت و بێ دەسەڵاتیدا شێت دەبێت.

هەر یەکە لە کەسایەتیەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، لە دوکانداڕەکان و کاسبکارەکان دەکەونە گێڕانەوە. بەڵام ئایا ئەوە خەیاڵی مامۆستا وەردییە؟ یان بەڕاستیی ئەوانیش شێت بوون، یاخود گێڕەرەوە خۆی شێتە ڕاستیەکەیە؟

ڕۆمانی «لە بەرزایی شووراکانەوە» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی لەلایەن (فیلیپ دولارب و بەیان سەلمان) لە ٧ی مەی ٢٠٢٥ بە فەرمیی بڵاو بۆتەوە و کەوتە نێو کتێبخانەکان.




پەیام حازم




## نامەی دووەم

# ئاغاییزم



ئێوارەیەک نامەیەکی خۆکوژیم جێهێشت و
لە نهۆمی کۆتایی باڵەخانەیەکی بەرز
خۆم هەڵدا
نەمردم
بەڵێ منم زیندوو جەستەو
مردوو ڕۆح
نەمردم
نەنکم دەیگوت: ڕۆڵە دەڵێی پشیلەی حەوت ڕۆحی
لەسەر چەرپاکە کەوتبووم
هێشتا دەستی دڵم لە ملمدا بوو
پووڕم گوتی: بە قەیرەییش کەوتیتە سەر جێ
گەر شوو ناکەی
سەرت حەوت جار دای لەبەرد
من هەر بێزم لە ژمارە حەوت دەبێتەوە ئەوانیش هەر دەیان
گوت و دەیان گوت
لە مانشێتی ڕۆژنامەیەک نووسرابوو
هەندێک کەس فۆبیای ژمارەیان هەیە
خۆمم بیرهاتەوە
لەگەڵ تۆ نا
لەگەڵ ژمارە حەوت
دوای ماوەیەک
دیسانەوە حەوتی حەوت بوو
سەعات حەوت و بیست و حەوت دەقە
حەوت جار لەدەرگا درا
حەوت کەڕەت دڵم داخورپا زانیم چی ڕوودەدات
دایکم حەوت جار لە مەتبەخەکەوە هاواری کرد
دەستت شکاوە ئەو دەرگایە بکەیتەوە
حەوت سانیە بێدەگ بووم، دەرگا کرایەوە
حەوت کەس
شەش ژنی ناشیرین ڕۆح و
کورێکی مردو و دۆست
هاتنە ژوورەوە
دوای حەوت دەقە قسەیان کرد
دوای حەوت سەعات، باوکم گوتی: بەڵێ
دوای حەوت ڕۆژ مارەکرام
دوای حەوت مانگ گوازرامەوە
حەوت مانگ دوای حەوت مانگی یەکەم
مێردەکەم لە حەمامەوە هاواریکرد
ئەو خاوليیەم بۆ بێنە
بێدەنگ کیلۆنی قاپی حەوشەم کردەوە
نە نامەیەکم بۆ جێهێشت و
نە خۆکوژیش دەکەم
دەڕۆم
هەناسەی ئازادی دەدەم
کوڵانەکان تەیدەکەم
بە لای دووکانی جلی بوکێنییەکەدا ڕەت دەبم
زۆر نا
چۆڕێک نەوت و کڵپەیەک گڕ دەنێم بە بەدلە سپییە
ڕەشەکانەوە
هەنگاو دەنێم و زیاتر دەڕۆم
بووکەڵە قات لەبەرەکان
بە بۆینباخەکەی ملیانەوە دەخنکێنم
جامخانەی چی دووکانی ئاڵتوون هەیە
وەک دڵم ورد و خاش دەکەم
درەنگە و مەلا بانگدەدات
پێڵاوەکانم بە دەستمەوە دەگرم
بە هێزی خۆم ڕادەکەم
لەسەر مینبەرەکە دەوەستم و دەڵێم مامۆستا
قەرزاری هەردوو دونیام بیت
دەڕۆم
ئیتر نیت، بڵێیت مناڵی خراپ هی تۆیە و باشیش هی من
ئیتر نیت و بڵێ چێشتەکەت خوێی نییە
ئاوەکە گەرمە و
چاکە ڕەشە دەستت بشکێت
ئیتر تۆ نیت
کاتێ خەوت، دەنگی تیڤی و
تەقەی قاپ و
چرکەی سەعات و
هەناسەی خۆشم ڕابگرم
ئیتر تۆ نیت هاوار بکەی
گۆرەوییەکانم شۆراوە؟
کراسەکەم ئوتوو کراوە؟
پشتێنەکەم لە چ جەهەننەمێکە؟
دوخێنی شەڕوانەکەت گۆڕیوم؟
بەتۆنێکی بەرزتر و بڵح
پێڵاوە قاوەیی و ڕەشەکانت بۆیاخ کردم
منیش لە دڵی خۆمەوە بڵێم بۆ کابرا تۆ چوار پێت هەیە؟
ژنەکە
ئێوارە دەرەنگ دێمەوە لە ڕێکخراو سیمینارێک هەیە بۆ مافی
ژن
ئیتر دیار نیت و لای ژنە دراوسێ و
دۆستەکانت خۆت بکەی بە فێمێنیست و
لە مانێشەوە ئاغاییزم
ئیتر نیت و لەسەر ژمارەیەکی هەڵە، لە دەمم هەڵبەیت
لەسەر نامەیەکی مۆبایل بمنێریتەوە
لەسەر تەلەفۆنێکی کوڕە پووڕەکەم تەڵاقم لێ بخۆیت
لەسەر کڕینی چا پاڵێوێک، لای دووکانداڕەکەی دراوسێیان
مانگێک قسەم لەگەڵ نەکەی
لەسەر پێکەنینێکی بەرز لا چاوم بکەی بە قۆخی گەیيو
ئیتر نیت بە کارگەی منداڵ دروستکردنم بزانیت
ئیتر نیت و بڵێیت کڕدراوی
نیت و بڵێی
خانوەکەمـ
سەیارەکەم
ژنەکەم
منیش بێز لەهەموو «م» خاوەندارییەتییەکانت بکەمەوە
شکور ئیتر نیت تا نیوە شەو نەیەیتەوە و
تەقەی دۆمینەت بگاتە گوێی من
ئیتر نیت و بڕیاردەر بیت
ئیتر نیت و بوونی تۆ
یەکسان بێت بە نەبوونی من
لەبری من بدوێیت و
بڵێیت و
بڕۆیت و
بخۆیت
نیت و کلتوور و کۆمەڵگا
تۆم لێبکات بە پیرۆزی
دەک نەفرەت لە پیرۆزی گەر تۆ بیت
ئیتر نیت تاوەکو ژمارەی دۆستە کچەکانت زیاتر بێت لە
ژمارەی چوونە دەرەوەکانمان
ئیتر نیت و دەست پان بکەمەوە بۆ عانەیک
تا لەتێک نان
قاشێک شووتی
ماکسییەک و
لیفکەیەک و
لیباسێکی پێبکڕم
ئیتر نیت و لە مەجلیسدا پاڵدەیتەوەو بڵێیت
چوار ژن حەڵاڵەو
بیریشت نەیەت، کۆتا نوێژ، کەی بوو کردت
باشتر کە نیت



**نووسەرانی بەڕێز**


دۆسیەی (هزر و هونەر) سەکۆ و ڕایەڵێکە بۆ پێشوازیکردن لە ئافڕەندنە ئەدەبی و هونەری و هزریەکانتان، بەگەرمی بەڕەو پیلی هەموو قەڵەمێکی باش و بەئەزموون لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەچین و بایەختان پێدەدەین، بەهەر شێوەزارێکی زمانی کوردی دەنووسن و بەرهەمتان بۆمان دەنێرن لای ئێمە پەسندە و پێشوازی لێدەکەین وە بۆ ئاسان گەیشتنی بەرهەمەکانیشتان بۆ واتسئەپ و ڤایبەر و ماسنجەری ئەم ژمارە مۆبایلە بنێرن:

07504542701

یان ئیمێلی: botanjalal962@gmail.com

**بۆتان جەلال**
**ڕێکخەری (هزرو هونەر)**

# کورتیلە چیڕۆک



ئەمیر خەیات

## ئەحمەی ڕیوی

لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی زستاندا، کاتێك بەیانی بووەوە، مام موشیر، وەکوو ڕۆژانی تر قاپێك دانی گرتە دەست و چووە لای کۆلیتی مریشکەکانی، بەڵام کە سەیری کۆلیتەکەی کرد، بینی مریشکەپۆپەڕەشەکە و مریشکەمل ڕووتەکەی نەماوە، ئەو ڕۆژە غەمێکی زۆری خوارد و لەبەرخۆیەوە دەیوت، دەبێت چیان بەسەر هاتبێت، لە پڕ ئەحمەدی حاجی باقی لێ پەیدابوو، مام موشیری مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە و ئەحمەدیش گوتی:

برا پێویست ناکات، غەمیان لێ بخۆیت، لەوانەیە ڕیوی خواردبێتی، مام موشیر داڵغەیەکی لێدا و لە بیری خۆیەوە گوتی: دەبێت ئەم ڕیویە هەر بگرم، بڕیاری دا شەوانە بچێتە ناو کۆلیتەکە، شەوی یەکەم و دووەم هیچ نەبوو، لە شەوی سێیەمدا لە تاریکیدا چاو چاوی نەدەدیت، لە پڕ دەستێك هاتە ناو کۆلیتەکە، مام موشیر توند دەستەکە گرت و کابرا هاوار و لەخۆچوونی یەك بوو، کە مام موشیر لە کۆلیتەکە هاتەدەر، بینی ئەحمەدی حاجی باقییە و گوتی: ئەحە ئەوە تۆی، لێمان بووی بە ڕیوی...!

2024/1/7

* * *

## پێم ناکرێ!!

ئەحمەدی حاجی فتحی لێرەو و لەوێ زۆر باسی کوێخا عولای دێیەکەیانی دەکرد، بەوەی کە کەسێکی خراپە و ئاوی پێوێست بۆ جووتیاران بەرناداتەوە و هەقی کرێکاران دەخوات و زوڵم لە خەڵکی دێیەکەی دەکات و چەندان گلەیی و گازاندەی تری لێ دەکرد، کەچی لە بەرانبەر ئەوەدا حاجی فەتحی زۆر بە گلەیی بوو لە ئەحمەدی کوڕی، لای حاجی وسوو گازاندنەی دڵی خۆی دەکرد و دەیگوت: هەر جارەی ئیشێکم پێی دەبێت، بە بیانووی جیا جیا بۆم ناکات، ئەو ڕۆژە چوومە ماڵیان و داوام لێ کرد بمبە بۆ فلانە تازییە، گوتی: پێم ناکرێ و ئیشم هەیە، یان ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنم بۆکرد، گوتم: فلان کەس نەخۆشە، با بچین سەردانی بکەین، دەڵێتن:

ناتوانم و ئۆتۆمبێڵەکەم بەنزینی تێدانییە، ئەوجا حاجی وسوو، ئەحمەدی کوڕ، بەخۆی ئاوایە، بۆ باسی کوێخا عولا دەکات!!

2023/10/30

* * *

## عەریف عەلی

حاجی تاهیر بە موحەممەدی برای گوت: عەریف عەلی دەناسی؟ ئەویش گوتی:

چاکی دەناسم، پاشان حاجی تاهیر گێڕایەوە و گوتی: ئەو عەریف عەلییە، دوای ئەوەی زیاتر لە بیست ساڵ لە سوپای پاشایەتیی عێراق، سەربازێکی خۆبەخش بوو، ئینجا گەیشتبووە پلە عەریفی. جارێکیان بە مۆڵەت هاتبووەوە و لە ماڵەوە سەردانی کردم و گوتی: حاجی من ئەو عەریفییەم بە زکاوەتی خۆم وەرگرتووە، بەڵام عەریف عوسمانی جیرانت، کە چەند ساڵێکە لەگەڵ من سەربازە، ئەو عەریفییەی بە زەکاوەتی خۆی وەرنەگرتووە و دەبێت، بزانیت، کە ئنەکی تێدایە!

**فەرهەنگۆك: زەکاوەت لە وشەی ذکي عەرەبییەوە وەرگیراوە، بە واتای زیرەکی دێت.**

2023/7/7

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیای OSLO جۆری ئۆتۆمبێل تراکتۆری کشتوکالی نیو هولاند ٦ پستۆن ڕەنگی شین مۆدیل ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٣٧٤١ / کاتی سلێمانی ژمارەی شاصی: Z7BG04003 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی تەنکەلوجیای زانیاری و گەیاندن بەشی ICTE بەناوی حسن موجود شیخ محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی پەروەردە زمانی سریانی بەناوی کرم ربیع خضر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی / سلێمانی
لقی کۆمپانیاکان

ژمارە/ ٤٨٢٨
بەروار/ ٢٠٢٢/٦/٢٠

بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیا

دوابەدوای بڕیاری کارگێڕیمان ژمارە ٣٩٦٦ لە ٢٠٠٥/٨/٢
کە تایبەتە بە کردنەوەی لقی کۆمپانیای (بارانکایا للاعمال الانشائية و المقاولات و الصناعة و التجارة/ المحدودة) وە ئاماژە بە بڕیاری دەستەی کارگێری کۆمپانیای سەرەکی لە ٢٠٢١/١٠/٢٨ کە تیایدا بڕیاردراوە بە:
١- پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بارانکایا للاعمال الانشائية و المقاولات و الصناعة و التجارة/ المحدودة)
٢- دامەزراندنی بەڕێز (محمد غيدان حمه زيدان) وەکو پاکتاوکاری لقی کۆمپانیا.
* بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێماندراوە پالپشت بە ماددەی (١٥ ، ١٤) لە سیستەمی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٩ی لق و نووسینگەکانی کۆمپانیاکان و دامەزراوە ئابووریە بیانیەکان، وە پاش هێنانی سەرجەم بەڵگەنامە یاساییەکان بڕیاری ڕەزامەندیمان دا بە:-
* پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (بارانکایا للاعمال الانشائية و المقاولات و الصناعة و التجارة/ المحدودة) وە دەبێت لقی کۆمپانیای ناوبراو لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە پێشکەش کردنی داواکاری جێبەجێ بکرێت.
* دامەزراندنی بەڕێز (محمد غيدان حمه زيدان) وەکو پاکتاوکاری لقی کۆمپانیا.
* تا بەپێی هەمان مادەی ئاماژە پێ کراوی سەرەوە بڵاوبکرێتەوە.

سۆران احمد اسماعيل
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی سلێمانی

***

ئاگاداری

بۆ/ گشت کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان
پالپشت بە بڕیاری دەستەی کارگێڕی لقی کۆمپانیای (بارانکایا للاعمال الانشائیه و المقاولات و الصناعه و التجاره/ المحدوده) لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٢٨ تایبەت بە پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیا پاڵپشت بە بە بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیا بە ژمارە (٤٨٢٨) لە بەرواری (٢٠٢٢/٦/٢٠) دەرچووە لەبەڕێوەبەرایەتی تۆماکردنی کۆمپانیاکانی سلێمانی من پارێزەر (محمد غێدان حمە زیدان) بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری لقی کۆمپانیای (بارانکایا للاعمال الانشائیه و المقاولات و الصناعه و التجاره/ المحدوده) ئاگادارتان دەکەین کە لقی کۆمپانیاکەمان پاکتاوەدەکرێت هەر کەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە لقی کۆمپانیای ناوبراو یان قەرزی لەلای هەیە ئەوا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە بەپێچەوانەوە خۆی بەرپرسیار دەبێت.

پاکتاوکار
پارێزەر/ محمد غێدان حمە زیدان
ژ. مۆبایل: ٠٧٧٠٧٦١٨٥٤٤

***

ئاگاداری

ماڵپەڕی پەنجەرە (www.panjara.krd) لە لای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تۆماردەکەین، کە خاوەنی ئیمتیازی: (ئازاد عوسمان محەمەد) و سەرنوسەری (دڵشاد ئەنوەر عەلی)یە و بارەگاکەی لە قەزای کەلارە، هەرکەس تێبینی و لاری هەیە لەم تۆمارکردنە، دەتوانێت سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بکات یان پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە: (٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢).

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر/٢

ژمارەی دۆسیە: ٧٨٢/ج٢/٢٠٢٥
بەروار: ٢٠٢٥/٥/١٤

ئاگاداری
بۆ/ (مصطفى رافع محمود)

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (خورشيد عبداللطيف سعيد) کە بڕی (٢٥٥,١٠٨,٥٧٥) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد
پێشرەو صدیق باوەمەردەی

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٢٣٩٢/ك٣/٢٠٢٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ حياه مصطفى بلانوم
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەمای دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە ٤٤٦ لە یاسای سزاکان تایبەت بە سکاڵای دادخواز (هشام جبار صالوب) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبی بەرامبەر یاسا و لە کاتی ئامادە نەبوونت لەبەردەم دادگا لە ڕۆژی دیاریکراو، دادگایی کردن بەشێوە پاشملە بەڕێوە دەچێت.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامين

***

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/ ٣٧٩/ك٣/٢٠٢٥
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ زرینگ حسن عبدالله
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣ لە یاسای بنەمای دادگاکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددە ٤٥٦ لە یاسای سزاکان تایبەت بە سکاڵای دادخواز (فاطمة نجم الدين نوری) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبی بەرامبەر یاسا و لە کاتی ئامادە نەبوونت لەبەردەم دادگا لە ڕۆژی دیاریکراو، دادگایی کردن بەشێوە پاشملە بەڕێوە دەچێت.

دادوەر/ ئومید محسن حمدامين

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٥٣٣/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمد حافظ معيوف علي
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١٦ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٨٥٩/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فؤاد صمد مجيد عبدالله
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١٦ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٩٥/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فهد ثامر ابراهيم محمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١٣ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٩١٨/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ گۆران صباح جلال
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/٢٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٣٩٩/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ اوغز عبدالقادر احمد الياس
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١٢ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١١٣١/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ صلاح الدين جوانمرد خدر محمدی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٥٣/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هەژار عبدالخالق رسول محمد
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٧٤/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ابراهيم عمر فقی احمد رسول
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٦٩/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ شيرزاد كمال مەلا نبی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٨/١١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٢٦/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فرمان علي أمين عبدالرحمن
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ١٢ /٢٠٢٥/٨ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٣٤/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نديم اوغ بوغا
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٧٨٢/ك٤/ ٢٠٢٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٣٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد محمد تحسين
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٩/١٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٥٣ ی. سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٩٣/هۆشبەر/ ٢٠٢٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٥/٤/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ابراهيم سالار محمد رسول
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٥/٧/١٦ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٠ی . هۆشبەری) بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ رشاد خالد عمر

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی عەنکاوە
هۆبەی بەدواداچوون

ژمارە: ٢٠٢٥/٥٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٣

ئاگاداری
بۆ/ امال جليل شناوه

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی گەڕاندنەوەی منداڵ (استرداد الحضانة) بەناوی (اقين) بۆ باوەشی باوکی بەناوی (حسين رشيد خضير) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت ئەم ڕێکارە ئەنجام بدەیت.

جێبەجێکاری داد
سراج الدين محمد عبدالله

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٤٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤

ئاگاداری

لەسەر داوای هاووڵاتی (احمد اسعد صوفی احمد) میراتگری هاووڵاتی (اسعد صوفی احمد) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (اسعد احمد حمد) بۆ (اسعد صوفی احمد) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٤٦٧ ، ٣٩٧) کەرتی ٨/ گومەشین، کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٥/٢٩) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهيم اسماعيل
سەرۆکی لیژنە

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٢٢٠٦/ب٣/٢٠٢٣
ڕێکەوت:٢٠٢٥/٥/٧

جاردان

داواکار: سامان لطيف محمد شريف
داوالێکراو: عاكف لطيف محمد شريف و هاوبەشەکانی
ژمارەی مولك: ٢٤/٤٣٣ کەرتی ٤٦ وارش
پێکهاتەی سەری: خانووێکی دوو نهۆمی
ڕووبەر: ٢٢٠ م٢
شوێنی مولك: هەولێر – گەڕەکی شۆڕش / کانی
نرخی خەملاندن/ ٢٧٠،٠٠٠،٠٠٠ دوو سەدو حەفتا ملیۆن دینار.
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە: ٢٢٠٦/ب٣/٢٠٢٣ (ازالة شيوع) نەهێشتنی هاوبەشیی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی یاسایی ڕێژەی ١٠ ٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج خولەك کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ کاوە صدیق حسين

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٥٧٦١/ش١/٢٠٢٤
ڕێکەوت:٢٠٢٥/٥/١٤

جاردان
بۆ داوالێکراو (سەربەست محمد علی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٥٧٦١/ش١/٢٠٢٤ وە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/٥ بڕیاری دا بە (تفريق للهجر) بۆ داواکار (ملكية حسن حسين) وە بڕیارەکە پاشملە دەرچووە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری ناحیەی دارەتوو بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ مسعود سعيد صديق

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٩٠١٧/ش١/٢٠٢٤
ڕێکەوت:٢٠٢٥/٥/١٤

جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سعد عبد علي محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (رشا يوسف حسين) داوای ژمارە: ٩٠١٧/ش١/٢٠٢٤ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفريق) دەکات لە تۆ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی هەولێر/ کاریز بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٥/٢٥ کاتژمێر ٩:٠٠ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەری یەکەم/ مسعود سعيد صديق

***

وەزارەتی پێشمەرگە
سەرۆکایەتی ئەرکان
دائیرەی ئیدارە و میرە
بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گشتی

ژمارە: أ/ت/ ٨١٧٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤

زیادکردنی ئاشکرا
بانگەواز

وەزارەتی پێشمەرگە نیازی فرۆشتنی هەندێ کەل و پەلی گەراوە (المعاده) جۆراو جۆری هەیە بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا (مزایده) بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی/٢٠٢١ لەرێکەوتی ٢٠٢٥/٦/٥ کە دەکاتە ڕۆژی پێنج شەممە لە ناو بارەگای بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی کە دەکەوێتە پشت بەحرکە، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- بڕی بارمتەی سەرەتایی وەردەگیرێت بەبڕی (٢٥،٠٠٠،٠٠٠) تەنها بیست و پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی چەك بێت و مۆری سەفتەچی لەسەر بێت، بەپێی گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٦)ی ساڵی/ ٢٠٢٠.
٢- دەتوانن ئەو کەل و پەلانە ببینن دوای بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لە ڕۆژنامە.
٣- بڕی پارەی فرۆشتنەکە بەشێوەی کاش نقدی دەبێت.
٤- لەسەر کڕیارە ئەو کەل و پەلانە لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژ هەڵبگرێت دوای تەواوبوونی ماوەی (كسر القرار).
٥- بڕی (٢٠ ٪) تەنها دوو لەسەد لە کۆی گشتی فرۆشتنەکە وەردەگیرێت لەکڕیار بەپێی یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە.

ليوا روكن
جێگری سەرۆکی ئەرکان/ ئیدارە و میرە

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٤٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤

ئاگاداری

لەسەر داوای هاووڵاتی (لاوە توفيق معروف) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (محمد توفيق معروف) بۆ (توفيق معروف امين) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٢١٦) کەرتی ٥٩/ بۆگد، وە لە (توفيق معروف محمد) بۆ (توفيق معروف امين) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٣٦٤ و ٣٨٢) کەرتی ٥٩/ بۆگد کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرڵستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهيم اسماعيل
سەرۆکی لیژنە

---

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی بڕیاری ٢٢٢
ساڵی ١٩٧٧

ژمارە: ٧١٥٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن مافەکانی پارچە زەوی ژمارە (٨١) کەرتی ١٧ گراو هەریەکە لە (عبدالله و ايوب و مظفر و فرهاد و فاطمه و حليمه و قمر و صبريه و چيمەن ) منداڵانی حسين عزيزوە روشن عزيز مصطفى و هەریەکە لە ( لطيف و رۆژان و خديجه و حليمه ) منداڵانی خضر محمد وە هەریەکە لە ( عيشی و ژيان و حبيبه ) منداڵانی خضر محمد وە هيمن محی الدين حمدامين وە هەریەکە لە ( محمدامين و عسمان و شكريه ) منداڵانی حسين محمدامين وە عمر صابر محمدامين ، وە خاوەن مافەکانی پارچە زەوی ژمارە (٢٤) کەرتی ١٧ گراو الشمالیه میراتگرانی (كوخه عبدالله حاجی رسول ملا مصطفى) وە خاوەن مافی پارچە زەوی ژمارە ( ١٣) کەرتی ٧٩/ گراو ( زياد عزيز مصطفى ) وە خاوەن مافی پارچە زەوی ژمارە (٤٩) کەرتی ٧٩/ گراو الشرقيه بەختيار عثمان قادر وە خاوەن مافەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە ( ٤٢، ٢٠، ١٥، ١٤٦) کەرتی ٨٠/ گراو الغربيه هەریەکە لە عبدالله و روخۆش و روپاك و رۆناك و دلپاك منداڵانی ( صالح حسن ) وە بەختيار عثمان قادر وە سردار قادر سيده وە ئاگاداری خاوەن مافەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە ( ٧٧، ٤٧، ١٠،٥٥ ) کەرتی ١٠/ بريژ هەریەکە لە عبدالرحمن قادر محمود و مازن قهرمان مصطفى احمد نجاة حمد وە پشکی خاوەن ماف ( كودو كوردە احمد ) لە پارچە زەوی ژمارە ( ١٠٧ کەرتی ١٠/ بريژ ) وە خاوەن مافەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٣٠، ٤٦، ٤٥) کەرتی ٨٢/ قيرژه هەریەکە لە ( لطيف حاجی احمد و سردار قادر سيده و قدريه محمد سليم ) وە خاوەن مافەکانی پارچە زەویەکانی ژمارە ( ٥٧) کەرتی ١٨/ قيرژه الشرقيه هەریەکە لە ( حليمه حسين ابابكر) و میراتگرانی ( صابر و صالح ) منداڵانی احمد ابابكر دەکەینەوە کە لیژنەکەمان پاڵپشت بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٠٢٨) لە ٢٠٢٤/٤/٣٠ و داواکاری سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بلند لەرێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر بە نوسراوەکانیان ژمارە ( ١٨٢) لە ٢٠٢٤/١١/٢٦ و ( ٦٥٤٢، ٦٥٤٣، ٦٤٦٠ ) لە ٢٠٢٥/٤/٢٩ وە (٦٣١١، ٦٣١٢) لە ٢٠٢٥/٤/٢٨ وە ( ٤٦٠٣، ٤٦٠٤) لە ٢٠٢٥/٣/١٩ وە (٥٨٦١، ٥٨٦٢، ٥٨٦٣) لە ٢٠٢٥/٤/٢٠ وە ( ٥٤٧٣) لە ٢٠٢٥/٤/١٣ وە ( ٥٦٩٧) لە ٢٠٢٥/٤/١٧ وە (٥٩٣٥) لە ٢٠٢٥/٤/٢٢ هەڵدەستێ بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی گوێزانەوەی پارچە زەویەکانی سەرەوە بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بلند، تکایە بەخۆتان یاخود بریکارتان ئامادەبن بە پێچەوانەوە لیژنەکەمان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٦/١٢) کاری خۆی ئەنجام دەدات بەپێی ی یاسا و ڕێنماییەکان

هێمن مراد حسن
سەرۆکی لیژنە / بەڕێوەبەری گشتی

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٣
رێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤
ئاگاداری
لەسەر داوای هاوڵاتی (سعدی حمدامین سعید) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە راستکردنەوەی ناو:-
لە (محمدامین سعید حمە شریف) بۆ (حمدامین سعید حمە شریف) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٢١٦) کەرتی ٥٩/ بۆگەد، کە لەسااڵنی تەسویە بەهەڵە تۆمار کراوە، جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەڵستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
* * *
دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی/٣
ژمارە/ ١٠٧٤ /ش/٢٠٢٥
بەروار/ ٢٠٢٥/٥/١٢
ئاگانامە
داواکار/ سارا کمال عمر
داوا لەسەرکراو/ هاوژین سردار عبدالله
داواکار (سارا کمال عمر) داوایەکی بە ژمارە ١٠٧٤/ ش/٢٠٢٥ لەم دادگایە تۆمار کردووەو لەسەرت وە لەم داوایە داوای (پەسندکردنی تەاڵقی دەرەوەی دادگا) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێگراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگا لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٥/٦/٢ سەعات ٩:٣٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکارێ ئەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی - غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *
دادگای باری کەسی بنەسااڵوە
ژمارە: ١٦٥/ش/٢٠٢٥
رێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٣
جارِدان
بۆ داوالێکراو (حسیب محمد یاسین) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار (فوزیە نصرالدین سعید) داوای ژمارە (١٦٥/ش/٢٠٢٥)ی لە سەرت تۆمارکردووە کە تێیدا داوای (تصدیق الطالق) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختار (بنصالاوە / گەڕەکی راپەرین) بۆیە دادگا بریاری دا پێت رابگەیەندرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی (١٣/٧/٢٠٢٥) کاتژمێر (٩) بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/ ڤیان شێخ نجم حسن
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٣٦/ب/٤/٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٤
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای های کون سەرەرای کارەکەی) داواکار (لازم شکری جیجو) داوای ژمارە (٤٣٦/ب/٢٠٢٤)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای های کون سەرەرای کارەکەی) , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێ ی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی دریم ستی و وەزیران و شوقە و ڤیلاکانی امپایەر) لە (٢٠٢٥/٣/٢٧) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢/٧/٢٠٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت.
دادوەر / حسین علی محمد
* * *
مدیریة تنفیذ زاخو
رقم الاظبارة /٤٢٤/تنفیذ/٢٠٢٥
التاریخ / ٢٠٢٥/٥/١٤
اعلان
الی / المدین : ولید سعید عبوش
العنوان السابق / زاخو - عباسیه
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة ( دلال ) المرقم ( ١٢١٤ ) بتاریخ (٢٠٢٥/٥/١١) واشعار مختار محلة (عباسیه) علیه وبموجب المادة ( ٢٧ ) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك قانونا و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة العدد (٤٢٤/تنفیذ/٢٠٢٥ ) , والخاصة بالدائن (هاظین فندو عبدالله) والمدین (ولید سعید عبوش) ، وبعکسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة ( ١٥ ) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
جێ بەجێ کارێ دادی زاخو
سلیمان علي حسن
* * *
مدیریة تنفیذ زاخو
رقم الاظبارة /٤٢٣/تنفیذ/٢٠٢٥
التاریخ / ٢٠٢٥/٥/١٤
اعلان
الی / المدین : ولید سعید عبوش
العنوان السابق / زاخو - عباسیه
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة ( دلال ) المرقم ( ١٢١٤ ) بتاریخ (٢٠٢٥/٥/١١) واشعار مختار محلة (عباسیه) علیه وبموجب المادة ( ٢٧ ) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك قانونا و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة العدد (٤٢٣/تنفیذ/٢٠٢٥ ) , والخاصة بالدائن (هاظین فندو عبدالله) والمدین (ولید سعید عبوش) ، وبعکسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة ( ١٥ ) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
جێ بەجێ کارێ دادی زاخو
سلیمان علي حسن
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/٣٣/ت/٢٠٢٣
رێکەوت/١٨/١٢/٢٠٢٤
ئاگەهداری
رێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا ترومبێلا ژمارە (٣٢٥٠٩/دهوك/حمل) ژ جۆرێ (کیا ٢ طن قمارة وربع جوانب متحرکة K٤٠٠٠) رەنگ (سپی) مودێل (٢٠٢٢) یا قەرزار (کوفان اسماعیل احمد) بەرامبەر خاوەن قەرز (ولید عبدالمجید عبدالقادر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣) سی رۆژانـدا کو دەسپێدکەت ژ رۆژا باشتر ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگاداریێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٢٢،٥٠٠،٠٠٠) بیست و دوو ملیون و پینج سەد هزار دیناری عیراقی،بوزانین رەسمێ لێ سەندنێ وەدلالیێ لسەر بکری نە.
جێ بەجێ کاری داد
نیوار میکائیل حسن
* * *
مدیریة تنفیذ بردرش
العدد:٤٩٦/ت.د/٢٠٢٢و٦/ت.خ/٢٠٢٥
التاریخ:١٣/٥/٢٠٢٥
إعلان
قررت مدیریة تنفیذ بردرش بیع السیارة العائد للمدین (حسن علی رجب) المدرجة اوصافها و قیمة المقدرة لها ادناه،والتی تم حجزها لقاء دین الدائن (یاسین عبدالله میرزا) و البالغ مبلغ الدین (٩،٥٥٣،٢٥٠) تسعة ملایین و خمسمائة وثلاثة و خمسون الف ومائتان و خمسون دینار،و دین الدائن (نشوان زکي سلیمان) والبالغ (٢٤،٠٠٠،٠٠٠) اربعة وعشرون ملیون دینار،فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة خلال مدة ثلاثة ایام تبدأ من الیوم التالي للنشر مستصحبا معه التأمینات القانونیة البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القیمة المقدرة وأن رسم التسجیل والدلالیة علی المشتري وذلك بموجب احکام المادة (٧١) من قانون التنفیذ النافذ
المواصفات:-
١- نوع السیارة:جیلی امجراند ٨ صیني المرقم (١٠٦٦١٦/دهوك) مودیل (٢٠١٣) لون (ابیض).
٢- القیمة المقدرة (٩،٢٣٠،٠٠٠) تسعة ملیون ومائتان وثلاثون الف دینار.
المنفذ العدل
عبدالرحمن واحد مولود
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانییا تەناهی
مولك و زەڤی و زار
ژمارە:٦١٧
رێکەوت:١٣/٥/٢٠٢٥

ب/نەخشە
لدویف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهوکێ/نەخشێن بنیاتی و روپێڤان یا ژمارە (٥٢ ل ٢٠٢٥/٥/١٢) ئەوا ئیشارەت دایە نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانێ ل دهوکێ یا ژمارە (١٩ ل ٢٠٢٥/٥/٦) و نامازە ب نڤیسارا وەزارەتا شارەوانی و گەشت و گوزار یا ژمارە (٣٤٣ ل ٢٠٢٥/٥/٤) سەبارەت ب راستڤەکرنا نەخشێ ژمارە (٠٧-٠١D) یێ پەسەند کری ئەوێ هاتیە ئامادە کرن بو دەڤەرا حەوشکێ ل سنورێ باژێرڤانیا تەناهی ئەڤجا هەر لایەنەکی یان هاووەلاتیەکی رەخنە و گازندە و پێشنیار هەبن لسەر راستڤەکرنا نەخشێ ئامازەپێکری بلا داخوازیێن خو پێشکێشی باژێرڤانیا تەناهی بکەت بو ماوێ (٣٠روژان) هەر ژ روژا (١٣/٥/٢٠٢٥) هەتا (١٤/٦/٢٠٢٥).
ئەندازیار/ ولات محمد سفر
سەروکێ باژێرڤانیا تەناهی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك
ژمارە:١٠٦١/٢٠٢٥موحدە
رێکەفت:١٣/٥/٢٠٢٥
پێراگەهاندن
بۆ قەردار:(ندیر ببیي سعدون)
ژبەر نەزانینا جهێ ئاکنجیبونا تە و لدیف مادەیا (٢٧) ژ یاسا جێ بەجێکرنێ بریار هاتەدان بڕیێا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (١٥) پازدە رۆژاندا هەر ژ رۆژا بەاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبێ لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری رێکارێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.
بفرین توفیق سلیم / جێ بەجێ کاری داد
* * *
محکمة المواد الشخصیة في ئاکری
العدد:٨٩/ب/٢٠٢٥
التاریخ:١٣/٥/٢٠٢٥
م/أعلان
أصدرت هذه المحکمة بتاریخ ٢٠٢٥/٤/٢٨ في الدعوى البدائیة المرقمة (٨٩/ب/٢٠٢٥) والمقامة من قبل المدعي (احسان اسماعیل محمد) حکما غیابیا بحقك یقضي بالزامك بدفع مبلغ مالي للمدعي وقدره (٩٠،٦٠،٠٠٠) تسعون ملیون وستون الف دینار عراقي عن معاملة مالیة سابقة بینکم،ونظرا لمجهولیة محل إقامتك حسب کتاب مدیریة التبلیغات القضائیة المرقم (٢٢٦٦) المؤرخ (٩/٣/٢٠٢٥) المرفق به اشعار مختار محلة العلماء في اربیل تقرر تبلیغك بالحکم بالنشر في صحیفتین محلیتین یومیتین ولك حق الاعتراض علیه خلال مدة عشرة أیام اعتبارا من تاریخ أخر نشر و بعکسه سوف یسقط حقك في الاعترض ویصبح الحکم باتا لایجوز الطعن فیه.
القاضي
ایڤان طلال جمیل
* * *
دادگەها باریّ کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە /١١٠/ش/٢٠٢٥
رێکەفت /٢١/٤/٢٠٢٥
بۆ/داوالێکراو/جومرد سعود کلش/جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە
داواکار/ شیرین امیر کلش.
بریار هاتە دان ژلایێ ڤی دادگەهێ داوا ژمارا وێ (١١٠/ش/٢٠٢٥ ل ٢٠٢٥/٤/٢١) ب پەسەندکرنا داینگەهێ (تاییدحضانة) یا زاروکێ ناکام (امیر) زتە بو داواکار (شیرین امیر کلش) ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نە دیارە ئەڤ بریارە بەلافکر و تە مافێ نەرازیبونێ و پێداچوونێ ل سەر بریارێ هەیە بۆ ماوی (١٠) دەھ روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیک ئێت دەرهەقێ تەدا ل دویڤ یاسایی.
دادوەر
دلیر مجید رمضان
* * *
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە :٨٦٩/ش/٢٠٢٥
رێکەفتی :١٣/٥/٢٠٢٥
راگەهاندن
بۆ / داوالێکری: (أسومان أحمد)
ل دویڤ داخازیا داواکار (ادریس عمر احمد) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تصدیق الطالق الخارجي) ژ تە کریە ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا قائمقامیا قەزای دهوك/هەلبژێرێ تاخێ (مازی) لرێکەفتێ (١٣/٥/٢٠٢٥) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (١٨/٥/٢٠٢٥) یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکەی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتەکرن.
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
الی / جمیع مساهمین فرع شرکة ( دورو ) للنقل العام / المحدودة
م/ دعوة اجتماع
تشرف الهیئة العامة لفرع شرکة (دورو) بدعوة السادة المساهمین لحضور اجتماع لمناقشة موضوع تصفیة فرع الشرکة وذلك في تمام الساعة ٩ صباحا من یوم ٢٠٢٥/٦/١٦ في مقر فرع الشرکة .
المدیر الفرع
الب کمال اوزالب
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٨٣٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ١١/٥/٢٠٢٥
ئاگاداری
پشت بەستن بە بریارێك کە لەم دادگایە دەرچووە لە بەرواری ٢٠٢٣/١١/٢٤ سەبارەت بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر مولکی ئاماژە بۆ کراو لە خوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لەنێوان هاوبەشەکانی لەبەر ئەوە ئەم مولکە دانرا لە زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەیەکی رەسمی دا وە لەبەر ئەوەی هەر کەسێك ئارەزووی کڕینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەر کەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم ئاگاداریە بکات بە مەرجێك ١٠٪ی بارمتە بهێنێ لە نرخی خەمڵێندراو ئەگەر هاوبەش نەبوو بەڵام ئەگەر لە هاوبەشەکانی بوو لێی ئەبوورد‌رێت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە مولکەکە لەکاتی تەواوبوونی ماوەی یاسایید ا لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دواهەمین رۆژی زیادکردنەکە دەست پێدەکات و رەوانەی بنبریش بۆ ئارەزومەندی کۆتایی بە پەیانەکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە بە پشوی رەسمی کەوت ئەوا ئەو رۆژەی کە دێت بەرۆژی زیادکردن دادەنرێت رەسمی بانگەوازیش لەسەر کریارە.
دادوەری یەکەم
د. نەرمین ابوبکر محمد
* شوێنی زیادکردنەکە / دادگای بەرایی سلێمانی/١
* ژمارەی مولك و وەسف و جۆرو نرخە کە ی
مولکی ژمارە ٧١/١٥٣ کەرتی ٨ ابلاخ رەگەزی خانووە مولکی پوختە رووبەرەکەی ١٦٠م٢ رووی باشووری رۆژئاوایە واجیهەی ١٠م قولی ١٦م شەقامی بەردەمی ٦م کۆنکرێتە هەموو خزمەت گوزاریەکی هەیە پلەی دروستکردنی کۆنە دەکەوێتە گەڕەکی بەرانان نزیك ساردەمەنی (اطالیا) فەرعی دەرمانخانەی (رێعایە) گەڕەکی ١٠٧ کۆاڵنی ٥٩ خانووی ژمارە ٤٠ ئەم مولکە بریتییە لە خانوویەکی دوو نهۆمی واجیهەی نەتەرە هەر دوو نهۆمەکە هاوبەشی مولکەکە تیایدا نیشتەجێیە دوای فرۆشتنی چۆڵی ناکەن وەك کرێچی دەمێننەوە، نهۆمی یەکەم: دەرگای گەراجی ئاسنی هەیە حەوشەی کاشیە قادرمەی لێیە بۆ نهۆمی سەرەوە ناوەوە مدخل میوان یەك نوستن ڕاڕەو مطبخ موشتەمەلات زەوی کاشیە لەزگە کراوە دیواری گەچ و پلاستیکە سەقفی چیسم بۆرە دەرگای تەختەیە پەنجەرەی ئەلەمنیۆمە نهۆمی دووەم: هۆل مطبخ یەك نوستن موشتەمەلات زەوی کاشیە دیواری پلاستیکە سەقفی چیسم بۆرە دەرگای تەختەیە پەنجەرەی ئەلەمنیۆمە. نرخی خەمڵێندراوی مولکەکە ١٤٠،٠٠٠،٠٠٠ سەدو چل ملیۆن دینارە. تێ بینی/ دەبێت بارمتەکە بە چەکی مصدق یان کەفالەتی مصرفی بێت لە بانکی ئەزمەڕەوە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێبێت.

## ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (بەرباسکێ) یا (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانی) دایە ژ کومپانیا (بەرباسکێ) یا (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بۆ کومپانیا (نیساز) یا (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەمێ یاسایی دا سەرەدانا رێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ – جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان.

**مافپەروەر/ شیروان حیتو عبدالرحمن**
**رێڤەبەرێ کومپانیان / دهوك**

**ب. گ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان**
**ب. بەدواداچوون و پشکنین**
**ژمارە / ١١٥٩٥**
**رێکەوت /١٤/٥/٢٠٢٥**
**بریاری راستکردنەوەی چالاکی کۆمپانیا**

دوابەدوای بریاری پاکتاوکردن ژمارە ١١٤٣٤ لە ٢٠٢٥/٥/١٣ تایبەت بە پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕووبەر).
بڕیارماندا بە راستکردنەوەی چالاکی کۆمپانیا لە (بەڵێندەرایەتی بیناسازی و وەبەرهێنانی خانووبەرە / سنووردار) بۆ (کرین و فرۆشتنی خانووبەرە / سنووردار).

**بڵند محمد مولود**
**بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان**


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر
حکومة إقلیم کوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلدیات والسیاحة
رئاسة بلدیة أربیل
مجلس بلدیة أربیل
ژمارە: ١٠ / ٧٠٧ / ٢٧٢٥ی کوردی
رێکەوت: /
العدد: ١٠ /
التاریخ: ١٥/٥/٢٠٢٥
ئاگاداری
لە ژێر رۆشنایی و پاڵپشت بە نووسراوی ب.ئ.خ.ە.داتانی ئاوەدانی هەولێر بە ژمارە ٢١٤٢/٩٠٧ لە ٢٠٢٥/٥/١٢ ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و هاوواڵتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستن بە جاردانی بەکێوونی پارچە زەوی ژمارە(١٤٤٤/٥٢٣٨ک ٥دونم) بە ڕووبەری(٢م ٢٠٠) وە پارچە زەوی ژمارە(١٤٧٤/١٤١٤ک ٥دونم) بە ڕووبەری(٢م ١٥٥) وە پارچە زەوی ژمارە(١٤٧٤-١٤٧٤ک ٥دونم) بە ڕووبەری(٢م ١٩٦) وە بەکێوونی ڕووبەری(٢م ١٣٠٨٤٣) لە ڕێگای گشتی ژمارە(١٤٧٤/١٤١٣ک ٥دونم) کە ڕووبەری گشتی دەکاتە(٢م ١٧٨٠٣٢٤) لەگەڵ ڕێگای گشتی ژمارە(٧٠٢٢-ک ٥دونم) وە جیاکردنەوەی ڕووبەری(٢م ٣٠٠) و(٢م ٢٠٠) لە ڕێگای گشتی ژمارە(٧٠٢٢-ک ٥دونم) لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی شارەوانی لە دانیشتنی (١٦) لە ٢٠٢٥/٥/١٤ ... جا هەر کەسێك سکاڵا و تێبینی هەیە مەبەستە لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر /ئەنجومەنی شارەوانی لە ماوەی( ٣٠ ) ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گوزارشە کە بەسند دەکات ... بە پێ ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار
کارزان عبدالهادی طە
سەرۆکی شارەوانی هەولێر


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
حکومة إقلیم کوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلدیات والسیاحة
رئاسة بلدیة أربیل
اللجنة الاولی للبیع و الایجار
ژمارە : ١٠ / ١٢٩١٤ / ٢٧٢٥ی کوردی
رێکەوت: /
العدد : ١٠ /
التاریخ: ١٤/٥/٢٠٢٥
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (باڵە خانەی بازرگانی) بۆماوەی (٤ ساڵ) لەسەر پارچەزەوی ژمارە (٤١٨/٥٢٥٥م ٥ عەنگاوە) بەڕووبەری (٢م٧٠٠) بۆ ئەم مەبەستە و ماوەی دیاری کراو لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) هەر کەسێك ئارەزووی هەیە ئەوا سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بکات لیژنەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە و بەشی زەمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و دانانی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی لە (٢٠٪ )کەمتر نەبێت لەنرخی خەمڵێنراو ، زیادکردەکە لە ڕۆژی دوای ئەواو بوونی (٢٠) سی بەمین ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات ، پێویستە ئەوکەسەی لە مزایدە بڕیاری سیاردنی بۆ دەدرێت لە ماوەی (٣٠)ڕۆژ کڕینی سااڵنە بدات بەپێی ماددەی (١٩) لەیاسای ئاماژە پێکراو سەرەوە بەپێچەوانەوە بە پاشگەز (ناکۆل) هەژمار دەکرێت بەپێی مادەی (٢١) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) ڕێکاری یاسایی بەرانبەر دەگیرێتەبەر ،هەروەها پێویستە دوای دانی کڕینی سااڵنە باجی دەرامەت پێشگەش بکات و ڕێژەی (٦٢٪) نرخی خەمڵێنراوی مولکەکە وەك دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) بهێنێت کە ناکو کۆتایی ماوەی گرێبەستەکە دەمێنێتەوە و لە هەمان ماوەدا ئامادەبێت بۆ واژووکردنی گرێبەست بە پێچەوانەوە بە پاشگەز (ناکۆل) هەژمارەدەکرێت . وە ئێجووی (گۆزمە) بانك کردن و بڵاوکردنەی ئاگاداری و کرێی خزمەتگوزاری بە ڕێژەی (٢٪) لە کۆی کڕینی سااڵنە بەپێی ماددەی (٣٥) برگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هاووەلاتیەی کە زیاد کردنی بۆ دەردەچێ.
ئێبینی: ئەو هاووەلاتیەی بەشداری زیادکردنەکە دەکات دەبێ پشتگیری ئەنجومەنی باڵە خانەکانی بازرگانی هەولێر بێنێت کە پەسەند کرا بێت.
ئەندازیار
کارزان عبدالهادی طە
سەرۆکی شارەوانی هەولێر


حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر
حکومة إقلیم کوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلدیات والسیاحة
رئاسة بلدیة أربیل
مجلس بلدیة أربیل
ژمارە : ١٠ / ١٣٩٣١ / ٢٧٢٥ی کوردی
رێکەوت: /
العدد : ١٠ /
التاریخ: ١٤/٥/٢٠٢٥
ئاگاداری
لە ژێر رۆشنایی و پاڵپشت بە نووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر بە ژمارە/٧٥٣٢ لە ٢٠٢٤/٧/٢٨ وە نووسراوی ب.ئ.خ.ە.داتانی ئاوەدانی هەولێر بە ژمارە١٩٤٨/٩٠٧ لە ٢٠٢٥/٣/٢٥ وە ژمارە١٩٥٧/٩٠٧ لە ٢٠٢٥/٥/٤ ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شوێنە میری و هاووڵتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی هەمواركردنەوەی شوێنی ئەخشەی ئامادەکراوی ژمارە(٢٨٤٠-K) پێشیار کراو بۆ بارچە زەوی ژمارە(٥١/٢٢١ک ٨ئاوەدێ) لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی شارەوانی لە دانیشتنی (١٥)ی لە ٢٠٢٥/٥/٧ ... جا هەر کەسێك سکاڵا و تێبینی هەیە سەبارەت لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر /ئەنجومەنی شارەوانی لە ماوەی( ٣٠ ) ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گوزارشە کە بەسند دەکات ... بە پێ ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار
کارزان عبدالهادی طە
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

www.xebat.net
پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 ژمارە(6975)

# جەنگی ساردی چین و ئەمەریکا و زۆرانبازیی بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان



فەرمان محەمەد

قۆناغی یەکجەمسەریی، کە سەنتەری لەسەر ئەمەریکا بوو دوای جەنگی ساردا، کۆتایی هات. ئەوەی لە دوای ئەوەوە دێت ڕوون نییە، بەڵام بۆ ئێستا لانیکەم لە کێبڕکێیەکی دووجەمسەریی دەچێت لە نێوان ئەمەریکا و چین، کە هەریەکەیان هاوپەیمانی خۆیان هەیە و جیاوازییە کولتووریییە تووندەکانیان هەر هەوڵێك بۆ تێپەڕاندنی ڕکابەرییەکە ئاڵۆزتر دەکات.ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە هەردوولا "واشنتۆن و پەکین" چوونەتە قۆناغێکی چەقبەستووی دانوستان، سزای بەرانبەر، کەمبوونەوەی بەشداریکردنی دیبلۆماسیی و نەبوونی متمانە، گۆڕانکارییەکی مەترسیدار لە پەیوەندییەکانی چین و ئەمەریکادا بەڕێوەدەچێت و مەترسیی هەڵە حیسابکردن بەشێوەیەکی مەترسیدار بەرەو هەڵکشان دەچێت.

## مەلمانێ لە پێناوی چی؟

ڕکابەریی ئەمەریکا و چین بەردەوامە لە قووڵبوونەوە و تادێت کێبڕکێیەکی تاڵتر لە پرسەکانی بازرگانیی، زانست و تەکنەلۆژیا، ناکۆکیی لەسەر ستراتیژیی سەربازیی، ئابووریی، ئەلیکترۆنیی و زۆر شتی تر پەرە دەستێنێت.ئەگەر دوو ڕێگە بۆ هەژموون هەبن، ڕێگەیەکی ناوچەیی و ڕێگەیەکی جیهانیی؛ ئەوە ئێستا چین بەدوای هەردووکیاندا دەگەڕێت، مەلمانێ بۆ زاڵبوون کە سەردەمانێك لە ئاسیادا قەتیس بوو، کێبڕکێی ئەمەریکا و چین لە دوای جەنگی ساردەوە لەسەر نەزمی ناوچەیی و ئێستا لەسەر نەزمی جیهانیی و داهاتوویەتی، کە مەترسییە بۆ بەها لیبراڵییەکانی ڕۆژاوا، بای تاکڕەوانە بەهێزتر لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەهەژێت. پەرەسەندنی نوێ، ناکۆکیی بەردەوامیی نێوان هەردوو زلهێزی جیهانییە، ئەم پەرەسەندنە لە کەشوهەوای جیۆپۆلەتیکییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چین هەوڵدەدات پێگەی خۆی لە باڵادەستیی جیهانیی وەربگرێتەوە، کە لە ماوەی "سەدەی ژێردەستەیی"دا لەدەستی چووە. نموونەیەکی تەواو لەم جوڵەیە، هەڵمەتی ئەمەریکایە بۆ ڕەتکردنەوەی تواناکانی تەکنەلۆژیای بەرزی چین، کە پەیوەندییەکانی بەرزی چین و بەهێزی بکات. ئێستا BRICS+ درێژدەبێتەوە بۆ کۆمەڵێك وڵاتی هاوبەش، کە نوێنەرایەتی نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جیهان دەکەن.بریکس پلە یش تەحەدایەکی ترسناك دەخاتە بەردەم ڕۆژاواوە. ئەندامەکانی سوودمەندن لە تەکنەلۆژیا، سەرچاوەی وزە، کۆمەڵێك کاڵای بەرفراوان، کۆنترۆڵکردنی خاڵە گەورەکانی خنکاندنی دەریایی و بازرگانیی، فراوانکردنی توانا سەربازیی و دیمۆگرافیای لەبار. ئەم هاوپەیمانییە پێگەیشتووە، وەك میکانیزمێك کار دەکات بۆ ئەوەی چین بگاتە بازاڕە گرنگەکان، کە لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانییەکەی، هاوتەریب نین.

## هەنگاوەکانی چین بەرەو کوێ؟

ئەوان کۆمەڵگەیەکی هەژاریان، بە پەڕجوویەکی ئابووریی گۆڕیووە، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێڕەوی خۆی ببێتە دووەم گەورەترین ئابووریی لە جیهاندا. چین شانازی بە "کولتوورێکەوە دەکات کە تەمەنی 4000 ساڵە و 1.3 ملیار کەسی تێدا دەژی، لەگەڵ حەوزێکی گەورە و زۆر بەتوانا. هەموو چینییەك چینێکی بەهێز و دەوڵەمەندی دەوێت، نەتەوەیەکی ئاوەدان، پێشکەوتوو و لێهاتوو لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە چین دەیەوێت چین بێت و بەو شێوەیە قەبووڵ بکرێت، نەك وەك ئەندامێکی فەخریی ڕۆژاوا. زۆرجار ڕێکوپێکی لە دەرەوەی وڵاتدا، ڕەنگدانەوەی ڕێکوپێکییە لە ناوخۆدا. ئێستا چین تەحەددایەك دروست دەکات، کە جیاوازە لە هەر ئاستەنگێك کە ئەمەریکا ڕووبەڕووی بووەتەوە. زیاتر لە سەدەیەك دەبێت، کە هیچ نەیاریکی ئەمەریکا یان هاوپەیمانی نەیاران، نەگەیشتووەتە 60%ی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمەریکا. نە ئەڵمانیای ویلهێلمین لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، نە هیتڵەری یەکگرتووی ژاپۆنی ئیمپراتۆریی و ئەڵمانیای نازیی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانییدا، نە یەکێتی سۆڤیەت لە لووتکەی دەستەڵاتی ئابووریدا، هەرگیز ئەم ئاستەنگەیان نەبەزاند. کەواتە ڕوونە کە چین گرنگترین ڕکابەرەکەیە، کە ئەمەریکا ڕووبەڕووی بووەتەوە و شێوازی مامەڵەکردنی واشنتۆن بۆ سەرهەڵدانی خۆی بۆ پێگەی زلهێز، ڕەوتی سەتەی داهاتوو لە قاڵب دەدات .

## ئەمەریکا و بنەماکان

ئەمەریکا ئێستا لە هەموو ئەو بنەمایانەی، کە لەسەری دامەزرابوو، دوور کەوتووەتەوە، هەندێك بە بەشێك لە میحوەرێکی نوێی خراپەکاریی ناوی دەبەن، لانی کەم سەرکردایەتییەکانی ئێستایان، لە بنەڕەتدا وەك خراپەکار و مەترسیدار سەیر دەکرێن.بەڵام چین، دۆخێکی ئاڵۆزتر، لە دەیەکانی ڕابووردوودا، سەتان میلیۆن کەسی لە هەژاریی دەرهێناوە، زۆر کاری بۆ گەشەی ئابووری بەگشتیی لە سەرانسەری جیهاندا کردووە و ڕێگەی دیاریکراوی لە مەترسیی سەربازیی نیشان داوە، کە لە ساڵی 1979ـەوە نەچووەتە شەڕەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا، ئیدارەی ترەمپ بە وەرگرتنی بنەمای "ئەمەریکا بەر لە هەموو شتێك" لە زۆر لە ڕژێمە فرەلایەنەکاندا، لە بوارگەلی بازرگانیی، تەندراستی، ئاساییش، سیاسەت و حوکمڕانی جیهانییدا کشاوەتەوە، لە کاتێکدا چین بە تووندی پشتیوانی جیهانگیریی ئابووریی و بازرگانیی ئازاد دەکات، هاوکات پابەندە بە گەشەپێدانی ئاشتییانە و بانگەشە بۆ هاوکاریی و کراوەیی، گشتگیری و قازانجی هاوبەش دەکات. ئەو زیانانەی، کە دۆنالد ترەمپ بە ناوبانگی ئەمەریکای گەیاندووە، دەرفەت بۆ چین ڕەخساندووە و دەڕەخسێنێت، بەتایبەتی لەمەڕ تایوان. ترەمپ زیان بە ناوبانگی ئەمەریکا دەگەیەنێت، زیاتر لە هەموو سەرۆکەکانی پێش خۆی بەیەکەوە، پێموایە تا کۆتایی خولی دووەمی، وێنەی جیهانی ئەمەریکا بە سادەیی زیاتر لەکەدار دەبێت و پێگەی نێودەوڵەتیی تەنیا زیاتر دادەبەزێت.مەترسی بەریەککەوتنی دوو زلهێزە گەورەکە؛ شەڕ بە هەر جۆرێك بێت، کارەساتێك دەبێت لە ئەگەری شەڕێکی گەورەی ئەمەریکا و چین ئاسۆیەکی ترسناك هەیە. ئەم دوو وڵاتە، دوو زلهێزی سەرەکی ئابووریی و سەربازیی جیهانن، هەردووکیان بە چەکی ئەتۆمیی چەکدارن، هەریەکەیان 15% بۆ 20% بەشداری بەرهەمی ناوخۆی گشتیی جیهان دەکەن. هەریەکەیان پشت بە ئەوی دیکە دەبەستن بۆ خۆشگوزەرانییان، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی قوڵی و فراوانیی پەیوەندییە ئابووریییەکانیان.

## خواستەکانی چین

ستراتیژی گەورەی چین لە ئاستی ناوچەیی بۆ ئاستێکی جیهانیی فراوانتر بووە، ئەم ستراتیژییانە، پێکەوە لە ئاستی ناوچەیی و پاشان جیهانییدا ئامرازێکن بۆ سەرکەوتن، کە هەوڵدەدەن چین بگەڕێننەوە شوێنی خۆی و لادانێکی مێژوویی کاریگەرییە جیهانییە سەرسەختەکەی ڕۆژاوا، بگەڕێننەوە دواوە. دوای ئەوەی قەیرانی دارایی جیهانیی وایکرد پەکین دەستەڵاتی ئەمەریکا بە کەمبوونەوە ببینێت و بوێریی ئەوەی پێبەخشی، کە ڕێبازێکی متمانەپێکراوتر بگرێتەبەر. ئێستا و بە بانگەوازکردن بۆ "گۆڕانکارییە گەورەکان، کە لە سەتەیەکدا نەبیندراون" دوای بڕێگرێت، هەڵبژاردنی ترامپ و پەتای کۆرۆنا، چین ستراتیژیی سێییەمی ئاودیوکردن دەستپێدەکات. ستراتیژییەك، کە هەوڵەکانی بێدەنگکردن و بنیاتنانی خۆی لە سەرانسەری جیهاندا فراوانتر دەکات بۆ ئاوتکردنی ئەمەریکا وەك پێشەنگی جیهانیی.

## لەسەر ئاستی جیهاندا

نەزمی چینیی، بریتیی دەبێت لە دەستبەسەرداگرتنی دەرفەت و گۆڕانکارییە گەورەکان، کە لە سەدەیەکدا نەبیندراون و ئاودیوکردنی ئەمەریکا وەك دەوڵەتی پێشەنگی جیهان. ئەمەش پێویستی بە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەو مەترسییە سەرەکییە دەبێت، کە لە گۆڕانکارییە گەورەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.بەشێك لە ستراتیژییەکانی گەیشتن بەم نەزمە جیهانییە، لە ئێستاوە لە وتارەکانی شیدا دیارە. لە ڕووی سیاسییەوە، پەکین سەرکردایەتیی بەسەر حوکمڕانی جیهانی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا پڕۆژە دەکات، هاوپەیمانییەکانی ڕۆژاوا دابەش دەکات و نۆرمەکانی خۆسەپێن لەسەر حیسابی لیبراڵەکان بەرەوپێش دەبات. لەڕووی ئابوورییەوە، ئەو سوودە داراییانە لاواز دەکات، کە هەژمونی ئەمەریکا دەسەپێنن و دەستبەسەر بەرزاییە فەرماندەییەکانی "شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم"دا دەگرن، لە ژیریی دەستکردەوە بۆ کۆمپیوتەری کوانتەم. ئەو ڕاستییەی کە لایەنەکانی ئەم دیدە لە وتارەکانی ئاستی بااڵدا دیارن، بەڵگەیەکی بەهێزە کە ئاواتەکانی چین تەنیا لە تایواندا سنووردار نییە یان بە زاڵبوون بەسەر هیندستاندا.

## چینێکی جیاواز

چینی ئێستا لە سۆڤیەتی نۆوەدەکان جیاوازە؛ ئێستا ئەمەریکا ڕووبەڕووی نەیارێکی جیاواز دەبێتەوە لە چاو یەکێتیی سۆڤیەت. لە کاتێکدا یەکێتیی سۆڤیەت ئیمپراتۆرییەتێکی سەربازیی بوو، کە بەهۆی ئایدۆلۆژیا و هێزەوە، بەیەکەوە گرێدرابوو، چینی ئەمڕۆ، هێزی ئابووریی، لێهاتوویی تەکنەلۆژیی، یەکگرتوویی کولتووریی و میۆوویی هەیە، ئەمەش وایکردووە زۆر کەمتر ئامادەبێت بۆ گوشاری دەرەکی. ستراتیژییەکانی گۆشەگیریی و گوشار، کە پەلەیان لە کۆتاییهاتنی یەکێتیی سۆڤیەت کرد، پێناچێت ئەنجامێکی هاوشێوە لە دژی چین بەدەست بهێنێت.چینی ئەمڕۆ، چینی شی، هێزێکی پێشەنگە و لەگەڵ چینی سالی 1995 یان 2005دا تەواو جیاوازە، ئێستا ئاواتەکانی چینی شی، زۆر ورد و فراوانخوازیی پێوە دیارە، کە ڕێزگرتنی نەزمی جیهانیی، هاوکاریی نێودەوڵەتیی و یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بە پێچەوانەی هاوتا ڕۆژاواییەکەی، کە بە ڕوونی پشت دەکاتە بەهاکانی، کە بۆ چەند دەیە وڵاتەکەی کردبووە بااڵدەستی جیهان، تاکتیکەکانی زۆر شەڕانگێز، نادادپەروەرانەن و چەمکەکانی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان زۆر بەشێوەیەکی درندانە پلەبەندییەن، کە ناتواندرێت لە فۆرمی ئێستایدا جێگیر بکرێن، ئەم تەماحانە بەشێوەیەکی باو لە ڕێژە دەردەچن. ئەم چینەی داهاتوو دەتوانێت ئامانجە بەهێزەکانی بپارێزێت و خۆی وەك سەرکردەیەکی سروشتی، سیاسەتی جیهانیی سەیر بکات، کە هەوڵ بدات بۆ بنیاتنانی جیهانێکی ئارام، هاوسەنگ و دابینکردنی ئایدیاڵێکی نوێ بۆ گەشەپێدان و ئاساییشی هاوبەشی هەموو وڵاتانی جیهان.هەرچەندە گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە تووند دەرکەوێت، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە، نائاسایی نابێت.

AL HAYDAR Group
مجموعة الحيدر

UNHCR
The UN Refugee Agency

اعلان

تعلن مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين (UNHCR) في أربيل، وبالتعاون مع شركة الحيدر، عن تنظيم مزاد علني لبيع سيارات مستعملة من الأنواع التالية ( **تويوتا برادو، تويوتا هايس، نيسان سينترا، تويوتا لاندكروزر، بيك اب**).

- البيع سيكون لأعلى مزايد.
- يتطلب الاشتراك في المزاد دفع رسم تسجيل قابل للاسترداد في حال عدم الفوز بأي من المواد المعروضة.
- يجب على الفائز إتمام عملية الدفع خلال 4 أيام من تاريخ المزاد.
- يتحمل الفائز مسؤولية نقل المواد من مخازن المنظمة.
- تخضع المواد المعروضة لسعر احتفاظ، ويحتفظ المنظمون بحق إلغاء البيع إذا لم يتم الوصول إلى هذا السعر.
- **زيارة موقع العرض :**الأحد 2025/05/18 من الساعة 10:00 صباحًا حتى 4:00 عصرًا.
- **تاريخ المزاد :**السبت 2025/05/24، يبدأ الساعة 10:00 صباحًا.
- **الموقع :**مخازن شركة الحيدر للسيارات - شارع 100 متر، مقابل مديرية الشرطة العامة، أربيل - العراق.
- **للمزيد من المعلومات يرجى الاتصال على الأرقام التالية:**
(0750 248 3333 – 0750 491 1112 – 0770 491 1112)
- يحق المشاركة في المزاد لجميع الأفراد المسجلين الذين دفعوا رسم التسجيل.
- يُمنع موظفو مفوضية UNHCR وأفراد أسرهم من المزايدة على أي من المواد المعروضة.

==========

ئاگاداری

ڕێکخراوی (UNHCR) بۆ کاروباری پەنابەران لە شاری هەولێر وە بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای الحيدر هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بە کارهاتوو لە زیادکردنی ئاشکرادا، لە جۆرەکانی **(تۆیۆتا پرادۆ- تۆیۆتا هایس - نیسان سێنترا- تۆیۆتا لاندگرۆز ، بیك ئاپ)**.

- کاڵاکە دەفرۆشرێتە ئەو کەسەی کە زۆرترین نرخی پێدەدات.
- هەر کەسێك کە بەشداری بکات لە زیادکرنەکە پێویستە ڕسوماتی خۆ تۆمارکردن بدات ، بە جۆرێك ڕسوماتەکەی بۆدەگەڕێندرێتەوە ئەگەر کاڵاکەی بۆ دەرنەچوو.
- ئەو بەشداربووەی کاڵاکەی بۆدەردەچێت دەبێ لە ماوەی چوار ڕۆژدا پارەکە بدات.
- گواستنەوەی کاڵاکان لە کۆگای ڕێکخراوەوە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار.
- هەر کاڵایەك نرخێکی دیاری کراوی هەیە، هەرکاتێك نرخی پێدراو نەگەیشتە نرخی دیاری کراو ،ئەوا لێژنەکە بۆی هەیە کاڵاکە نەفرۆشێت.
- **سەردانیکردنی شوێنەکە:** ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2025/05/18 لە کاتژمێر 10ی بەیانی تاوەکو 4ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
- **ڕێکەوتی مەزادەکە:** ڕۆژی شەممە کە دەکاتە 2025/05/24 کاتژمێر 10ی بەیانی ئەنجام دەدرێت.
- **ناونیشان :** هەولێر - کۆگاکانی کۆمپانیای الحيدر بۆبازرگانی ئۆتۆمبێل -شەقامی 100مەتری بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم.
- **بۆ زیاتر زانیاری دەتوانن پەیوەندی بەو ژمارانەوە بکەن (0750 248 3333 - 0750 491 1112 – 0770 491 1112)**
- هەموو کەسێك بۆی هەیە بەشدار بێت لە زیادکردنەکە (بەمەرجێك خۆی تۆمارکردبێت و ڕسوماتی دابێت).
- کارمەندانی ڕێکخراوی UNHCR و کەس و کاریان ، بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێنادرێت بەشداربن لە کڕینی هیچ کاڵایەك.

وەزارەتی کارەبا
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر
یاسا

ژمارە: ٢٧٩٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٥/٥/١٣

کەمکردنەوەی کراوە ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ بۆ جاری یەکەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتیان کەمکردنەوەی کراوە ڕادەگەیەنێت بۆ پڕۆژەی (کڕینی کەلوپەلی یەدەگ بۆ بەشەکانی چاککردنەوەی وێستگەکانی ١٣٢ کەی قی و ٣٢ کەی قی و هۆبەی کێبڵات و هێلەکانی کارەبا)، جا هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە سەر لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بدات، بەمەبەستی کڕینی وێنەیەك لەتەندەر و تێبینی و مەرجەکانی بۆ پڕۆژەی ئامادەپێکراوی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنەوەی ئەو تەندەرانە دەبێت لە ناو زەرفێکی داخراودا بێت و مۆرکرا بێت و ناونیشانی بەڵێندەر و کۆمپانیای لەسەر نووسرابێت و بکرێتە ناو سەندوقی داخراوی تەندەرات لەلای سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیان، دوا کات بۆ کردنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ دەبێت ڕۆژی سێ شەم، ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/٢٧ وە مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بەکەمترین نرخ ڕازی بێت، کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

**مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:**

١- کۆمپانیای تایبەت بێت بە کارەبا بێت، وە لەپلەی (٥) پێنج کەمتر نەبێت و نوێکراوەبێت.
٢- ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی هەبێت بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بەپێی ڕێنماییەکان ئەگەر نەبێت یان هاوپێچ نەکرابێت دوور دەخرێتەوە.
٣- ماوەی ئەنجامدانی پڕۆژەکە ١٥٠ سەت و پەنجا ڕۆژی تەقویمیە.
٤- گشت کارەکان بەپێی ڕێنماییی جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتییەکان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ دەبێت.
٥- سزای دواکەوتن بۆ هەر ڕۆژێك بڕی ١,٤٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار دەبێت.
٦- دەستەبەری بانکی سەرەتای بە پێی ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی خاڵی ٤ی سەرەوە بەڵێننامەی نووسراو دەبێت (التعهد الخطي) دەبێت، وە لەگەڵ تەندەر پێشکەش دەکرێت، بەپەسندکراوی بەپێچەوانەوە تەندەرەکە دوور دەخرێتەوە.
٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراوی سەرەوە وەرناگیرێت.
٨- نوێنەری کۆمپانیا دەبێ ناسنامەی کۆمپانیای لابێت و بەناوی خۆی بێت، وە ئەگەر بەناوی خۆی نەبوو دەبێت ڕێپێدانی لەلایەن کۆمپانیا بۆکرابێت و بۆ ئامادەبوون لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
٩- دوو ڕۆژ پێش کردنەوەی تەندەر کە لە سەرەوە دیاریکراوە فرۆشتنی تەندەر ڕادەگیریت.
١٠- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بە تەواوی بڕگەو خاڵەکان کە لەتێبینی و مەرجەکانی تەندەر نووسراوە و هاوپێچی تەندەرەکەیە.
١١- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠،٠٠٠) دووسەد هەزار دینارە ناگەڕێندرتەوە.
١٢- بەڵێندەر دەتوانێت بۆ هەر تێبینی زانیاریەکی زیاتر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان/بەشی یاسا بکات.

ئەندازیار
بەختیار قاسم سەعدی
بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر

# پیشەسازی گۆزەو گڵێنە لە ژیانی مرۆڤی کۆندا



کەمال نوری مەعروف

دروستکردنی گۆزە و گڵێنە لە ژیانی مرۆڤی سەردەمە دێرینەکاندا، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پێشخستنی ئابوری لە چاخی بەردینی نوێدا، بەهۆی ئەوەی سەردەمی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە بووە و ئەوەی لێیان ماوەتەوە تیایدا لەو گۆزانەدا خەزنیان کردووە بۆ کاتی قاتو قڕی، یان کەم بەرهەمی لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا.

ئاگردانیش ڕۆڵێکی بنەڕەتی دیبێ لە هێنانەپێشەوەی پیشەسازی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سوودی گەیشتنی بەفکری بەکارهێنانی قوڕ، واتە ئەو کاتەی ئاگرەکە لێوەی نزیکبووە لە دروستکردنی هەندێك لەو ئامێرانە و پاچەکۆڵانە، مرۆڤ بەچەند شێوەیەک بۆ سودی کارەکەی بەکاری هێناوە. بەو پێیە دەرکەوتنی سواڵەتی لەبەرد دروستکراویش لەسەرخۆ بەرەو نەمان چووە و لە شوێنی سواڵەتی قوڕ شوێنی گرتووە. بەپێی سەرچاوەکان ئەوەش دیارە سەرەتا بەدەستکراوە چونکە دروستکردنەکەی ئاسان بووە، و لە تواناشدا بووە چەند جۆرێکی لێ بەرهەم بهێنن، چونکە قوڕ لە پیشەسازی سواڵەتدا بۆ کەلو پەلی ناومااڵ و بازرگانیش نرخدار بووە، خودی سواڵەتیش گرنگی گەورەی بووە لە لێکۆڵینەوەی شوێنەواریدا چونکە توانای بەرهەڵستی کاریگەریەکانی سروشتی کردوە و بڵاویش بۆتەوە لە چەند بواریکدا، بۆیە لای مرۆڤ بووەتە سەرچاوەی سەرەکی و پەنای بۆ بردووە و پەیوەستی کردووە بە سەرچاوەی ئابوریەکەی و کۆمەڵایەتیەکەی، بەوەش ئاسەوار ناسان سوودیان لێدیوە بۆ دیاریکردنی چاخەکانی شارستانیەت و جیاکردنەوەی لە چاخەکانی بەرلەمێژوو. بە مانا بەر لەوەی نووسین دەرکەوێت بۆیە هەر بەوەش پیشەسازی سواڵەت لە ڕۆژهەاڵتی نزیک لەچەند ناوچەیەک لە چاخە زووەکاندا دەرکەوتووە، لەوانە باشوری کوردستان و هەندێك ناوچەی تر لە ڕۆژهەاڵتی ئێران و باکوری کوردستان. باوەڕیش وایە هۆکاری بنەڕەتی لەپشتی ئەمەوە مرۆڤ خۆی بووە، بۆ ئەو هەنگاو نانەی بەرەو شارستانیەت ناوێتی لە ڕووی ئابوریەوە بە پلەی یەکەم هەروەها پێویستی شۆڕشی کشتوکاڵیش ئەوەی هێناوەتە روو لە قۆناغی بەرهەمهێنانیدا، تاوەکو لەزیادبوونی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دا، تیایدا لەو گۆزانە دا کۆی بکاتەوە، بۆ گواستنەوەی و گۆڕینەوەی گەنمەکەی بەکەلوپەلی تر. جگە لە بەکارهێنانی گۆزەکەش بۆ شاردنەوەی مردووەکەی، بەاڵم زیاتر منداڵ. سواڵەتیش (کاسەو کەوچك) لەهەڵگرتنیشیا سووکترە، جگە لەوەش قوڕکەرەسەیەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونیدا زۆرە، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت دەستی بکەوێت. ئەوەش دیارە دروستکردنەکەی سەرەتایی بووە لە قوڕێکی پاك نەکراوە بۆیە، پیشەسازیەکەی بەهۆی ئەوەی باش لەئاگردا سوور نەکراوەتەوە، لەوەش زیاتر نەخشونیگاریشی لەخۆ نەگرتووە. بۆیە دەتوانین بڵێین: قەاڵچەرموو یەکێکە لە گونجە کشتوکاڵیەکان و مرۆڤ تیایدا گەیشتووە بە ناسینی پیشەسازی سواڵەت. ئەوەبوو لەئەنجامی کاری کنە و پشکنین تیایدا لە (٥) چینی سەرەوەی گەلێك گۆزە و گڵێنەی جۆراوجۆر لە قاپ و قاچاخ و کووپەی گەورە دۆزرانەوە، هەندێك لەوانە قولفەشیان هەبوو، بۆ گواستنەوەیان کە پێدەچێت لە بواری بەرهەمی کشتوکاڵیدا، بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە یان لەماڵدا بۆ ئاوگرتن بەکاریان هێنابێت. بۆیە لەو چینانەی سواڵەت دەرکەوتووە، هەر بەو ناوە ناسراون. باوەڕیش وایە شوێنەواری (سەکچەکۆزی) لە کوردستانی باکوور هاوسەردەمی قەاڵچەرموو بێت، کە تێیدا گۆزە و گڵێنە لە زووەوە دەرکەوتووە. بە دوایدا ئەو پیشەسازی یە زیاتر بەرەوپێش چووە و بااڵوبۆتەوە، بەو هۆیەوە ناوچەی تریشی گرتۆتەوە، ئەوەش بووەتە هۆکار بۆ دەرکەوتنی نمونەی تەرزی سواڵەتی جیاجیا و هەمەجۆر لەگەڵ بوونی نەخشونیگار، کە بەڵگەن بۆ ئابوریەکە و بابەتی کۆمەاڵیەتی و فکرییەکە لەسەر گڵێنەکان نموونەی لەبەرچاویش لەوانە، بابەتەکانی گردی حەسوونە و شوێنەواری شمشارەی ناوچەی رانیەن. دەرکەوتنی ئەو پاشماوانەش لە سواڵەت بەهۆی بازرگانی کردن بووە پێوەیان. باوەڕیش وایە پێشکەوتنی قۆناغی سواڵەت لەو شوێنانەدا بەکارهێنانی چەرخ بووە لە دروستکردنیانا ئەوەش بۆ سەردەمی وەرکا (٣٥٠٠ – ٣١٠٠ پ.ز) دەگەڕێتەوە بەاڵم لە کوردستان هەر بەردەست کراوە، چونکە چەرخ لە دروستکردنیا دەرنەکەوتووە.





لە کۆتاییا ماوە بڵێم : پیشەسازی گڵێنەسازی گرنگییەکی گەورەی بووەبۆ ئەو شوێنەوارناسانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، بۆ دەرخستنی سەردەمەکانی بەرلەمێژوو، لە کاتێکدا نووسین هێشتا دەرنەکەوتووە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەریان بەاڵم لە ڕووە زانستیەکەوە بوارەکانی تری گرتۆتەوە وەکو زانستی حەیوان و هونەر و کۆمەاڵیەتی بۆیە دەتوانین بڵێین : ئەو لێکۆڵینەوانە تێگەیشتن دەخاتە بەر چاو تایبەت بە چاخەکانی بەرلەمێژوو.

**سوود لەم سەرچاوانە بینراوە: (حضارة العصر الحجري الحديث في كوردستان العراق – نعمان جمعه ابراهيم)**

# پەرستگای فیلا.. نهێنی فیرعەونەکان کە لە نێوان کەنارەکانی (نیل)دا هەڵکەندراوە

**شوێنەوارناسێک: پەرستگاکە چەندین ئەفسانەی سەرنجراکێشی تێدایە کە پەیوەندییان بە خوداوەندە بەناوبانگەکەی ئیسیس و لافاوی نیلەوە هەیە**





پەرستگای (فیلای بەرز) دەکەوێتە کەناری ڕووباری نیل لە باشووری میسر، سەردانکەران بە تایبەتی ئەو گەشتیارانەی کە ساڵانە بە لێشاو ڕوودەدەن بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی میژووی میسری کۆن کە لە دیوارەکانی پەرستگاکەدا هەڵکەندراوە.

بیناسازی پەرستگای فیلای لە سەردەمی پاشا بەتلیمۆسی دووەم (٢٨٥-٢٤٦ پێش زایین) دەستی پێکرد، و لەاڵیەن ژمارەیەک پاشای بەتلیمۆسەوە تەواو بوو. تایبەت بوو بە پەرستنی خوداوەندی ئیسیس کە یەکێکە لە خوداوەندە بەناوبانگەکانی میژووی میسری کۆن.


دەیان گەشتیار لەو کاتەی بەهاردا بەرەو بەلەمی پێشوەختە ڕێکخراو دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بگەنە ئەو پەرستگایە کە بە ئەفسانەکانی پەیوەست بە خوداوەندی ئیسیس ناسراوە.

چەند خولەکێک لەناو بەلەمەکەدا بەسە بۆ ئەوەی سەرسوڕهێنەری سەردانێکەرێک هەڵبگیرسێنێت. لە دەرەوە پەرستگای فیلای وەک پێکهاتەیەکی بەرز دەردەکەوێت کە لە دڵی ڕووباری نیلەوە بەرز دەبێتەوە و چەندین نهێنی لەناو دیوارەکانیدا شاردوەتەوە.

مەجدی شاکر، یەکێکە لە شوێنەوارناسە دیارەکانی میسر، ڕایگەیاند، "پەرستگای فیلا بە یەکێک لە شایستەترین پەرستگاکانی میژووی میسری کۆن دادەنرێت. دەکەوێتە دڵی ڕووباری نیل و دەتوانرێت بە بەلەم سەردانی بکرێت. هیچ گومانێک نییە لەو وزە ئەرێنییەی سەردانکەران هەستی پێدەکەن لەکاتی بەزاندنی ئاوەکانی نیل و شوێنەوارە بەرز و سەرسوڕهێنەرەکانیدا".

دەشڵێت ناوی "فیلا" لە زمانی یۆنانی کۆن بە واتای "خۆشەویست" یان "خۆشەویست" دێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خوداوەندە بەناوبانگەکەی ئیسیس، کە پەرستگاکە بۆی تەرخانکراوە.

# مناڕەی چۆڵی



مناڕەی چۆڵی لە هەولێر ساڵی 1920 لە ئەرشیفی (مس بیل)

مناڕەی چۆڵی یان مناڕەی مزەفەریە یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێر دەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای قەاڵی هەولێر. لە کاتی فەرمانڕەوایی سوڵتان موزەفەرەدین کۆکبری لە دەورانی دەوڵەتی بەکتکینی دروستکراوە و مەزندە دەکرێ ئەم مناڕەیە پاشکۆی مزگەوتێکی گەورە بێت کە لەو سەردەمەدا دروستکراوە. بەرزییەکەی ٢٢ مەترە لە سەر ڕووی زەویی. لە سەردەمی سوڵتان موزەفەر بەهۆی گەشەسەندنی شار و ئارامی و دڵنیایی هاوڵاتیان، بۆ یەکەم جار خەڵک لە دەرەوەی قەاڵت جێگر دەبن و سوڵتان بەم مەبەستەش دوو قوتابخانە و مزگەوتێک و بازاڕی قەیسەری لە خواروی قەاڵت دروستکردووە، بەاڵم دوای کۆچی دوایی سوڵتان و هێرشەکانی مەغول و جەاڵئیری و ئیلخانی و تورکمانی و سەفەوی بۆ سەر هەولێر ئەم بەشەی شار لە دەرەوەی قەاڵت تووشی ڕووخان و کاوڵبون هاتووە. شوێنی مناڕە تا سەرەتای سەدەی ڕابردوو چۆڵەوانی بووە و کەسی لێ نەژیاوە بۆیە ناونراوە «مناری چۆڵی» و هەر لەبەر ئەم هۆیەش دەستکاری و فەرامۆشی کردووە تاوەکوو لە ساڵی ١٩٣٥ حکومەتی عێراق بە فەرمی بە شوێنەواری داناوە و دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەواری عێراقی شورای بۆ دروستکرد و کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجامدا

شێوەی مناڕە

بناغەی دیواری مزگەوتەکە نزیکەی ١٤٥ سانتیمەتر پانییەتی. مناڕەی چۆڵی لە گەچ، کەرپوچ و قسڵ دروست کراوە. لە لایەن وەستا «مەسعود مراد» شێوەی نەخش نیگاری ڕەنگاو ڕەنگی بۆ دروستکراوە.

## مناڕەی چۆڵی لە دوو بەشی پێک دێت:

**پنکەی مناڕە:** بریتیە لە بەشی خوارەوەی مناڕە کە بە شێوازی ئەندازیاری دیار ناکەوێت چونکە شێوەی ٧ پاڵووە لەوانەشە لەسەرەتای خۆی ٨ پاڵوو بووبێت بەاڵم بە هۆکاری دروستکردنی لەپال دیواری مزگەوت بەم شێوازە دروستکراوە چونکە دوای ٧ مەتر دیوارەکە دووبارە دەبێتەوە شێوەیەکی هەشت پاڵوی ڕێک. ئەم بەشە کە درێژیەکەی بریتی یە لە ١٥ مەتر دوو دەرگای هەیە یەکیان ڕۆژاوا و ئەوەی تر ڕووە و ڕۆژهەاڵت کە هەر یەکیان پلیکانەیەکی هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوەی مناڕەکە بەشێوازی پێچاو پێچ کە یەکتری نابڕن و ئەوەی لە دەرگایەک سەرکەوتبێت تا کۆتایی مناڕەکە ئەوی تر نابینێت. سەرجەم نەخشەکانی ئەم بەشە لە خشتەو تاق و پەنجەرەی داخراو پێک دێت و دوو شریتی هەیە بە شێوازی پیتەکانی X و W.

**لوولەی مناڕە:** بریتییە لە بەشی سەرەوەی مناڕەکە و بە تیرەی ٢١ پێ و بەرزایی ٢٢,١٠ م ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر بەشی دووەم و لە شێوەی لوولەیی دایە و لە وانەیە لە کاتی دروستکردن بەرزتر بێت، بەاڵم بەهۆی کەش و هەوا و چاکنەکردنەوەی بەشی سەرەوەی ڕووخا بێت.

www.xebat.net
پێنج شەممە 15ی ئایار 2025 ژمارە(6975)
خەبات



# ئەمشەو بەرشلۆنە دەیەوێت بە فەرمی ناسناوی لالیگا بەدەست بهێنێت

ئەمشەو یانەی بەرشلۆنە هەوڵدەدات بە فەرمی ناسناوی لالیگا بەدەست بهێنێت، کاتێک کاتژمێر 10:30 میواندارى یانەی ئیسپانیۆل دەکات، لە میانی یارییەکانی گەڕی 36ی خولی ئیسپانیا بۆ وەرزی 2024-2025.

بەرشلۆنە تەنها پێویستی بە بردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە فەرمی بۆ جاری 28ەم لە مێژووی خولی ئیسپانیا ببێتە پاڵەوانی لالیگا.

بەرشلۆنە لە بردنەوەی ناسناوی خولی ئیسپانی نزیک بووەوە، دوای ئەوەی یەکشەممەی ڕابردوو بە ئەنجامی 4-3 لە ڕیال مەدریدی ڕکابەرەکەی بردەوە، کە چوارەم سەرکەوتنی لەم وەرزەدا لە ئیل کلاسیکۆدا بەدەستهێنا.


لەبەرامبەردا ئیسپانیۆل دوای سێ دۆڕانی لەسەریەک لە لالیگا، بە دوای سەرکەوتنی یەکەمدا دەچێتە نێو یارییەکەوە، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ باشترکردنی پێگەی خۆی لە ڕیزبەندی خولەکەدا.

ئیسپانیۆل بە کۆکردنەوەی 39 خاڵ لە پلەی 14دایە، هێشتا مەترسیی دابەزینی لەسەرە، چونکە تەنها 5 خاڵ لە پێش لیگانێسەوەیە کە لە پلەی 18دایە.

# سابالێنکا خۆشحاڵە

ئارینا سابالێنکای خانمە تێنسزانی بیلاڕووسی قۆناغی چارەکی کۆتایی پاڵەوانێتی ڕۆما ماستەرز (1000 خاڵ)ی بە دڵخۆشییەوە تەواو کرد، دوای سەرکەوتنە سەرنجڕاکێشەکەی بەسەر مارتا کۆستیوکی ئۆکرانی، کە زیاتر لە 2 کاتژمێری خایاند.

لەمبارەیەوە سابالینکا خۆشحاڵی خۆی بەم بردنەوە دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئەمە یەکێکە لە وێستگە سەرکەوتووەکانی، چونکە یارییەکەی بە گڕوتینەوە ئەنجامدا و سوور بوو لەسەر ئەوەی بەسەر رکابەرەکەی زاڵ بێت.



# ئەمڕۆ باڵەی هەولێر لە خولی یانەکانی عێراق ڕووبەڕووی مەسافی شیمال دەبێتەوە

خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ پێنجەشەممە کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ، لە هۆڵی شەعب لە شاری بەغدا، تیپی باڵەی یانەی هەولێر ڕووبەڕووی تیپی باڵەی یانەی مەسافی شیمال دەبێتەوە.

هەولێر ئەمڕۆ لەبەردەم ئەرکێکی زەحمەتدایە، چونکە دوای تێپەڕبوونی سێ گەڕ بەسەر یارییەکاندا، یانەی مەسافی شیمال لە هەر 3 یاری، بردنەوەی تۆمار کردووە و لە ئێستادا لە ئاستێکی بەرزی خولەکەدایە، بۆیە هەولێر پێویستە لەم یارییەدا، بەهەر نرخێک بێت سەرکەوتن تۆمار بکات و دووبارە بێتە نێو رکابەرییەکان.

شایەنی باسە ئەم وەرزە تیپی باڵەی هەولێر لە کۆی سێ یاریی خولەکەدا، هیچ بردنەوەیەکی تۆمار نەکردووە، بەتایبەتی لە قۆناغی دووەم و سێیەمی یارییەکاندا، کاریگەرییەکی دەروونی بەرچاوی هەبوو، لە ئەنجامی ئەو ستەم و ناداڵەڕوەرییەی ناوبژیوانان لە یاریی قۆناغی یەکەمدا بەرامبەر یانەی شۆرتە و یانەی غازی شیمال لەقۆناغی دووەم تووشی هات، بڕیارە نادروستەکانی ناوبژیوان ئەنجامی یارییەکەیانی پێچەوانە کردەوە، ئەمەش وایکرد ئیدارەی یانەی هەولێر وەک ناڕەزایەتییەک لە یاری بەرامبەر یانەی شورتە بکشێتەوە و بەدۆڕاو هەژمار بکرێت.

یانەی هەولێر ئەم وەرزە بە تیپێکی لاو بەشداریی لەخولەکەدا کردووە، ڕکابەرێکی بەهێز بووە بۆ تیپە گەورەکان، بەڵام بڕیاری ناداڵەڕوەرانەی ناوبژیوانان، بووە هۆی لە دەستدانی خاڵە گرنگەکان، بەم هۆیەوە کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانەکان دروست کرد، تەنانەت سۆز و سەرقاڵبوونیان لەگەڵ یارییەکەدا بێبەش کرد.





# ناهێڵن 15 هەزار ئەرژەنتینی ئامادەی یارییەکانی مۆندیالی یانەکان بن

پاتریشیا بولریچ وەزیری ئاسایشی ئەرژەنتین لیستی زیاتر لە 15 هەزار هاندەری لە بوینس ئایرێس ڕادەستی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا کرد کە لە میانی مۆندیالی یانەکانی 2025 کە لە 14ی حوزەیران تا 13ی تەممووز لە ئەمەریکا بەڕێوەدەچێت، لە چوونە نێو یاریگاکان قەدەغە دەکرێن. بولریچ ڕوونیکردەوە کە ئەم هاندەرانە لە تاوان یان سەرپێچیکردن لەناو یاریگاکانی ئەرجەنتیندا بەشداربوون، جەختی لەسەر گرنگی گرتنەبەری ڕێوشوێنی چالاکانە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی یارییەکە کردەوە، ئەو لیستە لە ڕێگەی تریبونا سێگورا کۆکراوەتەوە کە سیستەمێکە چاودێری ئەو کەسانە دەکات کە چوونە ناو یاریگاکان قەدەغەکراون. جێگای سەرنجە کە یانەی بۆکا جونیۆرز و ڕیڤەر پلێت لەگەڵ 30 یانەی دیکەی نێودەوڵەتی بەشداری پاڵەوانێتییەکە دەکەن.

# ڕۆدریگۆ لە ڕیاڵ یاخی بوو

ڕادیۆی مارکای ئیسپانی بڵاویکردەوە، ڕۆدریگۆ جۆسی بەرازیلی، هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی گرتووەتەبەر، دوای ئەوەی لەم وەرزەدا هەستی بە پەراوێزخستنی کردووە لە ڕیال مەدرید، ئەو یاریزانە ڕەتیکردەوە جارێکی دیکە یاری بۆ یانەکەی بکاتەوە، بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی ڕۆدریگۆ لە دواین کلاسیکۆدا، بێزاریی یەکەی زیاتر کرد، بەتایبەتی کە تیشکی خستە سەر جود بێلینگهام و کیلیان مبابێ.

هێرشبەرە بەرازیلییەکە لە حاڵەتێکی تورەیی لە ڕادەبەدەردایە و لە ئێستادا لە ماڵەکەی خۆیدا نایەتەدەرەوە، ڕەنگە بەم زووانە چارەنووسی لەلایەن ڕاهێنەری داهاتووەوە یەکلایی بکرێتەوە، هەریەکە لە مان سیتی و ئارسناڵ هەردووکیان ئارەزووی گواستنەوەی دەکەن لەم هاوینەدا.



خاوەنی ئیمتیاز
**عەلی عەبدوڵڵا**

سکرتێری نووسین
**دڵشاد مستەفا وەسانی**
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
**سەلام عەبدوڵڵا**
salamomer42@gmail.com

بەڕێوەبەری هونەری
**شکار عفان نەقشبەندی**
shkaraffan@gmail.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
4.4.1959 XEBAT
Thu.15 May. 2025 No.:(6975)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
سەرنووسەر: 07504459940 - 07702969696
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616


# جریوە

لە X ـەوە

**سوپاسی دۆنالد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا دەکەین @POTUS بۆ هەڵگرتنی سزاکانی سەر سوریا کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەو وڵاتە هەبووە.**
**هیوادارین ئەم هەنگاوە بۆ پاڵپشتیی سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت و، داهاتوویەکی باشتر بۆ هەموو سووریییەکان مسۆگەر بکات.**
**سوریا هەمیشە شایەنی باشترە.**
**@MazloumAbdi**





**گۆڤاری (دنیای شیعر) لەم نزیکانەدا بڵاودەکرێتەوە**

مالّی ڕۆشنگەریی د. کەمال سەعدی، بریاری دا گۆڤارێکی وەرزی بە ناوی (دنیای شیعر) دەربکات، دنیای شیعر: گۆڤارێکی وەرزی تایبەتە بە دنیای جوانیی شیعر، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و شیعر و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی کتێب و دیدار و شیعری وەرگێڕدراو دەدات.
خاوەنی ئیمتیاز: پرۆفیسۆر د. کەمال سەعدی.
سەرنووسەر: خالید کۆچەر.
بەڕێوەبەری نووسین: حەمە ئەحمەد جاف
بە سوپاسەوە چاوەڕێی بەرهەمی قەڵەمە جوانەکانی ئێوەین، لە ڕێگەی:
تیلگرام و واتساپی ئەو دوو ژمارە تەلەفۆنە :
07504934363 خالید کۆچەر
07504469628 حەمە ئەحمەد جاف




## ئەلبوومێکم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە 25 تراک لەخۆ دەگرێت

# هەڤاڵ زاخۆیی: زۆرجاران لایف میوزیک هونەرمەندە تووشی سەرئێشە دەکات

**ئەحمەد تاریق**

هونەرمەند هەڤاڵ زاخۆیی، خاوەن هەوادار و گوێگرێکی زۆرە.
لە لێدانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، سەبارەت هونەری ئێستا و لایف میوزیک گوتی: هەفتانە چوار تا پێنج لایف میوزیکم هەیە، ئێستا زۆر لە هونەرمەندان لەم لایف میوزیکانە بەشدارەبن، ڕاستە هونەرمەند بە لایف میوزیک دەتوانێت پارەیەکی باش پەیدا بکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆرجاران هونەرمەند تووشی سەرئێشە و کێشەی خێزانی دەبێتەوەو وادەکات شیرازەی خێزانی تێکبچێت و کێشەی خێزانی بۆ بێتە کایەوە.
گوتیشی: شەوانە زۆرجار بەهۆی لایف میوزیکەوە کاتژمێر چواری بەیانی دەگەڕامەوە، ئەوەش گونجاو نییە، بۆیە پێمواناییە بۆ کەسێکی خێزاندار ئاسایی بێت. من کە هونەرمەندم، هونەر و خێزانەکەم خۆش دەوێت و ئەوان دوو شتی تایبەتن لام، بەڵام دەبێت هەقی هەردوولا بەتەواوی بدەم، بۆیەش بەیەکجاری لە لایف میوزیک دوور کەوتمەوە.
زاخۆیی لەبارەی کار و بەرهەمی تازەیەوە گوتی: ئەلبوومێکم ئامادەیە کە پێکهاتووە لە 25 تراك، نۆ تراکی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام ئەوانی دیکە پێشتر گوتراون. هەروەها گوتیشی: بەرهەمەکان ئامادەن, ئەوەی ماوەتەوە بەرهەمێکە ناوی (ئاوازی دڵە) گۆرانییەکانیش بە زاراوەی سۆرانی و بادینی گوتراون. هەڤاڵ زاخۆیی ئەوەشی ئاشکراکرد کە جگە لەم ئەلبوومە، گۆرانییەکی تایبەتیشی بۆ هاندەرانی زاخۆ چڕیوە، گۆرانییەکە ئامادەیە و تەنیا ماوە کاری کلیپی بۆ بکات.

# فیلمی دەرهێنەرێکی کورد بۆ فیستیڤاڵی کان هەڵبژێردرا






(سەعید ئەفەندی) فیلمێکی عێراقییە و دەرهێنەرەکەی کامەران حوسنی، دەرهێنەری کوردە، لە 1956 بەرهەمهێناوە و بڕیارە لە بەشی کلاسیکی 78ەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی کان لە فەرەنسا پیشانبدرێت.
بەپێی ڕاگەیێندراوێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە 10ی ئایاری 2025 بڵاوکرایەوە، لیژنەی حەسەن ئیبن حەیسەم بۆ یادەوەریی بینراوی عێراقی لە نووسینگەی محەممەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، فیلمەکە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بە فەرمی نوێنەرایەتیی عێراق لە بەشی کلاسیکی خولی ئەمسالّی فیستیڤاڵەکەدا بکات.
هەر لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە، لە ڕێگەی پڕۆژەی سینەماتیکی عێراق کار بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری سینەمای عێراقی دەکرێت و ناساندنییەتی بە جیهان. فیلمەکە لەلایەن پەیانگەی نیشتمانیی هونەرە بیستراو و بینراوەکانی فەرەنسی نۆژەنکراوەتەوە، ئەمەش یەکێک لەو 104 فیلمە بڵندە عێراقییانەیە و مێژووی بەرهەمهێنانیان لە چەکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو دەیەی یەکەمی سەدەی 21ەم و کار بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنیان دەکرێت.




**ئەحمەد تاریق**

دێرین محەمەد، خانمە ئەکتەرێکی شاری سلێمانییە، لە چەندین فیلم و دراما و کاری شانۆیی بەشداریکردووە، لەبارەی نوێترین کاری هونەریی خۆی بۆ خەبات گوتی: لەئێستادا خەریکی درامایەکین کە بە مۆبایل وێنەی گیراوە لە 30 ئەڵقە پێکهاتووە. ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، دراماکە بە ناوی (جۆراو جۆرە) و باس لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات .
گوتیشی: ڕۆڵی من لەم درامایەدا تەنیا ڕۆڵێکی دیاریکراو نییە، چونکە لە 30 ئەڵقە پێکهاتووە هەر ئەڵقەی باس لە بابەتێك دەکات، بۆیە ڕۆڵەکانی منیش جۆراو جۆرە. ئەوەیشی گوت، ئەو کێشەی لەگەڵ ڕۆڵگێڕان نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانرێ ڕۆڵەکە بە باشترین شێوە بەرجەستە بکرێت.
جێی ئاماژەیە، ئەو درامایە لە نووسینی ئاکۆ ڕەشە و لە دەرهێنانی کاروان ئاواتە.

# هەولێر.. ئەمڕۆ چوارەمین فیستیڤاڵی گوڵ بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ لە هەولێری پایتەخت فیستیڤاڵی گوڵ لەبەردەم پارکی شانەدەر بەڕێوەدەچێت و تێیدا کۆمپانیا و نەمامگەکان بەشداریی دەکەن. ڕێبین ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر دەڵێت: ئەوە چوارەمین فیستیڤاڵە لە هەولێر سازدەکرێت، کە تێیدا 40 کۆمپانیا و نەمامگە بە گوڵی جۆراوجۆر و دار و بەرهەمەکانیان بەشدار دەبن. سەبارەت بەو گوڵانەی کە نمایش دەکرێت، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان گوتی: زۆربەی گوڵەکان لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێن و گرنگیان پێ دەدرێت لەلایەن نەمامگەکانی کوردستانەوە و هەندێکیش لە گوڵەکان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن و لە فیستیڤالەکەدا نمایش دەکرێن.
دەشڵێت: لە ڕووی نرخەوە ئەوا کۆمپانیاکان سەرپشکن ئایا داشکان لە بەرهەمەکانیان دەکەن یاخود نا.
ڕێبین ئەحمەد، ڕاشیگەیاند سالّانە ئەو فیستیڤاڵە لە هەولێر بەڕێوە دەچێت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.



ل ناڤچەیا هەکاریێ باکووری کوردستان، پشتی کو هەوا گەرم بوو زەڤی ب کولیلکێن زەر ڤا خەملین و دیمەنێن خوەش دەرکەتن هۆلێ.



دەمی تۆ و غونچەیە ئەسبابی دڵتەنگی من و بولبول
کە یاری فەیزبەخشە هەر وەکوو گوڵ ئاڵ و والّابێ
وەرە جانا بە تاریکی خەریکی خاتیمەی عەشقم
بەڕووتی ڕوومەتت بنوێنە با شەمعی موتالّا بێ
بە سەهلی دەم لە ئەسراری دەمی نامەرد مەدە (حەمدی)
نەپشکووتوو کە نەبووە غونچە پڕلوئلوئی لالا بێ
حەمدی